زنجــيرەی کتــێبی دەزگــای چــاپ و پەخــشی سەردەم
کتێبی گیرفانی ژمارە (٥٢)
سەرپەرشتیاری گشتیی زنجیرە
ئازاد بەرزنجی
بوونگەرایی فەلسەفەی مرۆڤایەتییە
نووسینی: جان پۆڵ سارتەر
وەرگێڕانی : رۆشنا ئەحمەد رەسوڵ
بابەت: فەلسەفی
بەڕێوەبەری هونەری: شیروان تۆفیق
مۆنتاژی کۆمپیوتەری: سەیران عەبدولرەحمان
هەڵەچن: نیشتمان محمەد فازل
ژمارەی سپاردن : ١١١ ی ٢٠٠٤
مافی لە چاپدانەوەی ئەم کتێبە بۆ دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم پارێزراوە

* بوونگەرایی/ بە مانـای –الوجودیـە- دێت و دەتوانرێت بوونخـــوازیی یـــان هەبوونایـــەتی یـــان بوونایـــەتی-یـش بــەکاربهێنرێت، ئێمــە وەک وەرگێــڕی کــوردی و بژارکــەری پێداچوونەوە –بوونگەرایی- مان پێـشنیارکرد ئیـدی ئێـوەش سەرپشک بن لە سەقامگیرکردن و جێگیرکردنی چەمکەکە لەم دەقە وەرگێڕدراوەدا..

(ڕۆشنا، حەمە)

سەرەتا:

ســـارتەر زۆربـــەی چـــەمک و مانـــا گـــەورەکانی، واتـــا سەرەکییەکانی بوونگەرایی لە (هایدگەر)ەوە وەرگرت، بـەڵام بە شێوەیەکی هێند نایاب و نوێ بیرۆکەکانی داڕشـتەوە، کـە بووە جێگەی سەرنج و پێشوازی لێکـردنی زۆربـەی خەڵـکی، چونکە نووسینەکانی هایدگەر بـە هـۆی ئاڵـۆزیی زمانەکـەیو قۆڵیی بیرۆکەکانیەوە، تێگەیشتنیان بەلای خەڵکییەوە، تەنانەت بەلایەن پسپۆڕانەوە گران و سـەخت بـوو. دوای ئـەو باشـتر شــیکردنەوانەش، ســارتەر چەنــدین ڕاوبۆچــوونی بێوێنــەی خــۆی خــستەڕوو، کــە بــە هۆیــەوە ڕەســەنێتی خــۆی وەک فەیلەسوف و وەک نووسەر تۆمـار کـرد. هــەرچی لێـزانی و ئازایەتی سارتەرە، کەوتۆتە نێـو پڕکردنـەوە و تـەواوکردنی بیری بوونگەرایی، چ وەک ڕێبازێـک یـان وەک فەلـسەفەیەک،

که هەردەم لە ژیاندایـە و بـە زینـدوویتی لـە نـاخی ویـژدانی فەلسەفیدا دەمێنێتەوە، چونکە بوونگەرایی بەر لـە هەرشـتێک فەلـسەفەی مرۆڤـە. لەبەرئـەوە مـرۆڤ کـرۆک و گەوهــەری مەســەلە و تۆژینــەوەی بوونگەراییــە، بگــرە تاکــە بابــەتی تۆژینــەوەی بوونگــەرایی، مرۆڤــە. بــەڵام کــام مــرۆڤ و چ بوونێــک؟ لــە وەڵامــی ئــەمجۆرە پرســیارانەوە، ســارتەر پرەنسیپە سەرەکییەکانی خۆی لە بوونگەراییدا دادەنێت؛

بوون پێش بنەڕت/ چییەتی کەوتووە، مرۆڤ لـە یەکـەمین بوونی خۆیدا و هەر لە سەرەتای لەدایکبوونیەوە هیچ شـتێک نییە و ناکرێت بیدۆزینەوە، لەبەرئـەوەش؛ سروشـتی مرۆیـی بـوونی نییــە، دواتــر لــە جیهانـدا هەڵدەقوڵـێت، فڕێدەدرێتـە جیهانەوە، بـە خەسـڵەتێک کـە دیـاری نـەکراوە دێتـە بـوون، ئەگەرچی بوونێک کە ڕاستییەکی ڕێکەوتییە، پاشان؛ دەرک بە خـۆی دەکـات و وێنـای خـۆی دەکـات، چونکـە مـرۆڤ بـە پێچەوانەی شت و بابەتە مادییەکان، دەتوانێـت وێنـای خـۆی بکات و وێنای داهاتووەکەشی بکـات، یـان مـرۆڤ دەتوانێـت چارەنووسی خۆی دەستنیشان بکات.

بەو پێیــەش کـە دەرک بـە خـۆی دەکـات و هەسـت بـەوە دەکات و دەچێتە داهاتووەوە، دەجووڵێت، کاردەکات، مرۆڤ لە ڕێگەی کار و کردەوەکانیـەوە بـەهای خـۆی پێکـدەهێنێت، کەواتە پێش هەموو شتێک؛ مرۆڤ پڕۆژەیە و هیچ شتێک بەر

لەم پڕۆژەیە بوونی نییە، بەڵکو مرۆڤ خۆی وێنای ئەو پڕۆژەیەش دەکات و دواتر ئافەریدەی دەکات، هەر بە گوێرەی ئەو وێناکردنەش؛ چۆنیەتی پڕۆژەکە و چۆنیەتی داهاتووەکە بەدەردەکەوێت و، پڕۆژە و داهاتووەکەی خۆی دەهێنێتەدی. هەرچەندە؛ مرۆڤ ئەو پڕۆژە بەردەوامەیە کە هەرگیز ناتوانێت خودی خۆی بە تەواوی بهێنێتەدی. کەواتە مرۆڤ لەگەڵ خولقاندنی بوونی خۆیدا هەروەها بوونی خۆشی هەڵدەبژێرێت، لەگەڵ ئەو هەڵبژاردنەشدا کەسانی دیکەش هەڵدەبژێرێت. کەوابێت، بەهای کەسانی دیکەش، چییەتی کەسانی دیکەش دروستدەکات، ئەوانەش هەرچۆنێک بن و هەر شێوەیەکیان هەبێت، ئەوا؛ مرۆڤ خۆی بەرپرسیارە بەرامبەری، بەو مانایەی هەموو مرۆڤێک بە پێویست بەرپرسیارێتی تەواوی بوونی خۆی هەڵدەگرێت. هەر بۆیە بوونگەرایی بەرپرسیارێتی هەموو بوونی مرۆڤ دەخاتە سەرشانی مرۆڤ خۆی.

کاتێک مرۆڤ لەتەک خۆیدا کەسانی دیکەش هەڵدەبژێرێت، ئەوا لەتەک بەرپرسیارێتی بوونی خۆیدا، بەرامبەر خەڵکانی دیکەش لێپرسراوە، واتە بەرپرسیارێتییەکەی بەرەو هەموو مرۆڤایەتی درێژ دەبێتەوە. کاتێک بۆ خۆی بڕیارێک دەدات، ئەوا بڕیارەکەی هەموو مرۆڤێک دەگرێتەوە، یانی مرۆڤ دەتوانێت لە ناوەوەی خۆیدا، کۆمەڵگە –ئەوانی دیکەش

بگۆڕێت، ئەگەر ئاوهابێت؛ باشتر وایە مرۆڤ هوشیارانە وێنابکات و بڕیار بدات، تاوەکو بەهۆی بڕیاری هوشیارانەوە، بەسەر تەگەرە و گرفتەکاندا زاڵ بێت. هەرچەندە ئەمە وادەکات ئەرکی سەرشانی مرۆڤ گرانتر بێت، بەرپرسیارێتییەکەی لەوە گەورەتر بێت کە پێشتر وێنای کردوە، بڕیارەکەی، بەرپرسیارێتییەکەی تەنیا بۆ خۆی – وەک تاک- نییە، بەڵکو هەموو مرۆڤایەتی دەگرێتەوە. ئەم لێپرسراوێتییە مەزنەشە کە پەشێویی و نیگەرانی لە دەروونی مرۆڤدا دەخوڵقێنێت، هەرچەندێک هەوڵ بدات لەو نیگەرانییە ڕابکات، یان حەشاری بدات، بەڵام شاردنەوە و ڕاکردنەکەشی ناتوانن ئەو ڕاستییە گەورە و زەقە لەنێوبەرن کە؛ پابەندبوونی مرۆڤ، پابەندبوونێکی گشتی/ هەمەکییە، هەروەها ئەو تاکە یاسایەی لە سەروو مرۆڤەوەیە و، بەهای مرۆڤ چێنادەکات؛ یاسای ناوەوەی مرۆڤ خۆیەتی.

تاقە شتێک کە مرۆڤ لە شت و بابەتە مادییەکان جوێ دەکاتەوە، ئازادییە، ئەو ئازادییەی مرۆڤ هەیەتی، مرۆڤ بە ئازادی فڕێدراوەتە جیهانەوە، بە ئازادی خوڵقا و هاتەبوون/ ئافەریدەکرا، ئازادانە وێنادەکات و خۆی هەڵدەبژێرێت، کەوابێت؛ پێویستە مرۆڤ ئازادبێت، چونکە مرۆڤ خۆی ئازادییە و، هیچ شتێکیش ناتوانێت ئازادی سنووردار بکات،

بەم پێیە ئازادی واتای ئەوەیە خود دوور لە کۆت و سنوورە دەرەکی و یاسا بابەتییەکان، خۆی دەسەلمێنێت.

هەموومان بە ئازادییەوە خۆمان ئافەریدە دەکەین, بۆیە هەموو لەگەڵ ئازادیداین. وەلی؛ مرۆڤ چەند ئازادبێت، هێندەش بەرامبەر کار و کردەوەکانی خۆیو بەرامبەر سەرجەم مرۆڤایەتی بەرپرسیارە. لەبەر ئەم هۆکارە، شتێکی سەیر نییە بوونگەرایی (کار) پیرۆز دەکات و، دەیکاتە پرەنسیپی سەرەکی خۆی. لای بوونگەرایان؛ هیچ ڕاستییەکی واقیعی نییە تەنیا لە کاردا نەبێت و، مرۆڤ هیچ شتێک نییە، لە کۆی کارەکانی خۆی زیاتر. کەواتە ئەم جیهانە هەرچۆنێک بێت و ژیان و گوزەرانی مرۆڤ هەر شێوەیەکی هەبێت، ئەوا دەستکردی مرۆڤ خۆیەتی، لەبەرئەوەی؛ مرۆڤ خۆی بڕیار دەدات ئەو خۆی چییە و خەڵکانی دیش چین و چی و چۆن دەبن.

ئەم کتێبە بچووکەی سارتەر، زیاتر لە وەڵامدانەوەی ڕەخنەکان و بەرگریکردن لە بوونگەرایی نزیکترە، وەک لەوەی شیکردنەوەیەکی دیاریکراو بێت، یان خستنەڕووی بیرۆکە قووڵەکانی بێت، لەگەڵ ئەوەشدا و لەتەک وەڵامدانەوەی ئەو ڕەخنانەدا، کە ئاراستەی بوونگەرایی کراون، سارتەر بە پێی پێویست، کورتەی هەندێک لە پرەنسیپە سەرەکییەکانی خۆیشی خستۆتە ڕوو. لە هەموو

نووسینێکیدا، سارتەر وەک فەیلەسووفێکی دڵسۆز و نووسەرێکی پابەند، ڕاستگۆیانە بانگەشەی بۆ گۆڕینی جیهان و دامەزراندنی ئازادی و دادپەروەری کردووە، دڵسۆزانەش هەوڵیداو بەرپرسیارێتی و ئازادی و بوونی مرۆڤ بخاتە بەردەم مرۆڤ و ڕاشکاوانە بڵێت: بوونگەرایی فەلسەفەی مرۆڤایەتییە.

رۆشنا ئەحمەد

٢٠٠٣

پێشەکی وەرگێڕی عەرەبی..

بوونگەرایی، مــەیل و ئارەزوویــەکی فەلــسەفی نــویَ نییــە، هــــەروک چـــۆن خەڵـــکانێکی زۆر وای بـــۆ دەچـــن، بەڵـــکو؛ شـــێوەیەکە کـــە لـــەنێو جەرگـــەی ویـــژدانی فەلـــسەفییەوە سەرچاوەی گرتووە.. هەر لەو کاتەوەی کە مـرۆڤ هەسـتی بە ئازادی خۆی کردووە و دەرکی بـەوە کـردووە؛ کـە ئـەو بوونەوەرێکی وەها بێوێنەیە لەم گۆی زەمینەدا.

پێــدەچێت فەلــسەفە، بــە کــۆی هـــەموو ڕێبازەکانیـــەوە، فەلسەفەی ئەو وێناکردن و بیرۆکانە بێت کە ئەقڵ و ئاوەز لـە تێگەیـشتنی جیهـان و باڵکێـشان بەسـەریدا، ڕۆڵـی یەکـەمین ببینێت، گەرچی ڕێڕەوێک بەو ئاقارەدا بێت، وا دەکات تـاکێتی مــرۆڤ **singularit’e** – – یــان (**single**) لــەو بۆتەیــەدا بتوێنرێتەوە کە هەست و دەرکپێکردنمان لەسەر ئەو بیرۆکـە بە بەستەڵـەک بووانـە دابمـەزرێنێت کـە واقیعـی مرۆڤـایەتی ڕاست و دروستمان لێدەشێوێنێت.

لەبەرئەوە، ئەو هەوڵە بەردەوامانە دەبینین کە دەگەڕێنەوە لای مـرۆڤ و بوونـە بەرچاوییەکـەی مـرۆڤ دەپـشکنن، کـە هەموو ناکۆکی و کێشمەکێشێک لەخۆدەگرێت، بە ئامانجەکان و نۆرم و بەهاکانیـەوە. بوونگـەراییش بـە هـەموو شـێواز و ئاراستەکانیەوە؛ برێتییـە لـە فەلـسەفەی مـرۆڤ و بـەدەوری کەسێتی ئەودا چەقدەگرێت و دەیکاتـە ئامانجێـک بـۆ هـەموو

بایەخ و گرنگی پێدانێکی، نەک تەنیا بەوپێیەی کە مرۆڤ بوونەوەرێکی تاکە و تۆوی ئازادی تێدایە، بەڵکو هەروەها بەوپێیەی مرۆڤ ڕۆچۆتە نێو کۆمەڵگای مرۆڤایەتی بەرفراوانەوە، کە ئەویش بواری ژیانە ئازادەکەیەتی و مەودا دیاریکراوەکەیەتی.

مەیلی بوونگەرایی، هەر لەو کاتەوە وەدەرکەوت کە کیرکێگارد –**Kierkegeaard**- شۆڕشی بەسەر هیگڵ – **Hegel**-دا بەرپاکرد و دژ بە وشکێتی ئەقڵی بڵندگەرایی دەربارەی ژیان وەستایەوە، کە لە کۆتاییدا دەیگەیەنێتە نکوڵیکردن لە واقیعی زیندووی مرۆڤ. کیرکێگارد بەردی بناغەی بوونگەرایی ئایینییە و چەندین فەیلەسوفی دیکەی لێوە سەرهەڵدەدەن، وەک: کارل یاسپرز **Karl Jaspers**–- و گابرێل مارسیل **Gabriel Marcel**–- و چەندین کەسی دیکەش لەوانەی ئایینی مەسیحییان بە ڕێچکەی فەلسەفیدا بەرێکرد، نوێیە؛ بە دۆز و کێشە و بابەتەکانیەوە و، کۆنیشە؛ لەوەدا کە ڕەگوڕیشەی لە قووڵایی ڕۆحدا داکوتیوە، تەکانێکی ڕۆحییە و مانای مرۆڤی گۆڕی و ئازادیشی کردە هەوێنی بوونەکەی.

نیتچە – **Nietzsche**، بە سیما جەربەزەکەیەوە وەکو پێشەنگێک بۆ مەیل و ئارەزووی بوونگەرایی نائایینی ڕادەوەستێت، شۆڕش بەسەر هەموو بەها مرۆییەکاندا بەرپا

دەکات و نالەی هاوارەکەی ڕەوانە دەکات: (خودا بزر بـوو!)، ئەم هاوارە زۆربەی ئەقـڵە والاکـانی مەسـت کـرد و ڕووە و ڕێگــە ڕووناکــەکان پاڵــی پێوەنــان، پێــی وابــوو کــە ڕێگــا ڕاستەکانی ژیانە. زۆر کەسیش ئەوەیان لـە یـادچووبوو کـە ڕوونــاکی چەنــدین چاوگــەی هەیــە، هەربۆیەشــە ویــژدانی ئەوروپی لە ڕەگەکانیەوە هەڵکێشرا و بە سەرخۆی و ژیانیـدا ســەرچڵ و یــاخی وەســتایەوە و ڕایدەگەیــەنێت: کــە خــۆی خودانی ڕەهای چارەنووسی خۆیەتی و تاکـە یاسـادانەرێکی نۆرم و بەهاکانیەتی. ئەو شۆڕشە و ئەو ڕێبـازە، زۆری لـەو کەسانە بەرهــەمهێنا، کـە دواتـر مێـژووی شارسـتانی بـڕیار لەسەریان دەدات.

لـە نیتچــەوە، چەنـدەها کەسـایەتی لـق و پۆپیـان لێبـۆوە، ئەوەی ئێستا بەلامانەوە گرنگـە؛ (هایدگـەر- **Heidegger**)ی فەیلەسوفی ئەڵمانی هاوچەرخە. کە جان پۆل سارتەر، لەسەر دەستی ئەو خوێندویەتی.

هایدگەر دەڵێت: بوون لە هیچەوە (یـاخود لـە عەدەمــەوە) هەڵدەقوڵــێت و مــرۆڤ لــە خــودی خۆیــدا بوونەوەرێکــە و فڕێدراوەتە جیهانەوە، هیچ شـتێکیش لـە چارەنووسـی ئـەودا هێندەی مەرگ (یان مردن) ئاشکرا و دڵـنیا نییـە. مـرۆڤ ئـەو بوونەوەرەیە کە ژیانی تێکەڵ و لکاوە بە هـیچ و عەدەمــەوە، عەدەمێک تەفسیر ناکرێت، بزر و ونی نێو هـیچ و عـەدەمێکی

دیکــەش دەبێــت کــە شــیناکرێتەوە و شــیکردنەوەی لــەوەی یەکەمیان سەختترە. لەم کەشە نوتەکەدا فەلسەفەی سارتەر پێکهات، کە لە (دیاردە- **Phenomena**- وەک بناغەیەک بۆ بوون) زیاتر بڕوای بە چیدیکە نییە (دیاردە، وەک بناغەیەک بۆ بوون)، ئەوەی سارتەر پێی دەڵێت: ئەنتۆلۆژیای دیاردە- **Ontologie phenomenologi**، ئەمەش ناونیشانی دووەمی کتێبەکەی (بوون و نەبوون (یان هەبوون و عەدەم)- **Being and Nothingnees**)ە. ئەم کتێبەی دوایشیان، هەوڵێکی گەورەیە بۆ چڕکردنەوەی سەرنجدان لە سەر بوونگەرایی بێباوەڕیی، کە لەسەر بنەڕەتێک دامەزراوە، هێند لە شێواز و مۆدێلی کلاسیکی لە بیرکردنەوەدا دوور نییە، تەنانەت دەبینین سارتەر لە بەشی کۆتایی کتێبەکەیدا، بە شێوەیەکی نائاگایی دژایەتی لەگەڵ خودی خۆیدا دەکات.

بەڵام سارتەر ڕوویەکی میللی تایبەتی هەیە، کەسایەتی خۆی وەک فەیلەسوفێک وێناکردووە، کە ئەوەش وایلێکردووە، وێنەیەکی پوختی بوونگەرایی بێت، وەک بڵێیت لە ئەودا نەبێت، نانوێنرێت. چەندین ڕێبازی کۆمەڵایەتی ئاست نزم سەریان هەڵدا و خۆیان خستە پاڵ بوونگەراییەوە و شەپۆلەکانیان بۆ سارتەر دەگەڕاندەوە، لەگەڵ ئەوەدا کە سارتەر لەو هەرا داهێنراوانەوە دوور بوو کە کەوتبوونە نێو هەندێک لە یانەکانی پاریسەوە، بۆ ماوەیەک کە کورت نەبوو،

ئەو هەرایە جۆرێک لە (تا)ی کۆمەڵیی پێکهێنا کە وەخت بوو بە تەواوی ئاکاری گەنجەکان وێران بکات، ئەو ڕەشەبایە تا ئێستاش بە شێوەیەکی جیدی هەڕەشەیان لێدەکات.

ئەم کتێبە، کە ئەمرۆ پێشکەشی خوێنەری دەکەین، هەوڵێکی دڵسۆزانەی جیدییە بۆ ڕوونکردنەوەی بوونگەرایی، بێگومان هەروەک سارتەر لێی تێدەگات، لەسەر ئاستێک کە بە پێی توانا ساناکراوەتەوە. سارتەریش فەیلەسوفێکی ڕەسەنە، بیروڕاکانی خۆی بە ڕاشکاوی و دڵسۆزییەوە دەخاتەڕوو، ڕاستیەک دەدۆزێتەوە و ڕایدەگەیەنێت کە بە ئەقڵی خۆی دەبینێت و دواجار بڕوای پێدەکات.

لەم نامیلکەیەدا، سارتەر هەوڵ دەدات پەیوەندی فەلسەفەکەی، بوونگەرایی بە مەیل و ئارەزووی (ڕەوتی) مرۆیی- هیومانیزم- بەیان بکات، مەیلی هیومانیزمیش- **Humanism**، دەربڕینێکی فەلسەفی ژیارییە، کە مەبەست لە کۆمەڵێک بیروڕا و ڕێباز و بەهاو نۆرمێکن کە تیۆرییەک پێکدەهێنن، کە بتوانێت بە ئامرازە تایبەتییەکانیەوە قوتار بوون و فەریادڕەسی مرۆڤ دەستەبەر بکات[1].

ئێستاش کە بوونگەرایی، بە جۆرە جیاوازەکانیەوە، بۆتە ڕێبازێکی سەرەکی لە شارستانیەتی ئەوروپیدا، ئیدی پێویستە هاوڵاتی ڕۆژهەڵاتیش ڕاستەوخۆ بیخاتە ژێر باسەوە، بە گەڕانەوەی بۆ دەقەکان، هەروەها لەمەڕ ڕێبازە

جیاجیاکانیــشەوە زانــین و ئاگــایی و خــۆی ڕابگەیــەنێت و ڕاوبۆچوونە ناکۆکەکانیش هەڵاوێرد بکـات. لەبەرئـەوە ئێمـە وەڵامێکی مارکسی بۆ ئەم کتێبە و هەروەها وەڵامێکی دیکەی مەسیحیش دەخەینە بەردەمی خوێنـەران، یەکـەمیان وەڵامـی (جان کانابا- **Jean Kanapa**)یە بە ناونیشانی (بوونگـەرایی فەلسەفەیەکی مرۆڤخوازانە نییـە) و دووەمیـان کتـێبی (لـوک لوفیڤەر(- **Luc Lefevre**)ە بە ناونیشانی (ئایـا بوونگـەرایی فەلسەفەیە یان نا؟).

دەستپێک

ئەو ڕەخنانەی ئاراستەی بوونگەرایی کراونەتەوە

دەمەوێت لێرەدا بەرگری لە بوونگەرایی بکەم، دژ بە هەندێک لەو ڕەخنانەی ئاراستەی کراونەتەوە، ئەوان، بۆ نموونە؛ بەوە تاوانباری دەکەن، کە بانگهێشتی خەڵکی دەکات لە بێهیواییەکی کپ و کاسدا بمێننەوە، چونکە هەموو چارەسەرەکان مەحاڵن و، کارکردنیش لەم جیهانەدا هەر مەحاڵە. هەروەها بەوە تۆمەتباری دەکەن کە دەبێتە هۆی فەلسەفەی ڕامانکاری (تاملیە)، کە لە ڕووکەشی ڕۆحێکی بۆرژوازی زیاتر چیدیکە نییە، لەبەرئەوەی تێڕامان زێدەڕۆییە، هەر ئەمەش بڕوای کۆمۆنیستەکانە بە شێوەیەکی تایبەتی.

ڕەخنەی مارکسییەکان..

لە لایەکی دیکەوە، ئەوە دەخەنە پاڵمان، کە ئێمە جەخت لە ڕیسوایی مرۆڤ دەکەین و، لە هەموو شوێنێکدا ئەوەی پیس و دوودڵی و قێزەوەنە دەیخەینە ڕوو، بەمەش، ئێمە بە بڕوای ئەوان لایەنی ڕووناک لە لایەنە جوان و بێگەرد و بێخەوشەکانی سروشتی مرۆڤ پشتگوێ دەخەین (بۆ نموونە: وەک ئەوەی زەردەخەنەی منداڵێکی بێگەردمان

بیربچێتەوە، کە ئەمەش ڕای خاتوو (مرسییە)ی کاسۆلیکییە).
ئیدی لێرەولەوێ بانگەشەی ئەوە دەکەن کە ئێمە لە هاوکاریی مرۆیی دوورکەوتووینەوە و لە جیهانمان دابڕیوە و لەنێو تاکێتی خۆیدا گەمارۆمان داوە، ئەوەش لەبەرئەوەی ئێمە، هەروەک مارکسییەکان دەڵێن: لە خودگەرایی پەتی (ڕەها)وە دەستپێدەکەین، واتە لە کۆژیتۆی[2] دیکارتەوە، یاخود بە مانایەکی دی؛ ئێمە لەو چرکەساتەوە دەستپێدەکەین کە مرۆڤ لە دابڕینی خۆیدا دەرک بە خودی خۆی بکات، ئەمەش ئێمەی بە چەشنێک لە دیدی ئەواندا لاواز کردووە، کە توانای گەڕانەوەمان نەبێتەوە بۆ ئەو جیهانەی تیایدا هاوکاربین لەگەڵ سەراپای خەڵکی کە لە دەرەوەی منن (**Lemoi** یان **Ego**) و ناتوانین لە کۆژیتۆدا باسیان بکەین.

ڕەخنەکانی کاسۆلیک..

بە لایەنی مەسیحییەکانەوە، بەوە تاوانبارمان دەکەن، کە ئێمە نکولی لە واقیعییەتی کردە مرۆییەکان و سوودەکانیان دەکەین، چونکە ئێمە ئامۆژگاری و بەهاکانی خودا لادەبەین، ئەو بەهایانەی لە هەتایی و نەمریدا کێشراون، بەوەش هەڕەمەکێتی ڕەها بەرکەماڵ دەبێت و مرۆڤخوازیاری چ بێت دەیکات و ناتوانێت حوکمڕانی ڕاوبۆچوونەکانی کەسانی دیکە و کردەوەکانیان بێت.

ئێستا هەوڵ دەدەین وەڵامی ئەو تۆمەتبارکردنە جۆراوجۆرانە بدەینەوە، هەر لەبەرئەوەش ناونیشانی ئەم تۆژینەوەیەمان کردووە بە (بوونگەرایی ڕەوتێکی (مەیلێکی) مرۆییە)، خۆ ئەگەر باسەکەمان دەربارەی بوونگەرایی وەک مەیلێکی مرۆیی، هەندێک کەسی سەرسام کرد، ئەوا چۆنیەتی تێگەیشتنمان لەم مانایەش ڕوون دەکەینەوە، ئەوەی لە سەرەتادا دەتوانین بیڵێین، ئەوەیە؛ ئێمە وەک تێڕوانینێک لە فەلسەفەی بوونگەرایی دەگەین، کەوا دەکات ژیانی مرۆڤ شیاو بێت و ڕایبگەیەنێت کە؛ هەموو ڕاستییەک و هەموو کردەوەیەک، پێویستیان بە ژینگەیەکی دیاریکراو و خودگەرایی مرۆیی هەیە.

بوونگەرایی و ڕەشبینی..

ئەو تاوانە سەرەکییەی ئاراستەمان دەکرێت، ئەوەیە؛ ئێمە بە تەنها باس لە لایەنی خراپی ژیانی مرۆڤ دەکەین، تەنانەت لەم دواییەدا باسی ژنێکیان بۆ کردم، کە هەر کاتێک ڕەفتارێکی نابەجێ بنوێنێت، داوای لێبوردن لە بەرامبەرەکەی دەکات و دەڵێت: "لێم ببورە، وابزانم من وەک بوونگەراییەکان ڕەفتار دەنوێنم!"، وەک ئەوەی بوونگەرایی و ناشرینی یەک شت بن!

بوونگەرایی سروشتی و مەیلی ناتورالیزم

(یان: ڕەوتی ناتورالیزم)

بـــەمجۆرە مـــەیلی سروشـــتخوازی (نـــاتورالیزم- **Naturalism**) توند و ڕەقیان خستۆتە پاڵمان، خۆ ئەگەر ئێمە بەو شێوەیە بووینایە، ئەوا شتێکی زۆر سەیرە کە ئەمڕۆ لــە خــودی سروشــتخوازی تۆقێنــەرتر و ئابــڕوچووتر لــە قەڵــەممان دەدەن. ئــەو کەســەی (بــۆ نموونــە) بەرگــەی خوێندنــەوەی چیرۆکــی (زەوی)ی ئــەمیل زۆلا **E. zola**- دەگرێــت، دەبیــنین لــە کــاتی خوێندنــەوەی چیرۆکێکــی بوونگەراییدا تووشی شۆک و تاسان دەبێت. ئەوەش کە وتـە و پەنــدە غەمگینــەکانی میللــەتان بــەکاردەبات، لــە ئێمــەدا دەربڕینێکی بە ئێش و ئازاری ئەوتۆ دەبینێتەوە، کـە دڵتەنگی و خەمۆکی زیاتر مانای هەڵگرتبێت.

پەندی میللەتان..

داخۆ بەڕاست شتێک لەو وتەیە زیاتر هەیە، کە بانگهێشتی کۆڵدان و بێهیوایی دەکات..! بۆ نموونە لەسەر زمانی پەنـدی میللەتان کە دەڵێت: "خۆشەویستی ڕاست ئەوەیـە مـرۆڤ لـە خۆشویستنی خودی خۆیەوە دەستپێبکات"، یان ئـەم وتەیـە: "ئەگەر لەگەڵ خراپدا بێبـاک بوویـت، ئـەوا گاڵـتەت پێـدەکات، ئەگەر لەگەڵیشیدا توندوتیژ بوویت، ئەوا ڕێـزت لێـدەگرێت". ئێمە منەتباری ئەو هەموو بیر و بۆچوونانە نین کە ئێستا لـە

گۆڕێدان و هەموویان یەک شتی نێگەتیڤ دەڵێن؛ "تێمەکۆشن دژ بەو دەسەڵاتەی لە ئارادایە و، بەرگری لە هێز مەکەن و، هەوڵ بۆ باشترکردنی بارودۆخە مرۆییەکەت.. کۆمەڵایەتیەکەت مەدە..ن، هەرکارێک لەگەڵ خوونەریتدا نەگونجێت، ئەوا کارێکی ڕۆمانسییە، هەر هەوڵدانێکیش پشت بە ئەزموونی تاقیکراوەوە نەبەستێت، لە ئاکامدا نوشوستی و نسکۆ دێنێت، بەڵکو هەمان ئەزموون دەریدەخات، کە خەڵکی هەمیشە بەرەو هەڵدێر دەخلیسکێت، خۆ ئەگەر بە شتە پتەو و جێگیرەکانەوە نەیانبەستینەوە، ئەوا دەبووە ئاژاوە و جەنجاڵی".

ئەو کەسانەی هەموو کردەیەکی نەشاز دەکەنە بیانوو بۆ لاوازیی مرۆڤ و بە هۆنراوەی واقیعی هەستکارەوە گۆرانی دەچڕن، ئەو کەسانەن کە بوونگەرایی بە (تاریک) تاوانبار دەکەن. ئایا بوونگەرایی بە نیسبەت ڕەشبینی ئەوانەوە، ڕوونبین نییە؟ لەبەرئەوەی بوونگەرایی ڕێگە بۆ بواری هەڵبژاردن لەبەردەم مرۆڤدا خۆشدەکات.

بۆ وەڵامدانەوەی هەموو ئەو شتانەی لە ڕەخنەکاندا هاتووە، دەبێت لە ئاستی فەلسەفی ڕووتەوە بڕوانینە مەسەلەکە و بپرسین: بوونگەرایی چییە؟

بوونگەرایی چییە؟

نوخشەی (البدعە)[3] بوونگەرایی..

ئەو کەسانەی ئەمڕۆ وشەی (بوونگەرایی) بەکاردەهێنن، هەروا بە ئاسانی ناتوانن پاساوێک بۆ بەکارهێنانی ئەو وشەیە بهێننەوە، بە ڕادەیەک ئەم وشەیە بڵاوبۆتەوە، کە دەڵێن: ئەو مۆسیقاژەنە یان ئەو وێنەکێشە، یان ئەو ڕۆژنامەنووسە بوونگەرایە، ماناکەش بە هۆی فراوانییەکەیەوە بزربووە. هەردەڵێی ئەو خەڵکەی زۆر بە تاسەوەن بۆ هەرایەکی بەدناو، لەنێو بزوتنەوەیەکی وەک سوریالیزمدا **Surrealism**- نایدۆزنەوە، دەبینین کتوپڕ خۆیان بە فەلسەفەی بوونگەراییەوە دەبەستنەوە، لەگەڵ ئەوەی بوونگەرایی ناتوانێت لەم بارەیەوە شتێکی ئەوتۆیان پێبڵێت. بوونگەرایی تیۆرییەکە، کەمتر ناو زڕاوە و دلڕەقترە، تەنیا ڕوو لە فەیلەسوفان و پسپۆڕەکانی کاروباری بیر و فیکر دەکات، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پێناسەکردنی گەلێک ئاسانە.

دوو جۆر لە بوونگەرایی:

ئەوەی کێشەکە کەمێک ئاڵۆز دەکات، ئەوەیە دوو جۆر لە فەیلەسوفانی بوونگەرایی هەن، یەکەمیان: مەسیحییەکان، لەوانیش هەردوو فەیلەسوفی کاسۆلیکی کارل یاسپرز- **Karl Jaspers**- و جبریل مارسیل- **Gabriel Marcel**، دووەمیان: بێباوەڕەکان، وەک هایدگەر- **Heidegger**- و

من (واتە سارتەر) و چەند بیریارێکی فەڕەنسی دیکە. بەلام ئەو شتەی لە نێوان هەردوو جۆرەکەدا هاوبەشە، ئەوەیە کە هەموو دەڵێن: بوون پێش بنەڕەت/ چییەتی (ماهیە)[4] کەوتووە، واتە پێویستە ئێمە لە خودگەرایی مرۆییەوە دەست پێبکەین، بەلام مانای ئەمەش بە تەواوی چی دەگەیەنێت؟

بوون پێش چییەتی/ بنەڕەت کەوتووە..

ئەگەر بڕوانینە شتێکی دروستکراو لەلایەن مرۆڤەوە، بۆ نموونە کتێبێک یان چەقۆیەک، دەبینین ئەوە لە دەستکردی کەسێکە کە بیرۆکەیەکی تایبەتی بۆ هاتووە. کەسی دروستکار وێنەی کتێب وێنا دەکات و، لە دروستکردنەکەیدا ڕێگەی دانراوی نێو بیرکردنەوەکەی بەکاردەهێنێت، کە بەشێکە لەو وێنەیە.

ڕوانگەی تەکنیکی بۆ جیهان..

کتێب بە تەنیا شتێک نییە کە بە ڕێگەیەکی دیاریکراو دروستدەکرێت، بەڵکو هەروەها سوودێکی دیاریکراویشی هەیە و، ناکرێت وێنای پیاوێک بکەین کە ئامرازێک دروستدەکات بێئەوەی نەزانێت کەڵک و بایەخی چییە. بەمجۆرە دەڵێین: بنەڕەت/ جەوهەر بە نیسبەت کتێبەکەوە پێش بوونی کتێبەکە کەوتووە. لێرەدا چییەتی سەرجەم ئەو چۆنیەتییانەیە کە کتێبەکەی پێدەناسرێت و سەرجەم ئەو

ئامرازانەیە کە کتێبەکەی پێ دروستدەکرێت، لەبەرئەوەی بوونی کتێبەکە لەبەردەممدا، بوونێکی دیاریکراوە، هەروەها ڕوانگەشم بۆ جیهان ڕوانگەیەکی تەکنیکییە- **Technician**، بە ڕادەیەک دەڵێم: بەرهەم لێرەدا پێش بوون کەوتووە.

خودا و مرۆڤ لای بیریارانی سەدەی حەڤدە..

کاتێک وێنای خواوەندێکی خوڵقێنەر دەکەین، لە زۆربەی کاتدا وەک مەزنترین دروستکار وێنای دەکەین. ئەو تیۆرییەش کە دەیپشکنین هەرچۆنێک بێت، ئەگەر تیۆری دیکارت بێت، یان تیۆری لایبنتز- **Leibnitz** بێت، ئێمە بڕوا بەوە دەکەین کە ویست (الارادە) بەهەرجۆرێک بێت، بەدووی ئاوەزدا (ئەقڵدا) ڕێدەکات، یان بە لایەنی کەمەوە شان بە شانی ئاوەز دەڕوات، هەروەها بڕوا بەوە دەکەین؛ کە خودا لە خوڵقاندنی بوونەوەرەکاندا دەزانێت بە وردی چی دەخوڵقێنێت، کەواتە وێنەی مرۆڤ لە مێشکی خودادا وەک وێنەی کتێبەکە وایە لە مێشکی پیاوە دروستکارەکەیدا، خودا بە پێی وێناکردنێکی دیاریکراو و ڕێگەیەکی تەواو دیاریکراو مرۆڤ بەرهەم دەهێنێت، هەروەک چۆن پسپۆڕێک کتێبێک لە کتێبەکان، بە پشت بەستن بە پێناسەکەی و بە پێی ڕێگەی نەخشەبۆکێشراو کتێب چێدەکات، بەمجۆرە مرۆڤی تاکگەرا وێناکردنێکی دیاریکراو و (هەبوو) لە مێشکی خودا-دا بەدیدەهێنێت.

سروشتی مرۆیی لای بیریارانی سەدەی هەژدە..

خودا لە سەدەی هەژدەدا و لەنێو وتەزاکانی بیریارانیدا زیندوو دەکەینەوە، لەو فەیلەسووفانەی پێیان وایە چییەتی پێش بوون کەوتووە، وەک دیدرۆ- **Diderot** و ڤۆڵتێر- **Voltaire** و تەنانەت خودی (کانت). لای ئەوان مرۆڤ سروشتێکی هەیە و سروشتەکەشی وێنەکەیەتی، کە لە هەموو مرۆڤێکدا دەیدۆزینەوە، بە جۆرێک هەموو مرۆڤێک دەبێتە هێنانەدییەکی تایبەتی بۆ وێنەیەکی گەردوونیی، کە ئەویش مرۆڤە. ئەوەش کە لەم (گەردوونێتی)یە بەرهەمدێت، بۆ نموونە لای (کانت) ئەوەیە پیاوی لێڕەوارێک و پیاوی سروشت و بۆرژوایێک، پێکەوە ملکەچی یەک پێناسە دەبن و یەک خەسڵەتی بنەڕەتییان هەیە. چییەتی/ بنەڕەت لێرەدا هەر بەو شێوەیە وێناکراوە کە پێش ئەو بوونە کاتییە (الزمنی) کەوتووە، کە لە سروشتدا وەریدەگرین.

بوونگەرایی بێباوەڕ..

بەڵام بوونگەرایی بێباوەڕ کە من (واتە سارتەر) نوێنەرایەتی دەکەم، یەکانگیرترە، لەوەدا کە تەنانەت لە حاڵەتی نەبوونی خواوەندی خولقێنەردا ڕایدەگەیەنێت؛ تاقە بوونەوەرێک هەیە، کە بە لایەنی کەمەوە، بوونەکەی پێش چییەتیەکەی کەوتووە، بوونەوەرێک پێش ئەوەی بتوانین

پێناسی بکەین، لە بووندایە، ئـەو بوونـەوەرەش مرۆڤـە، یـان هەروەک هایدگەر دەڵێت: (واقیعی مرۆییە). وەلی ئایـا مانـای پێشکەوتنی بوون لێرەدا بەرامبەر چییەتی، چـی دەگەیـەنێت؟ مەبەست لەوەیە کە؛ مرۆڤ پـێش هـەموو شـتێک هەیـە و بـە خودی خۆی دەگـات و لـە جیهانـدا وەدەردەکـەوێت، پاشـان دەناسێنرێت.

ڕوانگەی بوونگەرایی بۆ مرۆڤ..

ئەگـەر مـرۆڤ، هـەروەک فەیلەسـوفی بوونگـەرا وێنـای دەکات، لە توانادا نەبێت پێناسە بکرێت، ئـەوا لەبەرئـەوەی لـە سـەرەتادا شـتێکی ئـەوتۆ نییـە، بەڵـکو دوای ئـەوە و بـەو شـێوەیەی خـۆی دروسـت دەکـات دەبێتـە مـرۆڤ، کەواتـە بوونێک بۆ سروشتی مرۆیی نییـە، لەبەرئـەوەی بوونێـک بـۆ وێنـاکردنی خواوەنـد بـۆ سروشـتەکە نییـە. مـرۆڤ تـەنها بوونەوەرێکی هـەبووە، نـەک بـەو شـێوەیەی وێنـای خـودی خۆی دەکات، بەڵکو بەو شێوەیەی کە دەیەوێت و، پاش بوون وێنای دەکات؛ بەڵکو هەروەها بەو شێوەیەی لە هەڵـپەکردنیدا بەرەو بوون دەیخوازێت، مرۆڤ لە خودی خۆیدا لەوە زیـاتر کە دەیکات و پێی هەڵدەستێت چیدیکە نییە. ئا ئەمەیـە یەکـەم پرەنسیپێک لە بوونگەراییدا. هەروەها هـەر ئەمەشـە کـە پێـی دەڵــێن خودگــەرایی و، بەرامبــەر ئــەم ناوزەدکردنــەش

تۆمەتبارمان دەکەن. بەڵام ئایا هیچ مەبەستێکمان لەوە زیاتر هەیە، کە جەخت لەسەر ئەوە دەکەین؛ مرۆڤ شکۆمەندە، بەرزتر لە شکۆداری هەر شتێکی دیکەی ماددی، هەروەها لەوەدا کە بوون و هەبوویەکە، بەو مانایەی مرۆڤ بوونەوەرێکە خۆی دەهاوێژێتە نێو پێشەنگەوە (داهاتووەوە) و ئاگاشی لەو خۆهاویشتنەیەتی.

پڕۆژە..

مرۆڤ لە سەرەتادا پڕۆژەی بوونێکە، لە خۆیەوە دەژی و هیچ شتێک لە ئاسمانی ماقووڵدا پێش ئەو پڕۆژەیە بوونی نییە. مرۆڤ نابێت، تەنیا بە گوێرەی ئەوەی لە نیازیدایە و لەو کردەیەی پێی هەڵدەستێت. ئەو نابێت، بە گوێرەی ئەوەی دەیەوێت، لەبەرئەوەی وەک دەزانین ویست بڕواکردنێکی هۆشیارانەیە، یان بڕیاردانێکی هوشیارانەیە و لای زۆرینەی خەڵکی پاش نواندنی کردەیەک دێت. دارشتنی کتێبێک و چوونە ریزی حزبێک و هاوسەری کردن لەگەڵ ژنێکدا، هەموو ئەمانە جگە لەوەی سیما و ڕووخسارەکانی هەڵبژاردنن، چی دیکە نین، زێدە لەوەی ویست بن، بنەڕەتی- **Originel** و هەڕەمەکین و زیاتریش هەڕەمەکییە.

هەمەکی بەرپرسیارێتی مرۆڤ..

ئەگەر بە ڕاستی بوون پێش چییەتی/ بنەڕەت کەوتبێت، ئەوا مرۆڤ بەرپرسیارە لەوەی کە هەیە، یەکەم هەنگاوی بوونگەراییش ئەوەیە؛ مرۆڤ بخاتە بەردەم بوونی خۆی و لێپرسراوێتی سەرتاپای بوونەکەشی بخاتە سەرشانی. ئەگەر بڵێین مرۆڤ بەرپرسیاری خودی خۆیەتی، ئەوا ئەوە نابەخشێت کە بەرپرسیارییەتیەکەی تەنها لە خودە دیاریکراوەکەیدا کۆبووبێتەوە، بەڵکو بەرپرسیارییەتیەکەی کۆی خەڵکانیش دەگرێتەوە، بە جۆرێک کە بەرامبەر ئەوانیش لێپرسراو دەبێت.

ڕەوتی (مەیلی) خودگەرایی – **Subjectivism** مانایەکی دووفاقی هەیە، نەیارانیشمان ئەو دووفاقییە دەقۆزنەوە، مانای یەکەم ئەوەیە؛ خودی تاکگەرا هەر خۆی خۆی هەڵدەبژێرێت، مانای دووەمیش کە واتایەکی قووڵی هەیە و بەرگری لە هەموو بوونگەرایی دەکات، ئەوە دەگەیەنێت؛ مرۆڤ ناتوانێت خودە مرۆییەکەی خۆی تێبپەڕێنێت.

هەڵبژاردن..

کاتێک دەڵێین مرۆڤ خۆی هەڵدەبژێرێت، مەبەستمان لەوەیە مرۆڤ بە هەڵبژاردنی خۆی، هەروەها خەڵکانی دیکەش هەڵدەبژێرێت، کردەیەک نییە لە کارەکانمان لە خولقاندنی بوونی ئێمەدا، وەک دەمانەوێت، کە ڕۆڵێک

نەگێـڕێت لـە خولـقاندنی وێنـەی مرۆڤـدا و بەشـدار نـەبێت، هەروەک لە ئەرکی بوونەکەیدا وێنای دەکـەین و بۆیـدەچین. هەڵبژاردنی ئێمە بۆ شێواز و مۆدێکی دیاریکراو لە مۆدەکانی بوون، هەر لە هەمان کاتدا جەختکردنە لەسەر بەهای ئـەوەی هەڵیدەبژێرین، لەبەرئەوەی ئێمـە نـاتوانین شـەڕ هەڵـبژێرین، بەڵکو ئەوەی هەمیشە هەڵیدەبژێرین خێرو چاکەیە بۆ خۆمان و بگرە بۆ هەموو خەڵکی[5].

مرۆڤ خودی خۆی و خەڵکانی دیکەش هەڵدەبژێرێت..

لە لایەکی دیکـەوە، ئەگـەر بـوون پـێش چییـەتی/ بنـەڕەت کەوتبێت و، ئەگەر ویستمان بوونی خۆمان لە کاتی داڕشتنی وێنە ئایدیالەکەماندا بهێنینەدی، ئەوا ئەم وێنەیە دەبێتە بـەهای بوونمان، نەک بە تەنیا بۆ خۆمان، بەڵکو بۆ هـەموو خەڵـکی و لـە هـەموو ئـەو سەردەمەشـدا کـە تێیـدا دەژیـن، بەمـەش بەرپرسیارێتیمان گەلێک لەوە زیـاترە کـە بـە بیرمانـدا دێـت، چونکە هەموو مرۆڤایەتی دەگرێتەوە. بۆ نموونە: ئەگـەر مـن کرێکارێک بم و چوونە پـاڵ سـەندیکای مەسـیحیم هەڵـبژارد، لـەبری ئـەوەی ببمـە کۆمۆنیـست و، ئەگـەر بـەم کردەیەشـم ویستم هێما بەوە بدەم کـە ملکـەچی دەبێتـە ڕێگەچارەیـەکی گونجاو بۆ مرۆڤ و مەملەکەتی مرۆڤیش لەم جیهانـەدا نییـە، ئەوا تێکـڕای ئەمانـە تـەنها مـن ناگرێتـەوە، بەڵـکو سـەرجەم

مرۆڤایەتی دەگرێتەوە، هۆکارەکەش ئەوەیە: من لە پێناو هەمووواندا ملکەچیم خواست.

کردەی تاک، سەرجەم مرۆڤایەتی دەگرێتەوە..

گەر بمەوێت کارێکی دیاریکراو ئەنجام بدەم، کە تایبەت بێت بە خۆمەوە، وەک ئەوەی ژن بهێنم و زارۆکان بخەمەوە، ئەوا بەم کردەیەم تەنیا خۆمم نەگرتەوە بۆ هەڵبژاردنی یەک ژن، بەڵکو هەموو مرۆڤایەتیم گرتەوە، تەنانەت گەر ژنهێنانەکەشم بە بارودۆخ و ویست و ئارەزووی خۆمەوە بەسترابێتەوە. بەمجۆرە بەرپرسیارم بەرامبەر خۆم و بەرامبەر هەمووان، بۆئەوەی وێنەیەکی دیاریکراوی مرۆڤێک ئافەریدە بکەم کە هەڵیدەبژێرم، کەوابوو بە هەڵبژاردنم بۆ خۆم، مرۆڤیش هەڵدەبژێرم. ئەوەی هەنووکە باسمان لێوەکرد، ڕێمان دەدات لە واتای وشەکان تێبگەین، ئەو وشانەی لە ڕووخسار و ڕووکەشدا بە باق و بریقن و لە واتاشدا ئاسانن، وەکو دڵەڕاوکێ و لێدوورکەوتنەوە و جێهێشتن و نائومێدی، کەوابێت مەبەستمان لە دڵەڕاوکێ و پەشێوی چییە؟

پەشێویی..

فەیلەسووفی بوونگەرا ڕایدەگەیەنێت کە؛ مـرۆڤ پەشـێوە (نیگەرانە)، واتە ئەو کەسـەی پابەنـدە بـە خـودی خۆیـەوە و دەرکـیش بـەوە دەکـات کـە ئـەو نـەک تـەنیا بـۆ خـۆی هەڵـبژێردراوە، بەڵـکو لـە هـەمان کاتـدا مرۆڤـایەتی هەڵدەبژێرێت، ئەم کەسە، ناتوانێت لە هەستی بەرپرسـیارێتی هەمەک و قووڵی خۆی دەرباز بکات.

زۆر کەس هەن کە لە واقیعدا پەشێو و نیگەران نـین، بـەڵام ئێمە بە شاردنەوەی نیگەرانیەکەیان و خۆ قووتارکردنیان لێی تاوانباریان دەکەین، زۆربەیان لەو بڕوایەدان کـە ئـەوان بـەو کارەیان تەنها بە خۆیانـەوە پابەنـدن، تەنانـەت ئەگـەر لێیـان بپرسین: ئەی ئەگەر هـەموو کەسـێک وەکـو ئێـوە ڕەفتـاری نواند؟ لە وەڵامـدا دەڵـێن: بـەڵام ئـەوان واناکـەن. ئەگـەرچی ڕاستی ئەوەیە کە بەردەوام بپرسین: چـی ڕوودەدات ئەگـەر هەموو کەسێک بەو چەشنە ڕەفتار بنوێنێت؟ کـەس ناتوانێـت لەم پرسیارکردنە ڕابکات، تەنیا بە جۆرێک لە نیاز خراپییەوە- **Mauvaise foi** یان **disadvantage** نەبێت.

پەشێویی و نیازخراپی..

ئەو کەسـەی درۆدەکات و پاساو بـۆ خـۆی دەهێنێتـەوە و دەڵێت: (هەموو کەسـێک ئـەوە ناکـەن)، ئـەوە کەسـێکە دڵ و ویژدان ئارام نییە، لەبەرئەوەی درۆکـردن لـە واقیعـی خۆیـدا

بەهایەکی گەردوونیی لەخۆگرتووە و وەک بەخششێک بەدرۆ دراوە. هەرچی نیگەرانییە (پەشێوییە) ئەوا هەر دەبێت دەربکەوێت، تەنانەت ئەگەر پەنهانیش بێت. ئەم نیگەرانییە بریتییە لەوەی کیرکێگارد – **Kierkegaared** پێی دەڵێت: (پەشێویی ئیبراهیم)، ئەم چیرۆکەش بەوە ناوزەدکراوە کە دەڵێت: فریشتەیەک داوا لە ئیبراهیم دەکات کە ئیسحاقی کوڕی سەرببڕێت.. هەموو شتێک ئاسایی دەبوو، ئەگەر فریشتەیەکی ڕاستەقینە بهاتایەو بە ئیبراهیمی بووتایە: ئەی ئیبراهیمی کوڕەکەت سەربڕە، وەلی هەریەکێک لە ئێمە دەتوانێت بپرسێت: ئایا ئەو بە ڕاستی ئیبراهیمە و ئەو فریشتەیەش بە ڕاستی فریشتەیە؟ ئەی چۆن هەموو ئەمانەم بۆ دەسەلمێنێت؟

ژنێکی شێت هەبوو، دووچاری نەخۆشی ئەندێشەیی و خەیاڵپڵاوی هاتبوو، بە تەلەفۆن گوێی لە ئاخاوتن و چەندەها فەرمایشتان دەبوو، پزیشکێک لێی پرسی: کێ لەگەڵتدا قسەدەکات؟ ژنەکە لە وەڵامدا دەڵێت: ئەوە (خودایە). کێ بۆ ژنەکەی دەسەلمێنێت کە ئەو کەسە خودایە؟ ئەگەر فریشتەیەک دەهاتە لای من، کێ بۆ منی دەسەلمێنێت کە ئەوە فریشتەیە؟ یان ئەگەر گوێم لە چەندین دەنگی جیاجیا بێت، ئەوا کێ بۆم بسەلمێنێت کە ئەو دەنگانە لە ئاسمانەوەن، یان لە دۆزەخەوەن، یاخود چاوگەکەی لەژێر ئاگایی یان لە

حاڵـــەتێکی نەخۆشـــی دەستنیـــشانکراوەوەیە! بەڵـــکو کـــێ دەیسەلمێنێت ئەوە ڕووبەڕووی من کراوەتەوە؟

کەواتە کێ بە شـێوەیەکی تایبـەتی دەیـسەلمێنێت مـن بـە باشی ئامادەگیم هەیە بۆ سەپاندنی وێناکردنم سـەبارەت بـە مرۆڤ و هەڵبژاردنیشم بۆی لە سەرووی مرۆڤایەتییەوە؟ من هیچ سەلماندنێک و هیچ هێما و نیـشانەیەکی ئـەوتۆش بـەدی ناکەم باوەڕم پێبهێنێت، ئەگەر گـوێم لـە دەنگێـک بـوو بـانگم دەکات، ئەوا خۆم بڕیاردەدەم ئەوە دەنگی فریشتەیە یـان نـا، ئەگەر کارێکیشم بە کردەیەکی چاک دانا، ئەوا خۆم بـڕیاریش دەدەم کە ئەم کارە چاکەیە یان خراپەیە. شتێک نییە پابەنـدی ئەوەم بکات کە وەکو ئیبراهیم بم، بەڵام لە هەموو چرکەیەکدا بەوەوە پابەندم کە وەکـو ئـەو ڕەفتـار بنـوێنم و ئـەو کارانـە ئەنجام بدەم کە شایان و نموونە بن. شـتەکان بـە شـێوەیەک ڕێدەکەن، دەڵـێی هـەموو مرۆڤـایەتی سـەرنج دەخاتـە سـەر کردەوەکانی هـەموو مرۆڤـێک و، مرۆڤـایەتیش بـە نیـسبەت مرۆڤەوە خۆی ڕێکدەخات.

لەسەر هەموو کەسێکە بپرسێت: ئایا مافی ئەوەم هەیە بـە شێوەیەک ڕەفتار بنوێنم کە شایان و نموونەی ئـەوتۆ بم بـۆ خەڵکی؟ خۆ ئەگەر ئەو پرسەش نـەکات، ئـەوا پەشـێوییەکەی خۆی دەشارێتەوە.

پەشێوی نابێتە هۆی داهێزران..

پەشـێویی لێـرەدا ئـەوە نییـە کـە دەبێتـە هـۆی هـێمنی و داهێزران، بەڵکو پەشێویی و نیگەرانییـەکی سـادە و سـاکارە، هـــەموو ئـــەو کەســـانە تاقییـــان کردۆتـــەوە کـــە بەرگـــەی لێپرســـــراوێتییەکانیان گرتـــووە، بـــۆ نموونـــە: ئەگـــەر فەرماندەیەکی سەربازی ئەرکی هێرشێکی لە ئەستۆ گرت و ژمارەیەک لـە سـەربازەکانی ڕووبـەڕووی مـەرگ کـردەوە، ئەوا هەر خۆی ئەو کارەی بـە دەسـتی خـۆی هەڵـبژاردووە. گومانی تێدانییە کە ئەو لە ژوور خۆیەوە فەرمایشی بۆ دێـت، ئەو فرمانانەش ورد نین و پێویـستیان بـەوە هەیـە لـە لایـەن خۆیـەوە بـە چەشـنێک ڕاڤـە و لێکدانـەوەیان بـۆ بکـات کـە چارەنووسی ژمارەیەکی دیاریکراو لە کەسـانێک دیارییبکـات. مەحاڵە ئەو فەرماندەیە بڕیارێک بدات بێ ئـەوەی کـە بەهـەر شـێوەیەک بێـت نیگـەران نـەبێت، هـەموو فەرمانـدەکان لـەو نیگەرانیـەدا پـسپۆڕن، بـــەڵام ئەمـــەش ڕێگـــەی کـــارکردنی لێنەگرتوون، بەڵکو بە پێچەوانەوە، ئەوە مەرجێکی کارەکەیانە کە پێداویستی بیرکردنەوەیان لە چەندین ئەگەردا بەرجەسـتە دەکات. یەکێک لەو ئەگەرانە هەڵدەبژێرن و دواتر بەهایەک بە هەمان ئەو هەڵبژاردنە دەبەخشن.

پەشێویی و بەرپرسیاریی..

ئــەو پەشــێوییەی بوونگــەرایی وەســپی دەکــات، بــەوە شیدەکرێتەوە کە بەرپرسیارییەکی ڕاستەوخۆیە سەبارەت بە کەســانی دیکــە، کــە ئــەوانیش دوچــاری هــەمان پەشــێویی بوونەتەوە، ئەوەش بەربەستێکی وانییــە کــە لــە کــار جیامــان بکاتەوە، بەڵکو بەشێکە لەو.

بەجێهێشتن..

کاتێــک بــاس لــە بەجێهێــشتن (**delaissement** یــان **dislodage**) دەکــەین، کــە ئــەمیان دەربــڕینێکی هێژایــە لای هایدگەر، دەمانەوێت تەنیا ئەوە بڵێین کە خودا لە بووندا نییــە و دەبێــت ئــەو ئاکامانــە وەچنــگ بێــنین کــە هــەر لــە سەرهەڵدانیانەوە تا کۆتاییان لەوەوە چێدەبن.

ئاکاری عیلمانیگەری..

بیریاری بوونگــەرا بــە توندی بەرپــەرچی تــەنز و مــۆدی ئاکاری عیلمانیگــەری (**Moral laique** یــان **laical moral**) دەداتەوە، کە دەیەوێت، بە کەمترین هەوڵ خــودا بخاتــە لاوە. هەندێک لە بیریــارانی ســەدەی نــۆزدەو دەوروبــەری ســاڵی (١٨٨٠)دا، ویــستیان ئاکــاری عیلمانیگــەری دابمــەزرێنن و ڕایانگەیاند: خودا گریمانەیــەکی بێفــەڕە و پێویــستە لاببرێــت. کاتێکیش هەبوونی ئاکار و کۆمەڵگە و جیهانێکی پــەتی بــوون بــە شــتە پێویــستەکان، هــەروەها وا پێویــستی کــرد کــە

دابونەریتێک هـەبێت و بـە شـێوەیەکی جیـدی لێـی بـڕوانێت، بەوپێیــەی پێــشینەییە – **apriori**، واتــە پــێش ئــەزموون کـەوتووە، کەواتـە لـە ڕووی پێـشینەییەوە پێویـستە مـرۆڤ مەردبێت و درۆنەکات و لە ژنەکەی نەدات، بەڵام ئێمـە لێـرەدا هەوڵ دەدەین بوونی ئـەو دابونەریتانـە بخەینـەڕوو، کـە لـە ئاسمانی ماقووڵ و پەسـەنددا کێـشراوە، سـەرەڕای ئـەوەی خودا لە دیدی ئێمەدا بوونی نییە.

ڕادیکالیزم (ڕیشەییخوازی)..

بە مانایـەکی دی، هـەروەک ڕادیکالـخوازان دەڵـێن: (هـیچ شتێک ناگۆڕێـت، ئەگـەر خـود لـە بوونـدا نـەبێت). ئێمـە ئـەو یاسایانە دەبینینەوە کە وابەستەن بە پاکژیو مرۆڤایەتییەوە و، بەم کارەش خودامان کردۆتـە گریمانەیـەکی گەنـدەڵ کـە لـە خۆیەوە دەمرێت. ئەگەرچی بڕوای بوونگەرایی بە پێچەوانەی ئەمەوەیە، شتێکی زۆر جارسکەرە کە خودا لە بووندا نـەبێت، چونکە ئەگەری هەبوونی دابونەریتیش لە ئاسمانی ماقووڵ و پەسەنددا ناهێنێت، ئەوکاتە، چاکەش بە شێوەیەکی پێشینەیی نایەتەدی، چونکە ویژدانێکی تەواوی بێکۆتا نابێت ئەو چاکەیە پەسەند بکات. ئەوکاتـە باسـکردن لـە بـوونی چاکـە یـان بـە پێداویستی ڕاستگۆیی و پاکی، دەبێتە باسێک کە مانـای نییـە، چونکە ئێمە تەواو دەکەوینە بوارێکی مرۆیی پوختەوە.

دۆستۆیۆڤسکی و بوونگەرایی..

دۆستۆیۆڤسکی (**Dostoievsky** یان **Dostoyevsky**) دەڵێت: "ئەگەر خودا لە بووندا نەبووایە، ئەوا هەموو شتێک حەڵاڵکراو/ ڕەوا دەبوو". ئا ئەمەیە خاڵی سەرهەڵدانی بوونگەرایی و، بە ڕاستیش هەموو شتێک لە حاڵەتی نەبوونی خودادا حەڵاڵکراو/ ڕەوا دەبوو، ئەوکاتە مرۆڤ دەبووە بەجێهێڵراو- وازلێهێنراو، چونکە نە لە خۆیدا و نە لە دەرەوەی خۆیدا توانستێکی بەدینەدەکرد کە خۆی پێوە وابەستە بکات، بگرە هیچ پاساو و بیانووهێنانەوەیەکی نەدەبینییەوە. ئەگەر بە ڕاستی بوون پێش چییەتی/ بنەڕەت کەوتبێت، ئەوا هەموو ئەو شیکردنەوانەی کە بۆ سروشتی مرۆیی دەگەڕێنەوە و بەخشراو و سەقامگیرن، شیکردنەوەیەکی مەحاڵە، چ جێگەیەک بۆ هەربوونایەتی (حتمیە) نەدەمایەوە، لەبەرئەوەی مرۆڤ ئازادە، بەڵکو مرۆڤ خۆی بریتییە لە ئازادی.

مرۆڤ ئازادییە..

لە لایەکی دیکەوە، ئەگەر خودا بوونی نەبێت، ئەوا لە بەردەمماندا زنجیرەیەک دابونەریت یاخود پەیڕەو- سستم بەدی ناکەین، کە بتوانێت پاساو بۆ ڕەفتارەکانمان بێنێتەوە. بەم پێیە نە لە پێشمانەوە و نە لە پاشمانەوە چ بوارێکی ئەوتۆ

بـۆ دابونەریتـە ڕۆشـنەکان نەماوەتـەوە کـە جێـی پاسـاو و بیانوویەک بێت. سـەبارەت بـە مرۆڤـیش وا دەریدەبـڕم کـە؛ مرۆڤ حوکمی ئازادی بەسـەردا بڕدراوەتـەوە، لەبەرئـەوەی مرۆڤ خۆی نەخولـقاندووە، لـە لایـەکی دیکەشـەوە ئـازادە، لەبەرئەوەی بەرامبەر ئەو کردەیەی دەیکات لێپرسراوە، هـەر تەنیا بە فڕێدانیەوە لە جیهاندا.

بیریاری بوونگەرا بڕوای بە هێزی سـۆز – **Passion** نییـە و هــەرگیز بـیر لــەوەش ناکاتــەوە کــە ســۆزی بــە جــۆش تەوژمێکی وێرانکارە و هـەردەبێت مـرۆڤ دووچـاری چەنـد کردەیــەکی دیــاریکراو بکاتــەوە و، دواتــر ببێتــە بەهانــە و پاساوێک بۆی، بەڵکو بە پێچەوانـەوە، فەیلەسـوفی بوونگـەرا لــەو بڕوایەدایــە؛ مــرۆڤ بەرامبــەر ئارەزووەکــانی خــۆی بەرپرسیارە و توانای پـشتبەستنی بـەو ئاماژانـەوە نییـە کـە ئاراستەکەی نیشاندەدات، بگرە مرۆڤ ئـەم ئاماژانـە بـە پێـی خواستی خـۆی لێکدەداتـەوە. لەبەرئـەوە، مـرۆڤ کاتێـک لـە هــەموو پاڵپــشتی و هاریکارییــەک دادەماڵــرێت، لــە هــەموو ساتێکدا ئـەوە بەسـەریدا دەسـەپێنرێت کـە مـرۆڤ ئافەریـدە (داهێنان) بکات.

مرۆڤ ئافەریدەکاری مرۆڤە..

پۆنگ- **Ponge** لـە وتارێکـدا وتوویـە: "مـرۆڤ داهـاتووی مرۆڤە". گەر مەبەست لەم وتەزایە ئەوە بێت کـە داهـاتوو لـە

ئاسمانەوە نووسراوە و خودا دەیبینێت، ئەوا قسەیەکی بێمانا و پڕوپووچە و، ئەوکاتە هیچ داهاتوویەکیش لە ئارادا نەبوو. بەڵام ئەگەر مەبەستی لەوە بێت کە پێویستە مرۆڤ، هەرچۆنێک بێت، ئەو چارەنووسی زووە دروستبکات کە چاوەڕێی دەکات، ئەوکاتە وتەکە ڕاستە.

بەجێهێشتن..

بەڵام مرۆڤ لەم حاڵەتەدا بەجێهێڵراوە، بۆ ئەوەش کە مانای بەجێهێشتن یەکالا بکەمەوە، نموونەیەک دەهێنمەوە و باس لە حاڵەتی یەکێک لە خوێندکارەکانم دەکەم، کە لەم بارودۆخەی خوارەوەدا هاتەلام:

ئەم لاوە باوکێکی هەیە کە لەگەڵ دایکیدا ناکۆکەو یاریدەی دوژمنان دەدات، برایەکیشی لە هێرشی ئەڵمانییەکاندا ساڵی (١٩٤٠) کوژراوە و ئەو دەیویست بە هەست و سۆزێکی تاڕادەیەک سەرەتاییەوە تۆڵەی بسێنێتەوە، بەڵام بە هەست و سۆزێکی جوامێرانە، ئەم لاوە بە تەنیا لەگەڵ دایکیدا دەژیا، کە هەردەم بە خیانەتی مێردەکەی و کارەساتی کوڕە کوژراوەکەی غەمبار بوو.

لەم کاتەدا لاوەکە وا پێویستی دەکرد یەکێک لەم دوو ڕێگەیە هەڵبژێرێت: یان بچێتە ڕیزی هێزە فەڕەنسییە

ئازادەکانەوە لە (بەریتانیا)، یاخود لای دایکەکەی بمێنێتەوە و هاریکاری گوزەرانی بێت.

ئـەو دەیـزانی کـە دایکـی بـە هـۆی بـوونی کوڕەکەیـەوە لەگەڵـیدا دەژی و، بـە بزربـوون یـان مـردنی کوڕەکـەی لـە بێئومێدیدا نوغرۆ دەبێت، هەروەها دەیـزانی کـە هـەرکارێکی بەرامبەر دایکـی بـە ئـەنجامی دەگەیـەنێت، بایـەخ و مـەودای خۆی هەیە، بەو مانایەی هاریکاری دایکـی دەبێـت لـە ژیانـدا. لەگەڵ ئەوەشدا هەر هەنگاوێکی بەرەو جەنگ بنایە، بـە فیـڕۆ دەچوو، چونکە ناتوانێت بچێتە ڕیزی جەنگاوەرانـەوە، ڕەنگـە وەک بەندکراوێک لە ئیسپانیادا بمێنێتەوە، ئەگـەر هەوڵـیدا بـە خاکەکەیدا تێبپەڕێت، یان ببێتە وەکیلێکو کـاری نوسـینگەیەک لـە جـەزائیردا بکـات، ئەگـەر هـەوڵ بـدات یەکـەمجار بـەرەو باکووری ئەفریقیا هەڵبێت. ئـەو هـەر لـە بـەردەم دوو جـۆر کـاری جیـاوازدا بـوو: یـەکێکیان ڕاسـتەوخۆ و لەبـەرچاوە، ئەگەرچی ئاراسـتەی تاقەکەسـێک کراوەتـەوە، دووەمیـشیان ئاراستەی کۆمەڵێک کراوەتـەوە، کـە زۆر فراوانتـرە، ئـەویش کۆمەڵـەی نەتەوایەتییـە، بـەڵام ئـەو بـە هـۆی ئـەو کـارەوە دوچاری پچڕان و نوشووستی دەبێتەوە.

دوو جۆر لە ئاکار (خووڕەوشت)..

لەو کاتەدا لاوەکە کەوتبووە نێوان دوو جۆر لە ئاکارەوە؛ ئاکاری هاوسۆزی و خۆبەخشین، لەگەڵ ئاکارێکی بەرفراوانتردا، لەچاو یەکەمیاندا زامن بوون و کاریگەرییەکەی کەمتر بوو. دەبووایە ئەم لاوە یەکێک لەم دووانە هەڵبژێرێت، کێ دەتوانێت لەوەدا هاریکاری بکات؟ باوەڕی مەسیحیەت؟ نەخێر، ئەو باوەڕە دەڵێت: "کەسوکاری خۆتان خۆشبووێت و خۆتان لە پێناویاندا بەخت بکەن، هەمیشە ئەو ڕێگەیە هەڵبژێرن کە لە ڕێگەکانی دیکە سەخت ترە". بەڵام لێرەدا دەپرسین: کام ڕێگەیە لەوانی دیکە سەخت ترە؟ کێ خۆشەویستی خۆی وەک کەسوکارێک دەردەخات! دایک یان ئەو جەنگاوەرەی لە بەرەی جەنگدایە؟ کوا بایەخە مەزنەکەی؟ ئایا لە جەنگبازی کۆمەڵێکی گەورەدایە و، ئەوکاتەش بایەخەکەی ئاڵۆزو تەڵخ دەبێت! یاخود لە یاریدەدانی بوونەوەرێکدایە لە ژیاندا و ئەوکاتە سوودەکە سنووردار دەبێت؟ لە هەموو ئەوانەشدا، کێ بە شێوەیەکی پێشینەیی بڕیار دەدات؟ هیچ کەسێک و تەنانەت هیچ ئاکارێکی نووسراو نییە.

پەندی ئاکار کانتیزم..

ئاکاری کانتیزم دەڵێت: "مامەڵەی کەسانی دیکە وامەکەن کە گوایە ئامرازن، بەڵکو بەوپێیەی ئامانجن". باشە، ئەگەر من

لەگەڵ دایکمدا مامەوە و بەوپێیە مامەڵەم لەگەڵدا کرد کـە ئـەو ئامانجە نەک ئامراز، ئـەوا لـەم حاڵـەتەدا بـە جۆرێـک مامەڵـە لەگەڵ ئەوانەدا دەکەم کە لە دەوروبەرمدا شەڕ دەکـەن، وەک ئەوەی ئەوان ئامرازبن. لـە لایـەکی دیکـەوە، ئەگـەر چوومـە ڕیزی جەنگاوەرانەوە و بە جۆرێک مامەڵـەیان لەگەڵـدا بکـەم کە ئەوان ئامانجن، ئەوا لـە هـەمان کاتـدا خـۆم ڕووبـەڕووی مامەڵـەکردنێک کردۆتـەوە لەگـەڵ دایکمـدا، بەوپێیـەی گوایـە ئامرازێکە.

نەریت (بەها) و سۆز..

ئەگەر دابونـەریت شـاراوە بێـت و هەمیـشە لـە حاڵـەتێکی دیاریکراو و پشکنراو فراوانتر بێـت، هـەروەک باسمـان کـرد، ئەوا هیچ شتێک لەبەردەممانـدا نامێنێتـەوە، ئـەوە نـەبێت کـە ڕوو لە غەریزەکانمان بکەین، هەر ئەمـەش بـوو کـە، لاوەکـە هەوڵیدا بیکات، ئەو دەیوت: ئەوەی لە بنەڕەتدا گرنگە میهـر و سـۆزە و، ئـەوەی پێویـستە هەڵـیبژێرم ئەوەیـە کـە بـەرەو ئاراستەیەکی دیاریکراو پاڵم پێـوە دەنێـت، ئەگـەر وا هەسـت بکەم کە من دایکمم خۆشدەوێت و خۆم لە پێناویـدا بەختکـەم و، هــەموو حــەزێکم لــە تۆڵــەکردنەوەو هــەموو کــار و سەرکێـشییەکم لـە پێناویـدا بێـت، ئـەوا لـە نزیـک دایکمـدا دەمێنمەوە، بەڵام ئەگەر هەسـتم کـرد خۆشەویـستییەکەم بـۆ

دایکـم هێنـدە زۆر نییـە، ئـەوا بەجێمدەهێـشت و دەڕۆیـشتم. بەڵام چۆن دەتوانین بەهای میهر و سـۆزێک دیـاری بکـەین؟ ئـەی کامەیـە سـەرچاوەی بـەهای میهـر و سـۆزی ئـەولاوە بەرامبەر دایکـی؟ ئـەوە تـەنها مانـەوەی لاوەکەیـە لـە پێنـاو دایکیـدا. مـن دەتـوانم، بـۆ نمونـە: هاوڕێکـەم بـە ڕادەیـەک خۆشدەوێت کە بڕێک پارە لە پێناویـدا بـەخت دەکـەم، بـەڵام ناتوانم ئەم وتەیە هەر بە قسە بکەم، گەر بە ڕاستی لە پێناویدا پارە بەخت نەکەم. بەم شێوەیە من دەڵێم: دایکم بە ڕادەیـەک خۆشدەوێت کە لەلای دەمێنمـەوە، ئەگـەر بـە ڕاسـتی لـەلای بمێنمەوە. بەمجۆرە من ناتوانم بـەهای ئـەم سـۆزەم دیـاری بکەم، ئەگەر کارێک ئەنجام نەدەم و ڕاستی قسە و کردەکـەم نەسەلمێنێت. هەرچەندە من کاتێک داوا لەم هەست و سۆزەم دەکەم پاساو بۆ خـودی کردەکـەم بهێنێتـەوە، خـۆم لـە نێـو بازنەیەکی بۆشدا دەبینمەوە.

سۆز لە کردەوەکانمانەوە پێکدێت..

لە لایەکی دیکەوە، (ئەندریـە جیـد) دەڵـێت: "ئـەو سـۆزەی دەینوێنم و ئەو سۆزەی تیایدا دەژیم، هـەردووکیان شـایانی جیاوازی کردن نین" بـڕیار لەسـەر خۆشەویـستیم بـۆ دایکـم بدەم، بە مانەوەم لەگەڵیدا و، پاسـاوێک بدۆزمـەوە بۆئـەوەی لەلای دایکم بمێنمەوە، هـەردووکیان تـا ڕادەیـەک هـەر یـەک

شتن. ئەمەش مانای ئەوەیە؛ سۆز بە پێی ئەو کردەوانە بنیاد دەنرێت کە ئەنجامیان دەدەم و دواتریش ناتوانم بۆ لایان بگەڕێمەوە یان بیدۆزمەوە. ئەمە هەروەها ئەوە دەگەیەنێت من ناتوانم لە حاڵەتی ئەو مافەی پاڵم پێوە دەنێت بۆ کارکردن، بە دوای خۆمدا بگەڕێم، نە دەشتوانم داوا لە هیچ ئاکارێک بکەم بیرۆکەم بداتێ و ڕێگەم بدات ئەو کارە بە ئەنجام بگەیەنم.

هەڵبژاردن و پابەندبوون..

ڕەنگە ئێوە بڵێن: ئەو لاوە لانی کەم چووە ڕاوێژ بە مامۆستاکەی بکات. بەڵام ئەگەر ئێوە، بۆ نموونە ڕای قەشەیەک وەربگرن، ئەوا تا ڕادەیەک دەزانن بەڕای ئەو چی هەڵدەبژێرن، ئەویش بە گوێرەی ئەو ئامۆژگارییەی لەوەوە وەریدەگرن. ئەمەش مانای ئەوەیە؛ هەڵبژاردنی ڕاوێژکار لە خودی خۆیدا، پابەندبوونە. بەڵگەش بۆ ئەمە؛ ئەگەر تۆ مەسیحییەک بیت، دەتووت: ڕاوێژ بە قەشەیەک دەکەم. ئەگەرچی هەندێک قەشە هەن کە یاریدەی ئەڵمانییەکان دەدەن و، هەندێکی دیکەشیان بەرەنگاری داگیرکەران دەکەن. لەبەرئەوە تۆ کامیان هەڵدەبژێریت؟ ئەگەر لاوەکە قەشەیەک هەڵبژێرێت کە بەرهەڵستی دوژمن دەکات، یان قەشەیەک کە یاریدەی دوژمن دەدات، ئەوا خۆی بڕیار

لەســـەر چەشـــن و جـــۆری ئـــەو ئامۆژگارییـــە دەدات، کـــە وەریدەگرێت.

ئاکاری گشتی بوونی نییە..

بەم شێوەیە، کاتێـک ئـەو لاوە هاتـە لام، دەیـزانی وەڵامـە چاوەڕوانکراوەکە چییە، ئەویش تاکە وەڵامێکە: تۆ ئازادیت بۆ هەڵبژاردن و بۆ داهێنان، چونکـە هـیچ ئاکـارێکی گـشتی نییـە بتوانێت ڕێگەی ئەو ئەرکەت نیـشان بـدات، لەبەرئـەوەی لـەم جیهانەدا ئەو ئاماژانە بوونیان نییـە کـە شـایانی لێکدانـەوەن. هەرچەندە کاسۆلیکەکان بـە پێچەوانـەی ئەمـەوە، ئـاوا وەڵام دەدەنەوە: چەند ئاماژەیەک هـەن، ئەگـەر بـڕوایان پێبکـەیت، ئەوا ئەو شتەی مانایەک بـەم ئاماژانـە دەبەخـشێت، ئەوەیـە: هەریەکێک لە ئێمە خواست و ویستی خۆی هەیە.

لە تاراوگەدا کەسـێکی بـەڕێزم ناسـی، ئـەویش ڕەبـەنێکی یەسوعی بوو، کە بـەم شـێوازە چووبـووە نێـو ڕەبەنییـەوە: پاش ئەوەی لە چەند بۆنەیەکدا دوچاری نوشووستییەکی تـاڵ بووبۆوە،

١-کاتێک باوکی مردووە کە ئەو منداڵ بووە و بە هـەژاری جێیهێـشتووە، لــە دەزگایــەکی خێرخــوازدا خوێندویــەتی و چاودێرییــەکی تایبــەتی کــراوە، بــەڵام هــەردەم هەسـتی بـە هەژارییەک کردووە کە بە سەدەقە و چاکە دەگوزەرێت.

٢-چەندین بڕوانامەی بەرزی لەکیس چووە، کە منالاَن دڵی پێخۆش دەکەن.

٣-لە تەمەنی هەژدە سالێدا و لە پەیوەندییەکی سۆزداریدا هیوابڕاو بووە، دواتر لە تەمەنی بیست و دوو سالێدا، لە خۆسازدانی سەربازیدا سەرکەوتوو نەبووە، ئەم شکستهێنانە ئەو خاڵەیە کە دەڵێت: جامەکەی پڕبووە و لێی دەڕژێت.

ئەم لاوە لەو بڕوایەدا بووە کە لە هەموو شتێکدا هیوابڕاو بووە، لەمەشدا نیشانەیەک هەیە، بەلاَم نیشانەی چ شتێکە؟ ئەو دەیتوانی، بۆ نموونە ڕوو لە خەم و بێهیوایی بکات، بەلاَم بە لێهاتووییەکی ڕێژەییەوە توانی زاڵ بێت. هەموو ئەوانە وا ڕادەگەیەنن کە؛ ئەمە بانگهێشتێک نییە بۆ شکۆمەندی کاتیی، بەڵکو بۆ پیرۆزکردنی ئایینیە، وەک باوەڕ و پیرۆزیی. ڕەنگە ئەو لە پشت ئەو باوەڕەیەوە ویستی (ارادە) خودای بینیبێت، لەبەرئەوەش بووە بە ڕەبەن.

کێ لەو بڕوایەدا نییە کە درکاندنی مانای ئەو ئاماژەیە تەنیا لە لایەن خۆیەوە بووە و، دەشێت لە نووشووستییە دووبارەبۆوەکانییەوە شتێکی دیکە وەبەر بهێنێت، وەک ئەوەی بۆ نموونە؛ بە کەڵک بێت بۆ بازرگانی، یان بۆ شۆڕش، کەواتە ئەو بۆ خۆی بەرپرسیارێتی تەواوی لێکدانەوەکە لە ئەستۆ دەگرێت.

بێهیوایی..

بەجێهێشتن، هەڵبژاردنی خودی خۆمان لەلایەن خۆمانەوە دەگرێتەخۆ، ئەمەش هاوشانی نیگەرانییە، بەڵام بێهیوایی، لە واتاکەیدا سادە و ساکاری دەگەیەنێت. مەبەست لەم دەربڕینە ئەوەیە؛ پشت بە هەموو ئەو شتانە ببەستین کە بە ویستی خۆمانەوە بەستراوە، یاخود پشت بەو کۆمەڵە ئەگەرانە ببەستین کە کردەوەکانمان بە باری شیاودا هەڵدەسوڕێنن.

شیاوەکان- ئەگەرەکان..

کاتێک مرۆڤ شتێکی دەوێت، هەمیشە چەندین توخم و ڕەگەزە جیاجیاکانی شیان و گونجان لە بەردەمدا دەبێت، بۆ نموونە: من چاوەڕێی هاتنی هاوڕێیەکم دەبم کە بە شەمەندەفەر یان بە (ترام) دێتە لام، ئەمەش ئەگەری گەیشتنی شەمەندەفەرەکە لە کاتێکی دیاریکراودا دەیسەپێنێت، هەروەکو چۆن ئەگەری دەرنەچوونی (ترام)ەکە لە هێڵەکەشی دەیسەپێنێت، من بەمجۆرە لە بواری ئەگەر و شیاندا دەمێنمەوە. هەرچەندە پشتبەستن بە شیان و ئەگەرەکان بەجێ نابێت، تەنیا لەو کاتانەدا نەبێت کە کارەکەم سەرجەمی ئەم ئەگەرانەی لەخۆگرتبێت. بەڵام ئەگەر ئەو

شیاوانە بە تەواوەتی بەکارەکەی منەوە پابەند نەبن، ئەوا پێویستە بایەخی پێنەدەم، لەبەرئەوەی هیچ مەبەستێک، یان هیچ خواوەندێک نییە کە لە توانایدا بێت جیهان و ئەگەرەکانی بە گوێرەی ویستی من پێکەوە بگونجێنێت.

بێهیوایی و کار..

کاتێک دیکارت دەیوت: "سەرکەوتنی مرۆڤ بەسەر خۆیدا گرنگترە لە سەرکەوتنی مرۆڤ بەسەر جیهاندا"، مەبەستی ئەوە بوو کە؛ پێویستە مرۆڤ بەبێ تکا و پاڕانەوە کاربکات. بەڵام ئەو مارکسییانەی وتووێژم لە تەکیاندا سازداوە، لە وەلامی ئەمەدا دەڵێن: (دەتوانیت لە کارەکەتدا، کە مردن تخووبی بۆ دەکات (دیاریدەکات)، پشت بە کەسانی دیکە ببەستیت، بە واتای چییان لەدەست دێت لە پێناو هاریکاری تۆدا، بۆ نموونە لە چین بن یان لە ڕوسیا، هەروەها پشت بەوەش ببەستیت کە پاش مردنی تۆ چیدەکەن، لە پێناو بەڕێوەچوونی کارەکەدا تا بە پایان دەگات، بەو واتایەی بەهۆی شۆڕشێکەوە تەواوی دەکەن. ئەرکی سەرشانی تۆیە پشت بەو یاریدەیە ببەستیت، دەنا تۆ پیاوێکی جوامێر و چەلەنگ نیت).

بەڵام من (واتە سارتەر) لە وەلامدا دەڵێم: من لە تێکۆشاندا پشت بە هاوڕێکانم دەبەستم، بە ڕادەی پابەندبوونیان

لەگەڵــمدا، لــە تێکۆشــانێکی هاوبەشــی دیــاریکراودا، لــەو یەکێتییەی لە حزبێکی دیاریکراو ڕەخساوە، یاخود لەو دەستە و کۆمەڵەیەی کە تا ڕادەیەک دەتـوانم چـاودێری بکـەم، واتـە بەو شێوەیەی کە من لە ڕیزەکانیدا تێکۆشەرێک دەبم و دواتر لە هەموو ساتێکدا سەرنج لە بزاوتنـەکانی دەدەم. لەوکاتـەدا، پشت بەستنەکەم بـە یـەکێتی ئـەو حزبـە یـان ئـەو کۆمەڵـەیە هەروەک ئەو پشت بەستنەم وایە لە هـاتنی شـەمەندەفەرەکە لە کاتی دیاریکراودا.

سروشتی مرۆیی بوونی نییە..

ئەگـەرچی مـن نـاتوانم پـشت بـە کەسـانێک ببەسـتم کـە نایانناسم و تەنها بە دڵپاکی مرۆڤ و بایەخدانی بـە چاکـەی کۆمەڵگە پشت ئەستوور دەبم، ئـەویش لەبەرئـەوەی مـرۆڤ ئازادە و، لەبەرئەوەی سروشتی مرۆیـی بنەمایـەکی ئـەوتۆی نییە، کە بتوانم وەک بناغەیەک شتێکی لەسـەر بوونیـاد بنـێم. بۆ نموونە: من نازانم چارەنووسـی شۆڕشـی ڕوسـی چـۆن دەبێت، ڕەنگە پێی سەرسام بم و وەک نموونەیەکی لە قەڵـەم بدەم، بەو ڕادەیەی کـە ئەمـڕۆ ئـەوەم بـۆ دەسـەلمێنێت کـە: پڕۆلیتاریا لە ڕوسیادا ڕۆڵێک دەگێڕێت، کە لە هـیچ میللـەتێکی دیکەدا نایگێڕێت، هەرچەندە من ناتوانم جەختی ئەوە بکەم کە شۆڕشەکە هەر دەبێتە هۆی سـەرکەوتنی پـڕۆلیتاریا، بەڵـکو

دەبێت ئەوەندەم پێ بەس بێت کە لە بەردەمی خۆمدا دەیبینم، چونکـە مـن بـۆ نموونـە لـەوە دڵـنیا نـیم کـە هاوڕێکـانم لـە تێکۆشاندا پاش مردنم درێـژە بـە کارەکـە دەدەن تـا دەگەنـە ترۆپکی کامڵی.

پابەندبوون..

هۆکارەکەش ئەوەیە؛ ئەوان کەسانێکی ئازادن و، بە ئازادی بڕیار لەسەر چارەنووسی مرۆڤ دەدەن. ڕەنگـە هەنـدێکیان ئارەزووی دامەزراندنی سـستمی فاشـستی بکـەن و، ڕەنگـە خەڵکەکەی دی بە ڕادەیەک ترسنۆک بـن کـە چاوپۆشـی لـەو نەتەوەیە بکەن و لێیـان دووربکەونـەوە، ئەوکاتـەش فاشـیزم ئیـدی بمانـەوێت و نەمانـەوێت دەبێتـە ڕاسـتییەکی مرۆیـی، چونکە لە واقیعـدا شـتەکان بـەو شـێوەیە دەبـن، کـە مـرۆڤ بــڕیاری بوونیــان لەســەر دەدات. بــەڵام ئایــا ئەمــە مانــای پێداویستی ملکەچبوونێک بۆ فەلسەفەیەکی تێڕامانکاری ئـارام و خۆشـنوود دەبەخـشێت؟ نـەخێر، بەڵـکو پێویـستە بـەر لـە هەموو شتێک پابەندبم بە خودی خۆمەوە و، پاشـان بـە پێـی ئەو پەندە دێرینە کاربکەم: " لە گەرمـەی کـاردا، پێویـست بـە هیوا ناکات".

ئەمەش ئەو واتایە نابەخشێت کـە پێویـستە سـەر بـە هـیچ حزبێک لـە حزبـەکان نـەبم، بەڵـکو مـن دەبمـە ئەنـدامێک کـە

خەیاڵپلاویم نەبێت و، بە گوێرەی توانای خۆم کاربکەم. ئەگەر بۆ نموونە بپرسم: ئایا دەکرێت چالاکی مرۆیی بە هەموو دەزگاکانیەوە بۆ شێوەی کۆمەڵگەلێک وەربچەرخێت؟ ئایا ئەم گۆڕانەش ڕوودەدات؟ ناتوانم وەڵامی ئەوەش بدەمەوە، ئەوەی بە ڕوونی دەیزانم ئەوەیە؛ هەرچەندی لە توانامدا بێت کار بۆ هێنانەدی ئەو ئامانجە دەکەم، چونکە ناتوانم بەدەر لە ویست و کاری خۆم ئیشێکی ئەوتۆ بکەم.

بوونگەرایی و فەلسەفەی تێڕامانی خامۆش..

فەلسەفەی تێڕامانی خامۆش-**Quie'tisme** یان **Silent contemplation** فەلسەی ئەو کەسانەیە کە دەڵێن: لە توانای خەڵکی دیکەدایە ئەو کارە بکەن، کە لە توانای مندا نییە بیکەم. بەڵام ئەو فەلسەفەی بوونگەراییەی کە پێشکەشتانی دەکەم، بە پێچەوانەی ئەو وتەیەوە، ڕایدەگەیەنێت: هیچ واقیعێک لە دەرەوەی کاردا نییە، بگرە لەوە زیاتریش دەڕوات و دەڵێت: مرۆڤ لە پڕۆژەی بوونێک زیاتر نییە کە خۆی وێنای دەکات و، بگرە بوونیشی نییە، تەنها بە بڕی ئەوەی خۆی دەهێنێتە دی، کەواتە ئەو (واتە مرۆڤ) لە سەرجەمی کارکردنەکانی خۆی زیاتر چی دیکە نییە، ئەو خودی ژیانی خۆیەتی.

نیازی خراپ..

لێرەدا دەبینین کە چۆن بۆچوونەکەمان ترس لە دڵی هەندێک کەسدا دەچێنێت، ئەوانەی بەرگەی شکستهێنانی خۆیان ناگرن، تەنیا بەو قسەیە نەبێت کە دەڵێن: "بارودۆخەکە دژ یان پێچەوانەی من بوو، هەرچەندە من لەوە باشتر بووم. ڕاستە من لەنێو هاوڕێبەندییەکی مەزندا یان لە ئەوینێکی گەورەدا نەژیاوم، بەڵام هۆکارەکەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە من نە بە پیاوێک یان ژنێک نەگەیشتووم کە شایانی ئەو پەیوەندییە بێت. ئەگەر کتێبێکی باشم نەنووسیبێت، ئەوا لەبەر ئەوەیە کاتم بە دەستەوە نەبووە. ئەگەر منداڵم نەبووبێت، لەبەرئەوەیە دوچاری ژنێک نەهاتم، کە بتوانم لەگەڵیدا ژیانێکی هاوبەش پێکەوە بنێم. لەبەرئەوە زنجیرەیەکی زیندوو لە ئامادەگی و مەیل و خۆزگە و ئەگەر و شیاوەکان لە ناخمدا لەکار وەستاون، کە لە خودی خۆیدا بەهایەک دەبەخشێت و ناکرێت لە زنجیرەیەک کردەوەی سادە و ساویلکەی خۆمدا کورتیان بکەمەوە".

بەڵام بەلای ئێمەوە لە ڕاستیدا تاکە بوونێک تەنها بۆ ئەو ئەوینەیە کە خودی خۆی بونیاد دەنێت و، ئەگەری بوونی ئەوینێکیش تەنها ئەوەیە کە خودی خۆی لە خۆشەویستییەکی دیاریکراودا دەردەخات. بلیمەتیش پێ بە پێی گوزارش کردنی خودی خۆی دامەزراوە، کە لەو

بەرهەمــە زیندووانــەدان و بــەجیهان گەیــشتن. بــۆ نموونــە بلیمەتیی مارسیل پرۆست..

Marcel Proust بریتییە لە ســەرجەمی نووســراوەکانی، لە هەموو بەرهەمەکانی، هەروەها بلیمەتیی ڕاسین- **Racine** لــە زنجیرەیــەک شــانۆگەرییەکانی زیــاتر چــی دیکــە نییــە و، شــتێک نییــە لــەوە بــەدەر! بــەڵام ئەگــەر بووترێــت: ڕاســین دەتوانێــت شــانۆگەرییەکی نــوا بنووســێت، ئــەوا قــسەیەکی بێمانایە، لەبەرئەوەی ڕاسین ئەو شانۆگەرییەی نەنووسیوە.

کەوابێت مرۆڤ لە ژیانیدا پابەنــدە و دیمــەنێک بــۆ پێگــەی خۆی وێنادەکات، ئیدی هیچ شــتێکی ئــەوتۆ نییــە لــەم وێنەیــە بەدەربێت. پێدەچێت ئەم بیرۆکەیە بۆ ئەو پیاوە ســەخت بێــت کە لە ژیانیدا هیــوا بــڕاو بــووە، بــەڵام زەمینــە بــۆ خەڵکانێک خۆشدەکات کــە لــە بایــەخ و گرنگــی واقیــع خــۆی تێبگــەن و، دەرک بە خەونەکان و چاوەڕوانییــەکان و ئازارەکــان بکــەن، بــەو پێیــەی وەک خــەونێکی شکــست خــوارد و هیوایــەکی هەرەسهێنراو مرۆڤ پێشدەخات، یان وەک پێشبینییەک کــە چ ســوودێکی نییــە، واتــە نێگەتیــڤانە مــرۆڤ پێــشدەخات، نــەک پۆزەتیڤانە.

مرۆڤ و ژیانەکەی یەک شتن..

ئەگەر بلێین: مرۆڤ و ژیانەکەی یەک شتن، ئەمە ئەو مانایە ناگەیەنێت کە نووسەر تەنیا لە ڕێگەی نووسینەکانیەوە، بڕیاری لەسەر دەدرێت، چونکە چەندین شتی دیکەش هەن کە لە پێناسینیدا بەشدارن. ئەوەی دەمانەوێت بیلێین ئەوەیە: مرۆڤ لە زنجیرە پڕۆژەیەک زیاتر نییە و، خۆی کۆکراوە و ڕێکخەرەکەیەتی، هەر ئەویش کۆی ئەو پەیوەندییانەیە کە دەیڕەخسێنێت.

ڕەشبینی یان دلڕەقییەکی گەشبین؟

لەم حاڵەتەدا، ئەوەی پێی تاوانبار دەکرێین، بە ڕاستی ڕەشبینی نییە، بەڵکو دلڕەقییەکی گەشبینە. ئەگەر خەڵکی بە هۆی نووسینی ئەو کورتە چیرۆک و ڕۆمانانەوە گلەییمان لێبکەن کە تیایاندا وەسپی مرۆڤی لاواز و ترسنۆک و بێئیرادە دەکەین، ئەوا چیدی گازەندەمان ناکەن، چونکە ئەوان کەسانێکن، خۆیان ئاوەهان، لەبەرئەوەی ئەگەر ئێمە وەکو (ئەمیل زۆلا) ئەو دارمانە بە کاریگەری ژینگە و کۆمەڵگە شرۆڤە بکەین، یاخود بە کاریگەری هەربوونایەتی/ حەتمیەتی ئەندامی یان دەروونی بێت، ئەوا خەڵکی بە لێکدانەوەکەی ئێمە خۆشنوود دەبوون و، دەیانووت: "ئێمە لێدانێکی ئاوەها توند و قایمیین و کەسیش ناتوانێت شتێک لە ئێمەدا بگۆڕێت".

ترسنۆک خۆی ئاوەها دروستدەکات (چێدەکات)..

کاتێک بیریاری بوونگەرا باس لە پیاوێکی ترسنۆک دەکات، ئەوا لێپرسراوێتی ئەو کەسە بەرامبەر خۆی دەردەخات. ئەو هۆکاری ترسنۆکییەکەی بۆ فاکتەرێکی بۆماوەیی دەروونیی یان بایۆلۆژی ناگەڕێنێتەوە، بەڵکو جەخت لەوە دەکات کە بە هۆی زنجیرەیەک لەو کردەوانەوە پەیدا بووە، کە خۆی بە ئەنجامی گەیاندوون و، بەو شێوەیە ترسنۆکیان کردووە. بەلای ئێمەوە، ئەوە مەزاجی ترسنۆکی نییە، بەڵکو چەند جۆرێکن لە مەزاج، کە بە دەمارگیری یان بە خوێنگەرمی ناوزەد دەکرێن و پێی دەڵێن ئەو هەژارە یان دەوڵەمەندە. بەڵام خاوەن خوێنی هەژار (خوێنی سارد) هۆکارێک نییە بۆ ترسنۆکی، چونکە ترسنۆکی کردەی ملکەچی و وازلێهێنانە و، مەزاجیش کردەیەک نییە، ترسنۆکیش پێ بە پێی ئەو کردەوانەی دەیکات دەناسرێتەوە.

بەرپرسیارێتی مرۆڤ..

ئەوەی مرۆڤ بە شێوەیەکی تەڵخ و نادیار هەستی پێدەکات و، هەروەها ئەوەی قێزەونی دەکات ئەوەیە؛ ئێمە ئەو ترسنۆکە بەرامبەر خراپییەکەی خۆی بەرپرسیاردەکەین، ئەوان دەیانەوێت مرۆڤ بە

پاڵەوانییەتی یان بەترسنۆکی لەدایک ببێت، لەم بارەیەشەوە لــە ســەر کتێبەکــەمان (ڕێچکــەکانی ئــازادی- **Chemins delalibert'eles** یـــان **Freedom lins**) گازەنـــدەمان دەکەن.

ئــەویش ئەوەیــە؛ ئێمــە چــۆن دەتــوانین ئــەو ترســنۆکانە بکەینە کەسانێکی پاڵــەوان؟ ئەگــەرچی ئــەم ڕەخنــە قۆشمــە ئامێزە ئەوە بەســەر خەڵکدا دەســەپێنێت، کــە پاڵــەوان بــن لەگەڵ لەدایکبوونیاندا. خەڵکی لــە نــاخی خۆیانــدا بــیر لەمــە دەکەنەوە و دەڵێن: "ئەگەر بە ترسنۆکی لەدایک بیــت، ئــەوا بێخەم دەبیت، چونکە تۆ ناتوانیت هیچ شتێک بکەیت، بەڵــکو بــە درێژایــی ژیانــت، هــەر بــەو شــێوەیە دەمێنیتــەوە، هەرچەندێکیش هەوڵ بدەیت. ئەگەر بــە پاڵــەوانیش لــەدایک بیت، هەروەها بێخەم دەبیت و بە درێژایی ژیانت هــەر بــەو شێوەیە دمێنیتەوە، هەرچەندێکیش هەوڵ بدەیت، هــەروەک پاڵەوانەکان دەخۆیت و دەخۆیتەوە".

بەڵام هەرچی بوونگەرا دەیڵێت ئەوەیــە؛ ترســنۆک خــۆی خۆی دروســتدەکات، پاڵــەوانیش هــەروەکو ئــەو، ترســنۆک دەتوانێــت لــە حاڵــەتی ترســنۆکییەکەی لابــدات، هــەروەها پاڵەوانیش دەتوانێت واز لە پاڵەوانییەتییەکەی خۆی بهێنێت. ئەوەی لــەم تێــزەدا گرنگــە ئەوەیــە؛ پابەنــدبوون هەمــەلایی

بێت. بەڵگەنەویستیشە کە پابەندبوون لە ئەنجامی کردەی تایبەت یان حاڵەتێکی تایبەتییەوە، هەمەلایی نابێت.

مەسەلەی خودگەرایی..

تا ئێستا وەڵامی ژمارەیەک لەو ڕەخنانەمان دایەوە کە ئاراستەی بوونگەرایی دەکرێن. لە وەڵامەکانیشەوە ڕووندەبێتەوە؛ ناتوانین بوونگەرایی بە فەلسەفەی بێدەنگی (خامۆشی) و تێڕامان ناوزەد بکەین، لەبەرئەوەی مرۆڤ بە کارکردن دەناسرێتەوە، هەروەها بوونگەرایی دیدەنیگایەکی ڕەشبینی نییە، لەبەرئەوەی چارەنووسی مرۆڤ دەخاتە نێو دەستی مرۆڤەوە و، بەو جۆرەش لە زۆربەی تیۆرییەکان ڕوونبین و گەشبین ترە، پاشان بوونگەرایی هەوڵێک نییە بۆ تەگەرە خستنە هیممەتی مرۆڤەوە لە کارکردندا، لەبەرئەوەی هیچ هیوایەک لە مرۆڤدا بەدی ناکات، تەنها لە خودی کارەکەیدا نەبێت، کارکردن تاکە شتێکە کە بواری ژیان بۆ مرۆڤ دەڕەخسێنێت، کەواتە ئێمە و، لەسەر ئەم ئاستە، لەبەردەم ئاکاری کارکردن و پابەند بووندایین.

خودگەرایی..

نەیارانمان هەر بەو ڕەخنانەوە ناوەستنەوە کە ڕووبەڕوومان دەکەنەوە، بەڵکو هەروەها بە پێی هەندێک

ڕاگەیەنراو، بەوە تۆمەتبارمان دەکەن کە؛ ئێمە مرۆڤ لە خودگەراییە تاکەکەیدا گەمارۆ دەدەین، ئەوان بەو لێکدانەوەشیان لێمان تێناگەن. ئەگەر خودگەرایی خاڵی دەستپێکی ئێمە بێت، ئەوا لەبەر هۆکاری پوختی فەلسەفییە، نەک لەبەرئەوەی ئێمە بۆرژواز بین، ئێمە تیۆرییەکمان دەوێت کە پشتی بە ڕاستی بەستبێت، نەک کۆمەڵێک تیۆری جوان، کە جمەیان دێت بە ئاوات و هیوا و بناغەی واقیعی تیایدا پێکدادەدەن.

(کۆژیتۆ)..

ناکرێت لە پێشدا ڕاستیەک هەبێت، جگە لە ڕاستی کۆژیتۆ: من بیردەکەمەوە، کەوابێت من هەم. ئەمەش ڕاستییەکی ڕەهای ئەو ئاگاییەیە کە دەرک بە خودی خۆی دەکات، چونکە هەموو ئەو تیۆرییانەی باس لە مرۆڤ دەکەن، لە دەرەوەی ئەو قۆناغەدا کە تیایدا دەرک بە خودی خۆی دەکات، ئەوە تیۆرییەکە، کە ڕاستی بەلاوە دەنێت و فەنای دەکات، لەبەرئەوەی شتە شیاوییەکان لە دەرەوەی کۆژیتۆدان. هەموو ئەو تیۆرییانەش کە لەسەر شیاوەکان (ئەگەرەکان) بونیاد دەنرێن و، بە ڕاستییەکەوە نەبەستراونەتەوە، تیۆرییەکە لە نەبووندا (عەدەمدا) دەکەونە خوارێ، لەبەرئەوەی پێناسی شیاو پێویستی بە زانینی

ڕاستی هەیە. بوونی هیچ ڕاستییەک لە ئارادا نییە، تەنها بە بوونی ڕاستییەکی ڕەهاوە نەبێت، ئەمەش ئەو ڕاستییەیە کە خەڵکی لە سادەیی و ئاسانییەکەیدا مامەڵەی لەتەکدا دەکەن و، ئەوەش ڕاستەوخۆ دەرکپێکردنی مرۆڤە بە خودی خۆی، بەبێ هیچ گرێ و گۆڵێک.

بوونگەرایی و ماتریالیزم..

بوونگەرایی لە لایەکی دیکەوە، تاکە تیۆرییەکی کەم وێنەیە (ناوازەیە) کە شکۆمەندی و کەرامەت بە مرۆڤ دەبەخشێت و نایکاتە شتێک لە شتەکان. هەموو تێڕوانینێکی ماتەریالی ئەوەی لێ پەیدا دەبێت کە؛ مرۆڤ بە شتێک لە شتەکانی جیهان دادەنێت، واتە بە کۆی کاردانەوەی دیاریکراوی دادەنێت و، هیچ جیاوازییەک لە نێوان ئەو و سەرتاپای چۆنیەتیەکان و دیاردەکاندا ناکات، کە ڕەنگە مێزێک یان کورسییەک، یاخود بەردێک بێت. بەڵام ئێمەی بوونگەرایی دەمانەوێت جیهانی مرۆیی بە کۆی بەهاو نۆرمی جیاکار پێکبهێنین کە لە جیهانی ماتەری جیاوازە. ئەو خودگەراییەش کە دەیگەینێ، خودگەرایی تاکگەرا نییە، لەبەرئەوەی مرۆڤ، وەک خستمانەڕوو، بە هۆی کۆژیتۆوە خودی خۆی دەدۆزێتەوە و، هەروەها خودی ئەوانی دیکەش دەدۆزێتەوە. ئێمە بە پێچەوانەی فەلسەفەی (دیکارت) یان فەلسەفەی

(کانت)ەوە، لەو بڕوایەداین کۆژیتۆ وامان لێدەکات بەرامبەر بە مرۆڤێکی دیکە دەرک بە خودی خۆمان بکەین، دەرک بەوەش بکەین کە بوونی ئەویش بەرامبەری ئێمە، بوونێکی ڕاشکاوە هەروەکو بوونی ئێمە.

بوونی ئەوانی دیکە..

ئەو مرۆڤەی بە کۆژیتۆ دەرک بە خودی خۆی دەکات، هەروەها دەرک بە بوونی کەسانی دیکەش دەکات و دەیاندۆزێتەوە بە پێودانگی مەرجدارێتی بوونی خودی خۆی، ئەو شتێکی ئەوتۆ نییە ئەگەر ئەوانی دیکەش دانی پێدانەهێنن (نەک تەنها ئێسک سووکی یان ڕەزاگرانی، یاخود خراپییەکەی یان پیاوچاکییەکەی). ئەگەر ڕاستییەکیش فڕێ بدەم کە بە خودی خۆمەوە بەستراوە، ئەوا بە هۆی ئەوی دیکەوە نەبێت، چنگم ناکەوێتەوە و نایدۆزمەوە، چونکە ئەوی دیکە نەک تەنیا مەرجێکە بۆ بوونی من، بەڵکو مەرجی ئەو زانینەش کە سەبارەت بە خودی خۆم بونیادی دەنێم.

بەم جۆرە دۆزینەوەی ناواخنی خۆم لەم مەرجانەدا، دەبێتە دۆزینەوەیەک بۆ ئەوی دیکە، بەوپێیەی ئەو ئازادییەکە و خراوەتە بەردەمم و، بەوپێیەی ئەو لە بیرکردنەوە و داخوازییەکانی دەربارەی من، یان بە چاکی یان بە خراپی چەقدەبەستێت. دەرەنجامی ئەوەش بریتییە لە: ئێمە

جیهانێکمان دۆزیوەتەوە، پێی دەڵێین جیهانی خودگەرایی ئاڵووگۆڕ- **Subjectivit'e-inter** یان **alternate subjectiv**، ئەویش جیهانێکە مرۆڤ تیایدا بڕیار لەسەر بوونی خۆی و هەروەها بوونی ئەوانی دیکەش دەدات.

بارودۆخی مرۆڤ..

ئەگەر مەحاڵ بێت چییەتی گەردوونیی لە مرۆڤدا بدۆزینەوە، کە سروشتی مرۆڤ خۆیەتی، ئەوا ئەو مانایە نابەخشێت کە لە ڕووی بارودۆخی مرۆڤەوە- **Humanine condition** گەردوونیی مرۆیی تیادا بەدی ناکرێت. شتێکی ڕێکەوت نییە کە بیریاران لەم ڕۆژگارەی ئێمەدا باس لە بارودۆخی مرۆڤ دەکەن، لەبری ئەوەی وتووێژ دەربارەی سروشتی مرۆڤ سازبدەن، مەبەستی ئەوان لەو بارودۆخەش بە ڕوونی ئەوەیە؛ هەموو سنوورە پێشینەییەکانە- **apriori** کە دەوری بارودۆخە بنەڕەتییەکانی مرۆڤیان داوە لە جیهاندا.

بارودۆخی مرۆڤ و دۆخە مێژووییەکەی..

بارودۆخە مێژوو ییەکان، بارودۆخێکی گۆڕاون. ڕەنگە مرۆڤ لە کۆمەڵگەیەکی بت پەرستدا بە کۆیلەیی لەدایک ببێت، یاخود ئاغایەکی دەرەبەگ بێت، یان کرێکارێکی زەحمەتکێش

بێت، بەڵام ئەو شتەی کە ناگۆڕێت؛ پێویستی بوونی مرۆڤە لە جیهاندا، بوونی لە کارکردنیدا لەگەڵ کەسانی دی، بوونێک کە کۆتاییەکەی مردنە، ئەو سنوورەش کە پێشتر باسم کرد, سنوورێکی بابەتی یان خودگەری نییە، بەڵکو بە مانایەکی دی ڕوویەکی بابەتییە و ڕووەکەی دیکەشی خودگەرییە. بوونەکە بابەتییە، لەبەرئەوەی ئێمە لە هەموو شوێنێکدا دەیبینین و دەیناسین. خودگەریشە، لەبەرئەوەی لە ناواخنی ژیانی مرۆڤدایە، ئەو شتێک نییە ئەگەر مرۆڤ تیایدا نەژی، لە ڕووی دیاریکردنی خۆی لە بووندا، کە سەبارەت بە سنوورەکە دیاریکردنێکی ئازاد دەبێت.

گەردوونیی پڕۆژەی تاکگەرا..

لەبەرئەوەی دەکرێت پڕۆژەکان هەژماردبن، بە لایەنی کەمەوە تاکە پڕۆژەیەکیان بە نیسبەت منەوە تەواو نامۆ نییە، لەبەرئەوەی هەمووی هەر ئەوە دەخاتە بەردەمم کە هەوڵێک بێت بۆ تێپەڕاندنی ئەو سنوورە، یان بۆ دوورخستنەوەی، یان بۆ لابردنی، یاخود بۆ خۆگونجاندن لەگەڵیدا. کەواتە هەموو پڕۆژەیەک، هەرچەندێکیش تاکگەرا بێت، خاوەنی بەهایەکی گەردوونییە. پیاوێکی ئەوروپی دەتوانێت لەو پڕۆژەیە تێبگات کە مرۆڤێک لە چین یان لە هیندستان وێنای دەکات. ئەو بە هەمان ڕێگە دەتوانێت لە بارودۆخێکەوە، کە

ئەو وێنای دەکات، بگوازێتەوە بۆ سنوورێک کە خودگەریی هەیە، واتە ئەو لە خودی خۆیدا وێنایەکی نوێ بۆ پرۆژەی پیاوە چینییەکە دەکات و لە خۆشی دەگرێت. هەموو پرۆژەیەکی گەردوونیی توانستی ئەوەی هەیە هەموو مرۆڤێک لێی تێبگات، بەلام ئەمەش ئەوە نابەخشێت ئەو پرۆژەیە بە شێوەیەکی هەمیشەیی مرۆڤ دەناسێنێت، بەڵکو دەکرێت سەرلەنوێ ئەو پرۆژەیە بخرێتەوە ژێر باس. بۆ نموونە؛ ئەگەر بۆ ئەوەش زانیاری پێویست لەبەردەستدا بێت، شێوازێکی دیاریکراو بۆ تێگەیشتن لە منداڵ و پیاوێکی ناژیارییو پیاوێکی شێت هەیە.

گەردوونیی مرۆڤ..

بەم شێوەیە دەتوانین بڵێین: گەردوونیی لە مرۆڤدا هەیە، بەلام گەردوونییەک نا کە پێمان بەخشرابێت، بەڵکو بە شێوەیەکی بەردەوام لەلایەن خۆمانەوە بونیاد دەنرێت. من بە هەڵبژاردنی خودی خۆم، هەرچییەکی گەردوونییە چێی دەکەم (لە خۆمی دەگرم)، بە پێی تێگەیشتنم لە پرۆژەی هەموو مرۆڤێکی دیکە، لەهەر سەردەمێکدا بێت، بونیادی دەکەم. ئێمە لێرەدا لە بەردەم هەڵبژاردنی ڕەهاداین، کە ڕێژەیی هەر سەردەمێک لە سەردەمەکان ناسڕێتەوە. ئەوەی بوونگەراییش دەیەوێت بیخاتەڕوو، بریتییە لەو پەیوەندییەی

که له نێوان سیفەتی ڕەهای پابەندبوونی ئازاد-دایە، کە بە هۆیەوە مرۆڤ خۆی دەهێنێتەدی، بە هێنانەدی نموونەیەک لە نموونە مرۆییەکان، ئەو پابەندییەش هەموو مرۆڤێک و لەهەر سەردەمێکدا بێت تێیدەگات. لەگەڵ ڕێژەیی کۆمەڵەی ڕۆشنبیریدا، کە دەکرێت لەو هەڵبژاردنەوە بەرهەم بێت، بۆ نموونە: ڕێژەیی لە قوتابخانەی دیکارتیزمدا هەیە و، ڕەهاییش لە پابەندبوونی دیکارتیدا.

بەم مانایە، ئەگەر بتانەوێت دەتوانین بڵێین؛ هەریەکێک لە ئێمە (بۆ نموونە) لە کاتی هەناسەداندا یان نانخواردنیدا، یاخود لە کاتی خەوتندا یان نواندنی هەر ڕەفتارێکیدا، بە شێوەیەک لە شێوەکان ڕەهاییەک بونیاد دەنێت. جیاوازی نییە لە نێوان ئەوەی مرۆڤ لەسەر شێوەیەکی ئازاد-دا بێت یان لە نێوان ئەوەی پڕۆژەی بوونێکە، یان بوونێکە کە بۆ چییەتی مرۆڤ هەڵبژێردراوە، یاخود بوونەوەرێکی ڕەها بێت. هەروەها جیاوازی نییە لە نێوان ئەوەی مرۆڤ بوونێکی ڕەها یان دیاریکراوی هەبێت، بە شێوەیەکی کاتی لە شوێنێکدا، واتە لە مێژوودا دیاریکراو بێت، یاخود لەنێو ئەوەی بابەتێکی گەردوونیی بێت بۆ تێگەیشتن.

هەڵبژاردن و خودگەرایی..

ئەوەی تا ئێستا وتمان، وەڵامێکی تەواوی ئەو ڕەخنەیە ناداتەوە کە بوونگەرایی بە ڕەوتێکی (مەیلێکی) خودگەرایی زیادەڕۆ تۆمەتبار دەکات. شێوەکانی ئەم ڕەخنەیە فرەن، یەکەمیان ئەوەیە کە دەڵێن: "دەتوانن چیتان دەوێت بیکەن"، ئەوان بە ڕێگەی جیاواز ئەم شێوەیە دەردەبڕن، یەکەم شت بە (ئاژاوە) تاوانبارمان دەکەن، هەروەها ئەوە ڕادەگەیەنن کە ئێمە ناتوانین بڕیار لەسەر کەسانی دیکە بدەین، لەبەرئەوە هیچ هۆیەک نییە کە بە پەسەندتر دابنرێت وبەسەر ئەوی دیکەدا بسەپێنرێت، پاشان لە کۆتاییدا پێمان دەڵێن: هەرچیەکی دەیبەخشن بە خۆڕاییە، بگرە پێدەچێت هەرچییەکی بە دەستێک دەیبەخشن، بە دەستەکەی دیکە وەریدەگرنەوە.

هەڵبژاردن و بارودۆخی مرۆڤ..

هەرچەندە ئەو ڕەخنانە بە جیدی نین. ئەو ڕەخنەیەی تاوانبارمان دەکات بە ئەوەی ئێمە ناتوانین هیچ شتێک هەڵبژێرین، ڕەخنەیەکی ڕاست نییە. هەڵبژاردن لە ڕوویەکی دیاریکراوەوە دەکرێت، بەڵام مەحاڵ لە نەکردنی هەڵبژاردندایە. من بەردەوام دەتوانم هەڵبژێرم، ئەگەرچی پێویستە ئەوەش بزانم کە هەڵنەبژاردنیشم لە خودی خۆیدا جۆرێکە لە هەڵبژاردن. ئەم خاڵە، سەرەڕای فۆرمە

ڕووکەشییەکەی، بۆ دانانی سنوورێک پێویستە لە بەرامبەری حەز و ئارەزوودا دابنرێت، ئەگەر وا پێویستیش بکات هەڵوێستێک هەڵبژێرم و بەرپرسیاریش بم لێی، لەبەرئەوەی منیش و کەسانی دیکەش لەگەڵمدا پێویستیان پێیەتی، ئەوا حەز و ئارەزوو هیچ پەیوەندییەکی بەو هەڵبژاردنەی منەوە نییە، تەنانەت ئەگەر هیچ پەیوەندییەک لە نێوان ئەو هەڵبژاردنە و هەر دابونەریتێکی پێشینەییدا نەبێت. بۆ نموونە؛ بوونی من لە حاڵەتێکی دیاریکراودایە، لەبەرئەوەی من لە ڕەگەزێکی دیاریکراوم و دەتوانم لەگەڵ ژنێکدا یەکبگرم و منداڵم لێی ببێت، هەموو ئەمانەشن کە بۆ هەڵبژاردن بانگهێشتم دەکەن.

هەڵبژاردن و کردەی خۆڕایی لای (جید)..

ڕەنگە وابزانرێت کە ئێمە لێرەدا گەیشتینە تیۆری ئەندریە جید- **A. Gide** لە کردەی خۆڕاییدا[6]. بەڵام جیاوازی نێوان هەردوو تیۆرییەکە جیاوازییەکی زۆر گەورەیە. لەبەر ئەوەی ئەندریە جید چییەتی دۆخی مرۆیی **Situation di I'homme** نازانێت، بەڵکو بە پێی خواستی خۆی کاردەکات، بەڵام ئێمە لەو بڕوایەداین؛ مرۆڤ ڕۆچۆتە نێو دۆخێکی ڕێکخراوەوە، کەواتە مرۆڤ لەگەڵ هەموو مرۆڤایەتیدا پابەندە و بە هیچ جۆرێک ناتوانێت لە هەڵبژاردن دوور

بکەویتەوە. بۆ نموونە: یان دەبێت مرۆڤ بە پاکی بمێنێتەوە، یان دەبێت ژن بهێنێت، ئەوکاتەش خێزانەکەی یان ئەوەتا چەندین منداڵی تێدایە، یاخود وەجاخ کوێرە، بەهەرحاڵ ئەو سەبارەت بەو کێشەیە لە پابەندبوون زیاتر، توانای چی دیکەی نییە. ڕەنگە مرۆڤ بەبێ ئەوەی هانا بۆ ئەو دابونەریتانە بەرێت کە پێشتر دانراوە، کردەی هەڵبژاردن بڕەخسێنێت، بەڵام ئەوەش ناگەیەنێت کە بە گوێرەی خواستی خۆی ڕەفتار دەنوێنێت، بەڵکو پێویستە لەسەرمان هەڵبژاردنی ئاکاریی بە بنیادنانی کاریگەرییەک لە کاریگەرییە زۆر و زەوەندەکان بچووێنین.

ئاکار و ئیستاتیکا..

لێرەدا، لەسەر ئاگادار کردنەوەی ئەو ڕادە دەوەستین کە؛ ئێمە لەبەردەم (ئاکاری ئیستاتیکا- **Morale esth’etique** یان **Aesthetic moral**)دا نین، تەنانەت دوژمنە نیازبەدەکانمان بەوە تاوانبارمان دەکەن؛ وەلی ئەو نموونانەی کە هەڵم بژاردن تەنیا بۆ لێکچوواندنە. ئێستاش با پێکەوە بپرسین: ئایا هونەرمەندێک هەیە تابلۆیەکی کێشابێت و خەڵکی گلەییان لێکردبێت کە پێ بە پێی ئەو ڕێسایانەی نەکردبێت کە پێشتر دانراون؟ ئایا هیچ جارێک وتوویانە ئەو تابلۆیە چییە کە پێویستە دروست بکرێت؟ بەڵگەنەویستە، لە

تێڕوانینی ئێمەدا ئەو تابلۆ دیاریکراوە بوونی نییە کە ئامادەکرابێت بۆ دروستکردن، بەڵکو هونەرمەند دەست بە بنیادنانی تابلۆکەی دەکات و ئەو تابلۆیەی پێویستە دروستی بکات ئەوەیە کە بە ڕاستی دروستی دەکات. بەڵگەنەویستە، کە بەهای جوانی پێشینەیی هیچ تابلۆیەکیش هەروەها بوونی بۆ نییە، واتە دانرابێت پێش ئەوەی لەسەر دەستی هونەرمەندێک بە ئەنجام بگەیەنرێت، بەڵکو بەهایەک هەیە کە لە سەروو ئەوەوە دەبینرێت، لە یەکگرتووییو تۆکمەیی ناوەوەی تابلۆکە، لە لایەکەوە لەو پەیوەندییانەی لە ویستی ئافەریدەکردنی هونەرمەندایە و، لە لایەکی دیکەشەوە لە نێوان ئاکامی خولقاندنەکە هەستی پێدەکەین. لەبەرئەوە کەس ناتوانێت بڕیار لەسەر ئایندەی هونەری وێنەگرتن بدات، لەبەرئەوەی بۆ نموونە؛ بڕیار لەسەر هونەرەکە نادرێت، تەنها دوای خەملاندن و سازدانی نەبێت.

بەلام ئەوە چ پەیوەندییەکی بە ئاکارەوە هەیە؟ وەلامیش ئەوەیە: ئێمە لە بواری ئاکارییدا لە دۆخی داهێنەرێکی هاوشێوەدا دەبین. ئێمە هەرگیز باس لە خۆڕایی کاریگەری هونەریی ناکەین، بۆ نموونە؛ ئەگەر باسمان لە تابلۆیەکی بیکاسۆ- **Picasso** کرد، بە کردەیەکی خۆڕایی ناوزەدی ناکەین، بەڵکو باش دەرک بەوە دەکەین کە بیکاسۆ لە کاتی بە ئەنجامدانی کارە هونەرییەکەیدا، خودی خۆی بوونیاد

ناوە و سەرجەمی تابلۆکانیشی بە خودی ژیانی خۆیەوە تێکەڵکێش بووە.

ئاکاری بوونگەرایی..

ئەوەی دەربارەی داهێنانی هونەری وتمان، بەسەر ئاکاریشدا دەسەپێت، قەدەری هاوبەشی نێوان هونەرو ئاکار ئەوەیە؛ ئێمە لە هەردوو بارەکەدا لە بەردەم داهێنان و ئەفراندندا بین، تاوەکو لە ئاستی ئەو وزەیە دەربچێت، کە لە پێشینەییدا دیاریکراوە و ئەوەی پێویستە بکرێت. هەست دەکەم ئەوەشم بە شێوەیەکی ئەوتۆ خستەڕوو، کاتێک باسی ئەو خوێندکارەم بۆ کردن کە بۆ ڕاوێژپێکردن هاتە لام، ئەو لاوەی کە دەیتوانی ڕوو لە هەموو مەوداکانی ئاکار بکات، لە کانتیزم و مەسیحیەت و لەو شێوەیە، بەڵام لە کۆتاییدا ناچار بوو خۆی یاسای خۆی دابهێنێت. ئەگەر ئەو لاوە لەگەڵ دایکیدا بمایاتەوە و هەست و سۆزی بکردایەتە بنەڕەتێکی ئاکاریی، یاخود ئەگەر بچووایەتە ڕیزی تێکۆشەرانەوە و لەژێر کاریگەری خۆبەختکردندا دەبوو، ئەوا ئێمە پێی نالێین ئەو لاوە هەڵبژاردنێکی بێنرخی بە ئەنجام گەیاندووە.

مرۆڤ خۆی چاکە و جوامێری (ئاکاری جوانی) خۆی هەڵدەبژێرێت..

مـــرۆڤ خـــۆی بنیـــاد دەنێـــت و، ئـــەو لـــە ســـەرەتاوە پێکنەهاتووە، بەڵکو پێویستە لەسەری چاکە و جوامێری خۆی هەڵبژێرێت، چونکە فشاری بـارودۆخ ڕێگـەی هەڵـنەبژاردنی پێنـادات. ئێمـە پێناسـی مـرۆڤ ناکـەین، تـەنیا سـەبارەت بـە پابەندبوونێکەوە نەبێت، لەبەرئەوە شتێکی بێهوودەیە کـە بـە بێبەهایی و هەڵبژاردن تاوانبار بکرێین.

هەرچی شێوەی دووەمی ڕەخنەکەیان دەربارەی مـەیل و خواستی تاکگەراییمان، ئەوەیە کە پێمان دەڵێن: ئێوە نـاتوانن بڕیار بەســەر کەســانی دیکــەدا بــدەن. ئــەم وتــەیە ڕاســتە و هەڵەشە، ڕاسـتە بـەو مانایـەی کاتێـک مـرۆڤ پابەنـدبوون و پڕۆژەی خۆی بە شـێوەیەکی ڕوون و ڕاسـت هەڵـدەبژێرین، ناتوانێت پڕۆژەیەکی دیکە لە پڕۆژە بنەڕەتییەکـەی خـۆی بـە باشــتر دابنێــت، ئیــدی سروشــتی ئــەو پــڕۆژە بنەڕەتییــە هەرچۆنێک بێت، هەروەها وتەکـە ڕاسـتە، لەبەرئـەوەی ئێمـە بڕوامان بە پێشکەوتن نییە، پێشکەوتن لە دیـدی ئێمـەدا تـەنیا باشــتر بوونـــە، مرۆڤــیش لـــەژێر بـــارودۆخێکی گـــۆڕراودا ناگۆڕێـــت، هـــەروەها هەڵـــبژاردنی بـــۆ خـــۆی لـــە هـــەموو بارودۆخێکـدا، هــەر بــە هەڵــبژاردن دەمێنێتــەوە. مەســەلەی ئاکاریی، هەر لە ڕۆژگارەکانی جەنگی ناوخۆیی ئەمریکییـەوە نـــەگۆڕاوە، بـــۆ نموونـــە؛ ئەوکاتـــە دەتـــوانرا لایـــەنگرانی بـــە کۆیلەکردن یان نەیارەکانیان هەڵبژێردرێن، تا ئەم ڕۆژگارەی

ئەمڕۆ کە هێشتا دەتوانرێت حزبی مەسیحی یان دیموکراتی یاخود حزبی کۆمۆنیستی هەڵبژێردرێت.

هەڵبژاردنی خود بە لایەن ئەوانی دیکەوە..

دەشێت لە لایەکی دیکەوە، فەرمایشت بەسەر کەسانی دیکەدا بدرێت، لەبەرئەوەی وەک پێشتر وتمان؛ مرۆڤ بەرامبەر کەسانی دیکە هەڵدەبژێرێت، هەروەک چۆن بەرامبەر بە ئەوان خۆی هەڵدەبژێرێت، دەتوانین بڕیار بدەین، یەکەم: ئەگەر هەڵبژاردنەکە لەسەر ڕاست یان هەڵە بنیاد نرابێت، ئەمەش بڕیارێکی لۆژیکییە. هەروەها دەتوانین بێ سێ و دوو کردن بڕیار بدەین لە نیازخراپیی کەسێکدا ئەگەر؛ هەرکەسێک بە پێی ئارەزووەکانی جوولایەوە یان هەر (حەتمییەتێکی) هەر بوونایەتییەکی دیاریکراوی دۆزییەوە، ئەوە کەسێکی نیازخراپ بێت، ئەویش لەبەرئەوەی ئێمە بارودۆخی مرۆڤمان بەوە دیاری کرد، ئەوە هەڵبژاردنێکی ئازادە، بەبێ هیچ پاساو و هیچ هاریکارییەک.

نیازخراپیی..

ڕەنگە بەرهەڵستکارێک بڵێت: ناکرێت مرۆڤ بە نیازخراپیی خۆی هەڵبژێرێت؟ لە وەلامدا دەڵێین: پێویست نییە لە ڕووی ئاکارییەوە بڕیاری لەسەر بدەم، بەڵکو هێندەم بەسە کە

نیازخراپییەکەی لەوەدا دیاری بکەم کە هەڵەیە. ناتوانم لێرەدا بـڕیارێکی لۆژیکییانـە بـژار بکـەم، لەبەرئـەوەی نیـازخراپیی جۆرێکە لە درۆ و، ئازادی پابەنـدبوونی تـەواو دەسـڕێتەوە. ئەوەش دەڵێم لە هەمان ئاستدا کە؛ ڕاگەیانـدنم بـە هـەبوونی دابونەریتی پێشتری خۆم بریتییە لـە نیـازخراپیی، سـەرەڕای ئەوەی ناکۆکی هەیە لە نێوان ویستی خۆمـدا بەرامبـەر بـەو دابونەریت و نۆرمانە لە لایەکەوە و، وتنی ئەوەی کە پێش من کەوتووە لە لایەکی دیکەوە. ئەگەر یەکێکیش پێم بڵێت: ئەگـەر بمەوێت نیازخراپ بم، ئەوا چی دەبێت؟ ئەو دەمەش وەڵامـی دەدەمەوە و دەڵێم: پێویست ناکات نیازخراپ بیت. بگرە پێـی دەڵێم: کە ئەو نیاخراپە و هەڵوێستی یـەکگرتوویی نـاوەوەی خۆشی لـە وردبوونـەوەی ئـەو هەڵوێستەدایە کـە نیازپـاکی تێدایە.

ئازادی:

لە لایەکی دیکەوە، دەتوانم بە بـڕیارێکی ئاکارییـەوە قسە بکەم، وەک ئەوەی بۆ نموونە؛ بڵێم: ئازادی لە ڕێگەی هـەموو دۆخێکی بەرچاوەوە چ ئامانجێکی ئەوتۆی نییـە، لـەوە زیـاتر کە خۆی بخوازێت. خۆ ئەگـەر مـرۆڤ جارێـک دانی بـەوەدا هێنا کە ئەو خۆی نۆرم و دابونەریتی داناوە، ئـەوا لـە شـوێنە بەجێهێڵراوەکەیدا، واتە هەسـتکردنی بـە ئـەوەی جێهێڵـراوە،

توانای هیچ شتێکی نابێت، لەوە زیاتر کە دروشمی ئازادی بەرزبکاتەوە و، بیکاتە بنەڕەتێک بۆ ئەو دابونەریتانە. ئەمەش بە مانای ئەوە نایەت کە ئەو ئازادی لە بوارێکی ڕووتدا دەوێت، بەڵکو دوا مانای کردەوەی ئەو کەسانەی نیازێکی چاکیان (پاکیان) هەیە، بریتییە لە ویستنی ئازادی، لەو پێودانگەوەی کە ئازادییە.

هەرکەسێک کە دەچێتە نێو جفاتی کۆمۆنیستییەوە، یان شۆڕشگێڕییەوە، بێگومان ئامانجی بەرچاوی دەوێت، تەنانەت ئەگەر ئەو ئامانجانە بوونی ویستێکی ڕووت بەسەر ئازادیدا بسەپێنێت، چونکە ئازادی لە خۆیدا، لە بواری بەرچاویدا ویستراوە. ئێمە لە پێناو ئازادی خۆیدا داوای ئازادی دەکەین و، لە ڕێگەی هەموو دۆخێکی دیاریکراوەوە داوای ئازادی دەکەین، بگرە ئێمە لە داواکردنی ئازادیدا، تێبینی ئەوە دەکەین کە ئازادیمان تەواو بە ئازادی کەسانی دیکەوە بەستراوە، هەروەکو چۆن ئازادی کەسانی دیکەش بە ئازادی ئێمەوە بەستراوەتەوە.

ئازادی کەسانی دیکە..

ئازادی لەو ڕووەوە کە پێناسەیەکە بۆ مرۆڤ، بە ئازادی کەسانی دیکەوە نەبەستراوەتەوە، بەڵام پابەندبوون، خۆی لە خۆیدا ئەوەم بەسەردا دەسەپێنێت کە ئازادی خۆم و ئازادی

کەسانی دیکەش لە یەک کاتدا هەڵبژێرم، ئەمەش وام لێناکات کە ئازادی خۆم بەو ئامانجە دابنێم کە لەسەر بناغەی ئازادی ئەوانی دیکە دەستەبەر بێت. واتە بە بێئەوەی لەو ئامانجەدا ئازادی کەسانی دیکەش تێکەڵی ئازادییەکەی خۆم نەکەم.

دڵسۆزی..

لە ئامانجی ئەوەدا و، کاتێک ئێمە لەسەر ئاستی دڵسۆزییەکی تەواوەوە بڕیار دەدەین؛ مرۆڤ بوونەوەرێکە، بوونەکەی پێش چییەتییەکەی خۆی کەوتووە و، لە بارودۆخە جیاوازەکاندا توانای لەوە زیاتر نییە کە داخوازی ئازادی خۆی بێت، ئەوا ئێمە لە هەمان کاتدا بڕیار دەدەین؛ ئەو توانای لەوە بەدەرنییە کە ئازادی کەسانی دیکەی دەوێت، بەمجۆرە ئێمە بە ناوی ئەم ویستی ئازادییەوە (اراده الحریه)، کە لە ناواخنی خودی ئازادیدایە، دەتوانین کۆمەڵێک بڕیار پێکبهێنین و لەسەر ئەوانەی دەربکەین کە دەیانەوێت سروشتییەتی تەواوی بوونیان و سەرتاپای ئازادییەکەی بسڕنەوە.

ئەو کەسانەی سەرتاپای ئازادییەکەیان بە گیانێکی جیدی ساختەوە بسڕنەوە، یان ئەو هۆکارانە بهێننەوە کە بۆ هەر بوونایەتی دەگەڕێنەوە، ئێمە بە ترسنۆک لە قەڵەمیان دەدەین بەڵام ئەو کەسانەی هەوڵ دەدەن پێویستی بوونە لاوەکییەکەی خۆیان وەدەرخەن، ئەوانەی کەسانێکن کە

لەسەر زەوی بەدەرکـەوتوون و لەسـەر زەوی ژیـاون، ئـەوا بەو کەسانە دەڵێین ڕیسوا (ساختەچی)، هەردوو جۆرەکـەش لەسەر ئاسـتی دڵسۆزییەکی ڕەوا نـەبێت، بـڕیاریان لەسـەر نادرێت.

ئاکاری پوخت و ئاکاری بەرچاو..

بەم جۆرە بە ڕوونی دەبینین، ئەگەرچی ئاکـار نـاواخنێکی بگۆڕی هەیە، بەڵام شـێوەکەی لـە ڕوویـەکی دیـاریکراوەوە، شێوەیەکی گەردوونییە. (کانت) دەڵێت: ئازادی لە ویستیدا بۆ ئازادی کەسانی دیکە، بڕیار لەسەر خـۆی دەدات، لـە کاتێکدا ئـەو لـەو بڕوایەدایـە کـە ڕووکـاری وێنـەیی و ڕووکـاری گەردوونیی پێکـەوە دەتـوانن زانسـتێک بـۆ ئاکـار پێکبـهێنن. بەڵام ئێمە بە پێچەوانەی (کانـت)ەوە دەڵـێین: پرەنـسیبە زۆر داماڵـراوەکان (ئەبـستراکتەکان) لـە دیـاریکردنی کـاردا نوشووسـتی دێـنن. لێـرەدا جـارێکی دی دەگەڕێینـەوە بـۆ نموونەی ئەو لاوەی پێشتر باسمان کرد و دەڵێین: بە ناوی چ ڕێـسایەکی ئاکارییـەوە لـەو بڕوایـەدان ئـەو لاوە دەیتـوانی دایکی بەجێبهێڵێت، یاخود لەگەڵیدا بمێنێتەوە و دڵ و ویژدانی ئـارام بێـت؟ ناکرێـت لێـرەدا هـیچ بـڕیارێک دەربکرێـت، لەبەرئـەوەی مـاوەی بـڕیاردان بەرچاوییـە، پاشـان بابـەتی پێشبینی کردن نییە، چونکە ئافەریـدە و داهێنـان هـەردەم لـە

برەودایە و ئەوەی گرنگە ئەوەیە بزانین کە ئەو داهێنانە بە ناوی ئازادییەوە بە ئەنجام دەگەیەنرێت یان نا؟

دوو نموونە لە ئەدەبەوە وەرگیراون:

چیرۆکی "ئاشی سەر ڕووباری فلوس"..

با نموونەیەک بۆ ئەم دوو حاڵەتەی خوارەوە بهێنمەوە و دەبینین کە چۆن هەردووکیان کۆکن و ناکۆکیشن لە هەمان کاتدا: با یەکەمجار لە چیرۆکی "ئاشی سەر ڕووباری فلوس- **le Moulin Surla Floss**" بکۆڵینەوە، چی دەبینین؟ (ماگی تۆلیڤەر- **Maggy Tulliver**) کچێکە و بەهای خۆشەویستی بە شێوەیەکی هوشیارانە بەرجەستە دەکات، کە چۆن کەوتۆتە داوی خۆشەویستی (ئێستیفان)ەوە، کە ئەمیان لاوێکە و دەزگیرانی کچێکی دیکەی گەمژەیە. لەبری ئەوەی ماگی –بەبێ هوشیاری- بەختەوەری خودی خۆی لەهەر شتێکی دیکە بە باشتر بزانێت، دەبینین بە ناوی هاوکاری مرۆییەوە، خۆبەختکردن هەڵدەبژێرێت و واز لەو پیاوە دەهێنێت کە خۆشی دەوێت.

چیرۆکی "کڵێسای پارم"..

ئەگەر بڕیاردان لەم مەسەلەیەدا بۆ (سانسفرینا) بێت، کە ژنە پاڵەوانێکی (ستاندال- **Stendhal**)ە، لە کتێبەکەیدا (کڵێسای پارم- **la chartreusede parme**) ئەوا بەمجۆرە

بیرم دەکردەوە: "گومانی تێدانییە کە خۆشەویستییەکی ئاوەها مەزن، پێویستی بە خۆبەختکردنە، چونکە خۆشەویستی بەهای ڕاستەقینەیی مرۆڤ دەبەخشێت. کەواتە وا پێویست دەکات ئەو خۆشەویستییە توندوتۆڵە بە باشتر بزانرێت، لە بێمانایی خۆشەویستی هاوسەرێتی؛ کە ئێستیفان و ژنە گەمژەکەی پێکەو دەبەستێتەوە.

هەروەها پێویستە ماکی بەختەوەرییە تایبەتییەکەی خۆی هەڵبژێرێت و ئەو ژنە گەمژەیە بکاتە قوربانی. (ستاندال) لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا بۆمان دەردەخات کە (سانسفرنیا)ش ئامادەیە لە پێناوی خۆشەویستیدا خۆی بەخت بکات، ئەگەر ئەو ژیانە ئەوە دەخوازێت.

شیکردنەوەی هەردوو هەڵوێستە بەرامبەرەکە..

ئێمە لێرەدا، لەبەردەم دوو جۆر دڵسۆزی تەواو هاوتادایِن، بەڵام پێمان وایە کە هەردووکیان یەکسانن، لەبەرئەوەی ئازادی لە هەردوو حاڵەتەکەدا بە ئامانجێک دەستەبەر کراوە. دەتوانین هەردوو هەڵوێستەکە لە ڕووی دەرەنجامەکانەوە بە دوو هەڵوێستی تەواو لێکچوو وێنا بکەین: هەڵوێستی کچێک کە بە باوەڕەوە ئەوینەکەی خۆی دەکاتە قوربانی و، دەستهەڵگرتن لە پیاوەکە بە باشتر دەزانێت و، هەڵوێستی کچێکی دیکەش کە پێی باشترە گوێنەداتە ئەو پەیوەندییانەی

بوونەتــە ڕابــردووی ئــەو پیــاوەی خۆشــیدەوێت. ئــەم دوو هەڵوێستە لە ڕووکەشدا هەر لەو دوو حاڵەتە دەچن کە پێشتر وەسپمان کردن، بەڵام تەواو لە هەردوو حاڵـەتەکە جیـاوازن. هەڵوێستی سانسفرینا و هەڵوێستی ماگی تۆلیڤەر، پێ بە پێـی مـــەودای نێـــوان ئـــارەزووی شـــەهوانی ئاژەڵـــییانە و ئارەزوویەکی خەمساردانە لێکتر دوورن. بەم جۆرە دەبیـنین کە شێوەی دووەمی نـاڕەزایی دەربڕینەکـە لـە هـەمان کاتـدا ڕاستە و هەڵەشە، وە دەتوانرێت هەموو شتێک هەڵبژێردرێت، ئەگەر ئەو هەڵبژاردنە لەسـەر ئاسـتی پابەنـدبوونێکی ئـازاد-دانەدا بە ئەنجام گەیەنرابێت.

نۆرم و دابونەریتەکانی (بەهاکانی) بوونگەرایی..

بـەڵام شـێوەی سـێیەمی ئـەو ناڕەزاییـەی کـە ئاراسـتەی ڕەوتـــە (ئـــارەزووە) خودگەراییەکـــەمان دەکەنـــەوە، بـــەم جۆرەیە: ئەوەی بـە دەسـتێک دەیبەخـشین، بـە دەسـتەکەی دیکــە وەریدەگرینــەوە، واتــە دابونەریتــەکان جیــدی نــین، لەبەرئـەوەی خۆتـان هەڵـیدەبژێرن، بـەڵام ئێمـە لـە وەڵامـدا دەڵێین: جێگەی داخە شتەکان بەو شێوەیە بـن، بـەڵام ئەگـەر ئێمە خودای بـاوک-مـان خـستە لاوە، ئـەوا پێویـستە یـەکێک بوونی هەبێت کە ئەو دابونەریتانە دابهێنێت. کەواتە پێویـستە شــتەکان وەک خۆیــان وەربگــرین، ئەگــەر باســی داهێنــانی

دابونەریتەکانیشمان کردبێت، ئەوا مانای ئەوە دەبەخشێت؛ کە هیچ مانایەک بۆ ژیانی پێش خۆم نییە. ژیان، بەرلەوەی مرۆڤ تیایدا بژی، شتێکی ئەوتۆ نییە، تەنها مرۆڤ خۆیەتی کە مانایەک بە ژیان دەبەخشێت، لەبەرئەوەی بەها و نۆرم لەو مانایە زیاتر کە خۆی هەڵیدەبژێرێت، چی دیکە نییە. بەم جۆرە دەبینین: دەکرێت یەکگرتوویی مرۆیی ڕاستەقینە- **truth humanity** یان **Communot'e Humaine** ئافەریدە بکرێت.

ڕەوتی (مەیلی) مرۆییگەری
- هیومانیزم- **Humanism**..

گلەیی ئەوەم لێدەکەن، چونکە پرسم لەوە کردووە کە بوونگەرایی مەیلێکی مرۆییە و، دەڵێن: ئایا لە چیرۆکی (هێلنج- **Lanausee**)دا خۆت نەتنووسیوە کە ئەوانەی ڕەوتێکی (مەیلێکی) مرۆییان هەیە هەڵەن، ئەی گاڵتەی بە تەرزێکی دیاریکراو لە مرۆڤایەتی نەکردووە؟! ئیدی بۆچی ئێستا دەگەڕێیتەوە سەری؟

لە ڕاستیدا ئەو مەیلە دوو مانای هەیە، مەبەست لە مانای یەکەم؛ تیۆرییەکە، بەو پێیەی ئامانج و بەهایەکی بالا دەگەیەنێت. ئێمە بەم مانایە مەیلی مرۆیی –هیومانیزم لای (کۆکتۆ- **Cocteau**) دەبینین، بۆ نموونە کاتێک لە زمانی

یەکێک لە پاڵەوانەکانیەوە، کە لە سەرووی شاخەکانەوە و بە هەوادا دەفرێت، دەڵێت: بە ڕاستی مرۆڤ سەرسوڕهێنەرە! ماناکەی ئەوەیە؛ ئەگەرچی من بۆ خۆم ئەو فڕۆکانەم بنیاد نەناوە، بەڵام دەتوانم سوود لە فڕۆکە داهێنراوە تایبەتییەکانی دیکەش وەربگرم، هەروەها دەتوانم بەرامبەر بەوەش خۆم بە لێپرسراو بزانم، بەوپێیەی من مرۆڤم، ئەوکاتە لەگەڵ هەستکردنمدا بە لێپرسراوێتی، هەست بەوەش دەکەم من سەرپەرشتیارێکی ئەو کارە تایبەتییانەم، کە هەندێک کەس بە ئەنجامیان گەیاندووە. ئەوەی ئێستا وتمان، ئەوە دەسەپێنێت کە دەتوانین بەها بە مرۆڤێکی دیاریکراو ببەخشین، بە پشت بەستن بەو چاکە خوازییەی کەسانی دیکە بە ئەنجامیان گەیاندووە.

هیومانیزمی کلاسیکی..

بەڵام ئەم جۆرە لە هیومانیزم ماقووڵ و شیاو نییە، لەبەرئەوەی تەنها ئاژەڵ دەتوانێت بڕیارێکی تێکڕایی دەربارەی مرۆڤ بدات و ڕایبگەیەنێت کە مرۆڤ نایابە، هەر ئەمەیە کە ئاژەڵیش، وەک ئێمە بیزانین، بێ سێ و دوو لێکردن، دەیکات، بەڵام ئەو شتەی کە ناتوانین بڕوای پێبکەین، ئەوەیە: کە مرۆڤ بڕیار بەسەر مرۆڤدا بدات، هەرچی بوونگەراییە مرۆڤ لەم بڕیاردانە دەبەخشێت، بیریاری

بوونگەرا هەرگیز مرۆڤ وەک ئامانج وەرناگرێت، چونکە مرۆڤ لە دیدی بوونگەرادا پرۆژەی بوونیادنان و پێکهاتنی بەردەوامە. پێویستە بڕوا بە بوونی ئەو تەرزە مرۆڤایەتییە نەکەین، کە دەتوانین لەسەر ڕێگەی ئۆگست کۆنت- Auguste Comte **Auguste Comte** بیپەرستین، ئەم پەرستنەش خۆتەرخانکردنە بۆوەی مرۆڤایەتی بەسەر خودی خۆیدا داخراو بێت، واتە بەرەو فاشیزم بڕوات. لەبەرئەوە ئێمە هەرگیز بەم تەرزە هیومانیزمە ڕازی نابین.

هیومانیزمی بوونگەرایی..

ئەگەرچی تێگەیشتنێکی دیکە دەربارەی ئەو ڕەوتە/ خواستە هەیە، ئەویش لە بنەڕەتەکەیدا ئەو مانایە دەبەخشێت کە؛ مرۆڤ هەمیشە لە دەرەوەی خودی خۆیدایە و، هیچ مرۆڤێک لە خودی خۆیدا پەی پێنابات، تەنها ئەگەر خودی خۆی لە دەرەوەدا بزر کردبێت. مرۆڤ بە هەوڵدانی بۆ ئامانجە بالاکان[7]/ ترانسێندێنتاڵەکان دەتوانێت بوونی خۆی بهێنێتە دی، چونکە مرۆڤ بە سروشتی خۆی بوونەوەرێکی بالایە (خۆبەزل گرە- متعال) و خۆی تێدەپەڕێنێت، تەنیا و بەدەر لەو تێپەڕاندنە، چ شتێکی دیکە ناخاتە ژێر باس و خواسەوە، کەواتە مرۆڤ لە ناخی تێپەڕاندندایە یان خۆی نێوجەرگەی تێپەڕاندنە.

بلندگەرایی- ترانسیندینتال..

ئەو تاکە جیهانەی بوونی هەیە (لە بووندایە)، بریتییە لە جیهانی مرۆڤ، جیهانی خودگەرایی مرۆیی و ئەوەی پێی دەڵێین هیومانیزم؛ بریتییە لەو پەیوەندییەی بۆ مرۆڤ ڕەخساوە و کەوتۆتە نێو بالابوون- ترانسیندینتال و (نەک بەوپێیەی بلندگەرایی خودایییە، بەڵکو بەوپێیەی کە تەنها تێپەڕاندنە) لە نێوان خودگەراییدا دامەزراوە، بەوپێیەی مرۆڤ بەسەر خۆیدا دانەخراوە، بەڵکو ئەو بەردەوام لە جیهانێکی مرۆیی دیاریکراودا ئامادەگی خۆی هەیە.

ئێمە پێی دەڵێین؛ خواستی مرۆیی/ هیومانیزم، لەبەرئەوەی ئێمە بە مرۆڤ دەڵێین هیچ دانەرێک نییە لە خۆی زیاتر و، لە ڕەوگە و ئاوارەییدا تەنیا ئەو بڕیار لەسەر چارەنووسی خۆی دەدات و، هەرواش بانگهێشتی بۆ دەکەین، چونکە هەروەها بۆی ڕوون دەکەینەوە؛ ئەو بوونە مرۆییەکەی خۆی ناهێنێتەدی، ئەگەر بەرەو ئاراستەکەی خۆی بڕواتەوە، بەڵکو بە هەوڵدانی بۆ ئامانجێکی دەرەکی، کە خۆی لە خۆیدا ڕزگاربوونێکە بۆ خۆی و هێنانەدی بوونی خۆیەتی.

بوونگەرایی و بێباوەڕی..

ئـەوەی تـا ئێـستا وتمـان، ئـەوە ڕوون دەكاتــەوە؛ هــەر ڕەخنەیەكی/ نارەزاییەكی ئاڕاســتەمان دەكرێـت، لـە ڕاسـتیدا ڕەخنەنین/ نارەزایی هەق نین، چونكـە بوونگـەرایی تـەنها لـە هەوڵــدانێك زیــاتر بــۆ وەبــەرهێنانی هــەموو دەرەنجامــە شیاوەكان، لە هەڵوێستێكی بێباوەڕی یەكگرتوودا، چـی دیكـە نییە. بوونگەرایی نایـەوێت مـرۆڤ لـە لێشاوی بێهیواییـەكی تاریكــدا نقــوم بكــات، لەبەرئــەوەی هــەموو هەڵوێــستێكی بێباوەڕی، نابێتە هۆی بێهیوایی، هەروەكو مەسیحییەكان لـەو باوەڕەدان، بەڵكو خـودی بێهیواییەكـەیان شـتێك نییـە لـەوە زیــاتر كــە لــە (بنەڕەتــەوە/ پێــشینەوە- **Originellment**) دەیسەپێنێت. لە لایەكی دیكەوە بوونگەرایی بێباوەڕییەك نییە كە هەموو كۆششی خۆی لـە سـەلماندنی نـەبوونی خـودا-دا بخاتە كار، بەڵكو ڕایدەگەیەنێت؛ هیچ شتێك ناگۆڕێت، تەنانەت لەژێر سایەی بڕواپێكردنی ئایینیـشدا. ئـا ئەمەیـە بۆچـوونی ئێمە، كێشەكەش، بوون یان نەبوونی خودا نییـە، بەڵـكو پـێش هەموو شتێك؛ كێشەی مرۆڤە، كە پێویستە خـۆی بدۆزێتـەوە و، بڕوا بەوە بكات كە شتێك نییە لـە خـودی خـۆی ڕزگـاری بكات، تەنانەت ئەگەر ئـەم شـتەش سـەلماندنێك بێـت كـە بـە بــوونی خــودا-وە پابەنــدبێت، یــان لەســەر بــوونی خــودا دامــەزرابێت. بــەم مانایــە بوونگــەرایی دەبێتــە فەلــسەفەی ڕوونبینی و كاركردن، لە نیازێكی خراپیشەوە نەبێت، هـەرگیز

ناکرێت بوونگەرایی بە بێهیوایی تۆمەتبار بکرێت، هەروەکو چۆن مەسیحییەکان تۆمەتبارمان دەکەن، کاتێک بێهیوایی خۆیان و بێهیوایی ئێمە تێکەڵ بە یەکدی دەکەن.

وتووێژێک لە نێوان سارتەر و یەکێک لە مارکسییەکان:

*ناڤیل: - **Naville** کێشەی سادەکردنەوەی بوونگەرایی..

نازانم ویستی ئێوە لە خستنەڕووی ڕێبازەکەتانداو تێگەیشتنی خەڵکی بۆی، شتێکە یاریدەی خەڵکی دەدات باش لە بوونگەرایی تێبگەن، یاخود بە پێچەوانەوە. بەڵام لەوە دڵنیام؛ ئەو ڕوونکردنەوەیەی لە گۆڤاری (کار-**Action**)دا بڵاوتان کردۆتەوە، خراپ تێگەیشتنی خەڵکی لە ئێوە زیاتر دەکات، چونکە ئەو دەستەواژانەی بە کارتان هێناوە، بۆ نموونە وەکو: بێهیوایی و ڕەوگە و ئاوارەیی، کاریگەرییەکی زۆر بەهێزیان لە نووسینە بوونگەراییەکەتاندا هەیە. پێم وایە؛ بێهیوایی یان نیگەرانی شتێکی بنەچەیی و بنەڕەتییە لای ئێوە و تەنها بڕیاردانی مرۆڤ نییە لەوەدا کە هەست بە تەنیایی خۆی دەکات و پێویستە بڕیار لەسەر شتێک بدات، بەڵکو ئەوە هوشیارییە بەرامبەر چارەنووسی مرۆڤ، وەلی هوشیارییەکە لە هەموو دەمێکدا فەراهەم نابێت. یاخود ئەوەی؛ مرۆڤ بە بەردەوامی هەڵبژێرەری خۆی بێت، ئەمەیە

كە ئێمە لەسەری تەباین، بەڵام ئەمەش ئەو مانایە نابەخشێت کە نیگەرانی و بێهیوایی بە شێوەیەکی بەردەوام لای مرۆڤ ڕوودەدات.

سارتەر.. بێگومان مەبەستم لەوە نییە، بۆ نموونە: کاتێک من یەکێک لە دوو جۆر شیرینی هەڵدەبژێرم، ئەوا ئەو کردەیە لە حاڵەتێکی نیگەرانیدا دەکەم، بەڵام نیگەرانی جێگیر و بە سرەوتە، بەوپێیەی هەڵبژاردنە سەرەتاییەکەم، بریتییە لە شتێکی سرەوت و جێگیر و نیگەرانی لە واقیعدا لە لەکیسچوونی گشتی/ هەمەکی بۆ پاساوهێنانەوە زیاتر، چی دیکە نییە و، لە هەمان کاتدا بەرپرسیارێتییە بەرامبەر هەمووان.

ناڤیل: من باسم لەو ڕوونکردنەوەیە کرد، کە لە گۆڤاری (کار)دا بڵاوتان کردۆتەوە، وا دەبینم (بیانوو/ بەڵگە)ی ڕاوبۆچوونەکەتان تا ڕادەیەک لاوازە.

سارتەر: دەکرێت بابەتەکانم لە گۆڤاری (کار)دا بە شیکردنەوەیەکی لاواز شرۆڤە کرابنەوە، هۆکارەکەشی ئەوەیە؛ زۆربەی ئەو کەسانەی ئاستێکی باشی ڕۆشنبیرییان نییە، چەندین پرسیارم لێدەکەن، ئەوکاتەش خۆم لە بەردەم دوو هەڵوێستدا دەبینمەوە؛ یان دەبێت وەڵام نەدەمەوە، یان دەبێت بەو وتووێژە ڕازی بم کە ئاستێکی ساکاری هەیە.

منیش چارەسەری دووەمیانم هەڵبژارد، چونکە ڕێگرێکی ئەوتۆ لە سادەکاریدا نابینمەوە.

سادەکاری و پابەندبوون

ئێمە لە لایەکی دیکەوە، مژدەی فەلسەفەیەک دەبەخشین، کە بنەماکانی پابەندبوونە (یان لەسەر پابەندبوون دامەزراوە)، لەبەرئەوە پێویستە لەسەرمان تاوەکو کۆتایی بە خۆمانەوە پابەندبین. ئەگەر بڵێین بوون پێش بنەڕەت/ چییەتی کەوتووە، ئەوا دەبێت بۆوەی دڵسۆز بین، لەودا بژین، چونکە فەلسەفەی بوونگەرایی شتێک نییە بە نووسین بسەپێنرێت، بەڵکو باوەڕێکە و پێویستە لە پێناویدا خۆبەخت بکەین، لەبەرئەوەش کە بوونگەرایی فەلسەفەی پابەندبوونە؛ ئەرکێکی سەرشانمانە کە بە وردی بیخەینە ڕووی ئەو کەسانەی لە بارەی سیاسەتەوە، یان لە بارەی (ئاکار/ مۆڕاڵ)ەوە وتووێژمان لەگەڵدا دەکەن.

فەلسەفە و سیاسەت

ئەگەر ئێوە بە هۆی قسەکانم لە باری هیومانیزمەوە گلەییم لێدەکەن، ئەوا دۆزەکە/ مەسەلەکە بەم جۆرە دەخرێتەڕوو: یان دەبێت باوەڕەکەمان تەنها لە ئاستێکی فەلسەفی پوختدا دابنێین، ئەوکاتەشی کاریگەرییەکەی دەکەوێتە ژێر بار و چۆنیەتی ڕێکەوتەوە، یان دەبێت بە

سادەکردنەوەی ڕازی بین، بێ ئەوەی ئەو سادەکارییە فەلسەفەکە بشێوێنێت، چونکە بوونگەرایی دەیەوێت ببێتە فەلسەفەی پابەندبوون، لە لایەکی دیکەشەوە، لەبەرئەوەی خەڵکی لە ئاستی فەلسەفەی پوختەوە تەماشای بوونگەرایی ناکەن.

ناڤیل: ئەوانەی دەیانەوێت لێتان تێبگەن، تێدەگەن، ئەوانەش کە نایانەوێت، لێتان تێبگەن، ئەوا لێتان تێناگەن.

سارتەر.. هەڵوێستی مارکس..

پێم وایە تۆ، ڕۆڵی فەلسەفە لە کۆمەڵگەدا بە شێوەیەک وێنادەکەیت کە ڕووداوەکان تێپەڕاندوون، لە کۆندا بیریاران تەنها لە لایەن بیریارانەوە هێرشیان دەکرایە سەر و، ئەو دەمەش مرۆڤی ئاسایی لە هیچ تێنەدەگەیشت و بایەخی بە هیچیش نەدەدا، بەڵام ئەمڕۆ ئەوان فەلسەفە بەرەو گۆڕەپانی گشتی ڕاپێچ دەکەن. بۆ وێنە: ئایا کارل مارکس هەردەم بیرۆکە فەلسەفییەکەی خۆی سادە نەدەکردەوە، هەروەک لە کتێبەکەیدا "بەیانی/ مانیفێستی کۆمۆنیست- **Manifeste Communiste** یان **"Manifesto of the communist** کردی؟

ناڤیل: بەڵام هەڵبژاردنەکەی مارکس، هەڵبژاردنێکی شۆڕشگێڕییە.

سارتەر: ئەی کێ دەتوانێت بڵێت: مارکس لە سەرەتادا خۆی وەک ڕۆڵەی شۆڕش هەڵنەبژاردووە و ئەوجا دوایی وەکو فەیلەسووفێک؟ یان ئەو بە پێچەوانەوە ڕەفتاری نواند؟ من لەو بڕوایەدام؛ مارکس لە یەک کاتدا فەیلەسوف و ڕۆڵەی شۆڕشە. لە لایەکی دیکەوە، مەبەستت چییە لەوەی کە مارکس خۆی وەک ڕۆڵەیەکی شۆڕش هەڵبژاردووە؟

ناڤیل: فەلسەفەی مارکسیزم و سیاسەتی مارکسیزم..

بە بڕوای من (مانیفێستی کۆمۆنیست) سادەکردنەوەی فەلسەفەی مارکس نییە، ئەوەندەی کە چەکێکە بۆ تێکۆشان، لەبەرئەوە هەرگیز گومانم نییە، کە ئەوە کردەیەکی پابەندبوونە، کاتێک مارکس گەیشتە ئەو دەرەنجامەی کە شۆڕش ناچارییەکی پێویستە، (مانیفێستی کۆمۆنیست) بووە نۆبەرەی کارەکانی، کە ئەوەش کارێکی سیاسییە. (بەیان/ مانیفێست) ئەو پەیوەستییەیە کە فەلسەفەکەی بە کۆمۆنیزمەوە دەگەیەنێت. بەڵام ئێوە ئەو ئاکارەی باسی لێوەدەکەن، هەرچۆنێک بێت، ئێمە هەست بەوە ناکەین کە لە نێوان ئەو ئاکارە و فەلسەفەکەتاندا پەیوەستییەک هەیە، کە توندوتۆڵتر بێت لەوەی کە هەیە، لە نێوان (مانیفێستی کۆمۆنیستی) و لە نێوان فەلسەفەی مارکسدا بەدی دەکەین.

سارتەر.. مانای پابەندبوونی بوونگەرایی..

ئێمە بانگهێشتی ئاکاری ئازادی دەکەین، ئەگەر هیچ ناکۆکییەکیش لە نێوان ئەو ئاکارە و فەلسەفەکەماندا نەبێت، ئیدی چ شتێکی دیکەمان لێ داواناکرێت! جۆرەکانی پابەندبوون جیاوازن، بێگومان بە گوێرەی سەردەمەکان. نووسینی (مانیفێستی کۆمۆنیست) لە سەردەمێکدا پێویست بوو، کە تیایدا پابەندبوون بریتی بوو لە کارکردن لە پێناوی شۆڕشدا، بەڵام لە سەردەمێکدا، کە تیایدا حزبە جیاجیاکان ڕایدەگەیەنن: ئەوە سەردەمی شۆڕشە، پابەندبوونیش نابێتە هەڵبژاردنێک بۆ هیچ کام لەم حزبانە، بەڵکو هەوڵێکە بۆ ڕوونکردنەوەی بیروبۆچوونەکان، لە پێناو دیاریکردنی هەڵوێستدا و لە پێناو هەوڵی کارتێکردنە سەر حزبە شۆڕشگێڕە جیاجیاکان.

ناڤیل..

ئەو پرسیارەی دەکرێت ئێستا بیخەینەڕوو، بە پشتبەستن بەو خاڵانەی ڕوونتان کردەوە، ئەوەیە: پێتان وا نییە باوەڕی ئێوە لە قۆناغی داهاتوودا، بۆ ژیاندنەوەی سۆشیالیستی ڕادیکاڵی خۆی دەخاتەڕوو؟ پێدەچێت ئەم پرسیارە سەیربێت، بەڵام پێویستە بەم شێوەیە ئاڕاستە بکرێت.

بوونگەرایی و سۆشیالیزمی ڕادیکاڵی..

ئەگــەر لــە چــەقی بەیەکگەیــشتنی ئــەو خاڵــە جیاوازانــە بتۆژینــەوە، کــە خۆتــان خــستۆتە نــاوی، واتــە بــۆ ڕووە جیاوازەکـانی بوونگـەرایی، پـێم وایـە؛ ئێمـە لـە ژیاندنـەوەی ڕەوتی ئازادیخوازیـــدا (لیبرالیـــزم- **libe’ralisme** یـــان **Leberalism**) بەدی دەکەین، چونکە فەلسەفەی ئێوە هەوڵی ژیاندنــەوەی ئــەو دۆخــە دەدات، کــە کرۆکــی سۆشــیالیزمی ڕادیکاڵــی لەســەرچێبوو، ئــەویش لــە چەنــد مــەرجێکی زۆر تایبەتدا، کە مەرجـە مێژووییـەکانی هەنووکەیـە و، مـۆرکێکی تایبەتی بە فەلسەفەکەتان دەبەخشێت. تەنگژەی کۆمەڵایـەتی جیهانی ڕێگە بە دووبارەبوونەوەی لیبرالیزمـی کـۆن نـادات، بەڵکو پێویستی بە لیبرالیزمێکی دیکەیە، کـە بـە ئەشـکەنجە و نیگەرانی ئارایشت کراوە.

بوونگەرایی و لیبرالیزمی نوێ-
..**New- Leberalism** یان **Neo- libe’ralisme**

پێم وایە هۆکاری قووڵ و فرەلایەن هەن، کە پاساو بۆ ئـەو بــڕیارە دەهێننــەوە، تەنانــەت ئەگــەر لەســەر دەربڕینــە تایبەتەکانیـشتان پوختــەی بکەینــەوە. لــەم شــیکردنەوەیەی ئێــستاشدا کــە خــستانەڕوو، ئــەوە ڕوون دەبێتــەوە کــە؛ فەلـسەفەی بوونگـەرایی، بەوپێیـەی فەلـسەفەیەکی مرۆییـە/ هیومانییە، خۆی دەخاتەڕوو، فەلسەفەی ئازادیشە، لەوە زیاتر

کە لە بنەڕەتدا تەنها پڕۆژەی پابەندبوونە- **Pre’engagement** و پڕۆژەیەکە دیاری ناکرێت، ئیدی چی دیکە نییە. ئێوە لەگەڵ زۆر کەسدا، ئابڕووی گشتی مرۆیی و ئابڕووی باڵای تایبەتی مرۆیی لە پێشەکیدا دادەنێن، ئەوانیش دوو بابەتن (**Two themes** یان **deux the’mes**) کە لە بابەتەکانی لیبرالیزمەوە نزیکن، پاشان ئێوە لە پێناو پاساوهێنانەوە بۆ ئەم دوو بابەتە، جیاوازی لە نێوان دوو تەرزە تێگەیشتن لە هیومانیزم و لە نێوان دوو جۆرە تێگەیشتن لە بارودۆخی مرۆڤ و لە نێوان دوو مانای زۆربەی دەستەواژەکان دەکەن، کە تۆژراونەتەوە و مێژوویەکی ئاماژەپێکراوە و دەلالەت لەوە دەکەن کە دووفاقی/ دوالیزمی ماناکەی، بە هۆی ڕێکەوتەوە نییە.

ئێستا واز لە هەموو ئەو کێشە تایبەتییانە دەهێنم، کە بە هونەری فەلسەفییەوە بەستراونەتەوە، ئەگەرچی چێژ و گرنگی خۆی هەیە و، بایەخ بەو وتانە دەدەم کە گوێم لێیان بوو، لەسەر خاڵێکی بنەڕەتی دەوەستمەوە، کە بە ڕوونی دەریدەخات؛ ئێوە هێشتا لە مانای کۆنی هیومانیزمدان، سەرەڕای جیاکارییەکەی پێشووتان.

سروشتی مرۆیی..

مـرۆڤ بـە لای ئێـوەوە، هەڵـبژاردنێکە پێویـستە هەمیـشە ئافەریدە بکرێت، ئەو، بەر لە هەموو شتێک بوونێکە لە ئێستادا لــە دەرەوەی هەربوونایــەتی/ ناچــاریی سروشــتیدا، پێناســە ناکرێت بە شێوەیەک بەر لە بوونی، بەڵکو بە گوێرەی بوونی هەنووکەییــەوە پێناســە دەکرێــت. لــە بۆچــوونی ئێــوەدا سروشــتێکی مرۆیـی بـاڵاتر لـە مـرۆڤ، بـوونی نییـە، بەڵـکو بوونێکی چۆنیەتی -نوعی- هەیە، کە لـە کـاتێکی دیـاریکراودا پێی دەبەخشرێت.

بەڵام وا دەپرسم: ئایا بوون بـەم مانایـە شـێوەیەکی نـوێ نییە بۆ چەمکی سروشتی مرۆیـی، کـە بـە ڕێگەیـەکی نـوێ و تەنها لەبەر هۆکاری مێژوویی گوزارشتی لێدەکرێت؟ چەمکی بوون لای ئێوە، هەروەک لە یەکەم ساتەوە بەدەردەکـەوێت، لـــە چـــەمکی سروشـــتی مرۆیـــی دەچێـــت، هـــەروەک فەیلەسوفەکانی سـەدەی هـەژدە دیارییـان کردبـوو و، ئێـوە دەتانــەوێت ئێــستا چەمکەکــەی ڕەت بکەنــەوە. ئێمــە ئــەو سروشتی مرۆییە لە دەربـڕینی دۆخـی مـرۆڤ (**Situation de I'homme** یان **Situation of human**) دا دەبینین، کـە فەلسەفە بوونگەراییەکەی ئێوە بەکاری دەهێنێت. تێگەیـشتنی ئێوە سەبارەت بە بارودۆخی مرۆڤ، تەواو لـە گـۆڕینی ئـەو سروشتەی هەیەتی (کـە ئێـوە ڕەتی دەکەنـەوە) زیـاتر چـی

دیکە نییە، هەروەها ئەو ئەزموونەی مرۆڤ تیایدا دەژی، ئێوە بە ئەزموونێکی هەرەمەکی یان زانستی دەیگۆڕنەوە.

چەمکی دۆخی مرۆڤ جێگەی چەمکی سروشتی مرۆیی دەگرێتەوە..

ئەگەر بەوپێیە بڕوانینە بارودۆخی مرۆڤ کە بارودۆخێکە، نەک بە چوارچێوە سروشتی و دیاریکردنە پۆزەتیڤەکەی دەناسرێتەوە، بەڵکو بە نەزانراوی/ نەناسراوییەکەی (مجهول- **unx**)، کە ئەویش نەزانراوی/ نەناسراوی کەسی مرۆییە، ئەوا ئێمە لە بەردەم شێوەیەکی نوێی سروشتی مرۆییداین کە بەوە دەناسرێت؛ پوختەی نموونەیەکی ڕووتە (ئەبستراکتە) لە مرۆڤ، هەروەها وەک شتێک دەردەکەوێت کە بە ئاسانی شرۆڤە ناکرێتەوە، بە هۆی بارودۆخی مێژوویی دیاریکراوەوە.

تەنگژەی بیرۆکەی گشتیر گەردوونیی..

سروشتی مرۆیی لەم ڕۆژگارەی ئێمەدا، لەنێو چوارچێوە کۆمەڵایەتییەکاندا دەناسرێتەوە، وەکو؛ شیبوونەوەی سستمە کۆمەڵایەتییەکان بە شێوەیەکی گشتی و چینە کۆمەڵایەتییەکان و بە ناکۆکییانەوە و ئەو تێکەڵبوونە زۆرەی لە نێوان میللەتاندا ڕوودەدات. لەبەرئەوە، بیرۆکەی سروشتی مرۆیی تاک شێوە و کورتکراوە، شایانی وێناکردن نییە، بە سیفەتە گشتی و شێوە گەردوونییەکەی، هەروەکو لە سەدەی

هەژدەدا وێنا دەکرا، کاتێک فەیلەسوفەکان بە پشتبەستن بە بیرۆکەی پێشکەوتنی بەردەوام-**Progre's continu** دەریاندەبڕی.

بەڵام ئەمڕۆ خەڵکانێک دەبینین بیردەکەنەوە یان بە ساویلکەیی باس لەم کێشەیە دەکەن و، سروشتی مرۆیی بە وشەیەکی دیکە دەردەبڕن، ئەویش (دۆخی مرۆڤە)، بە شێوەیەکی نادیار و ئاڵۆز و بە ڕەنگێکی دراماتیکی دەریدەبڕن، کە بارودۆخ بەسەریاندا دەیسەپێنێت. ئەو کەسانە، ئەگەر لە دەربڕینێکی گشتی دۆخی مرۆڤەوە نەگوازنەوە بۆ پشکنین و دیاریکردنی مەرجە کردەییەکانی ئەو بارودۆخە، ئەوا پارێزگاری لە نموونەیەک، لە پەیکەرێک/ سکێچێک دەکەن بۆ دەستەواژەیەکی ڕووت، ئەویش تەواو لە سروشتی مرۆیی دەچێت.

سروشتێکی بێهیوا..

بەمجۆرە دەبینین بوونگەرایی بەستراوەتەوە بە بیرۆکەیەکەوە سەبارەت بە سروشتی مرۆیی، نەک بەو خەسڵەتەی سروشتێکە شانازی بە خۆیەوە دەکات، بەڵکو وەک بارودۆخی مرۆڤێکی ترساو، دوودڵ، نیگەران، ئاوارە. کاتێکیش بوونگەرایی باس لە بارودۆخی مرۆڤ دەکات، ئەوا مەبەستی لە بارودۆخێکە، کە بە تەواوی و بە ڕاستی پابەند

نییــه بــەوەی پێــی دەڵــێن پــڕۆژەکان. ئــەویش لــە پــڕۆژەی بـــــارودۆخ- **Pre-conditio** زیــــاتر نییـــــە، هــــەروەها پابەنــدبوونیش بریتییــە لــە پــڕۆژەی پابەنــدبوون- **Pre-engagement**.

پێش چوونەپاڵ..

کەواتە شتێکی ڕێکەوت نییە، ئەو بارودۆخــە بــە خەســڵەتە مرۆییــە گــشتییەکەی بناســرێتەوە، لەگــەڵ ئەوەشــدا؛ کاتێــک ئەوان پێشتر باسیان لە سروشتی مرۆیی دەکرد، مەبەســتیان لە شتێکی زیاتر دیــاریکراوو لــە چــەمکی بــارودۆخی مرۆیــی بوو، ئەوەش لەبەرئەوەی سروشتی مرۆیی شتێکی جیــاوازە لــە بارودۆخەکــەی؛ مۆدیلێــک نییــە لــە مۆدێلــەکانی بــوونی مــرۆڤ، لەبەرئــەوە باشــتر وایــە بــاس لــە ڕەوتی/ مــەیلی سروشـــــــتگەری (نـــــــاتورالیزم- **Naturalisme** یـــــــان **Naturalism**) بکەین) لەبری ئەوەی باس لە ڕەوتی/ مــەیلی هیومانیزم بکەین. چونکە ناتورالیزم ڕاستییەکانی زیاتر لەخۆ گرتووە، وەک هیومانیزم، هەروەکو ئێوە لێی تێدەگەن.

سروشتی مرۆیی و مێژوو..

ئێمــە لێــرەدا لەبــەردەم واقیعێکــی دیــاریکراوداین و، هــەر بەوەندەشــەوە ناوەســتین، بەڵــکو پێویــستە وتووێژەکــەمان دەربارەی سروشــتی مرۆیــی فراوانتــر بکــەین، لەبەرئــەوەی ئەرکی ســەرشانمانە، ڕاوبۆچــوونی مێژوویــی بخەینــە ســەر.

لەبەرئــەوەی واقیعــی یەکــەم بریتییــە لــە واقیعــی سروشــتی، واقیعی مرۆییش ئەرکێکە لــە ئەرکــەکانی و چــی دیکــە زیــاتر نییە.

بوونگەرایی نکوڵی لە مێژوو دەکات..

پێویستە لە پێناو ئەوەدا، بڕوا بــە ڕاســتیی مێــژوو بکــەین، بەڵام هزرمەندی بوونگەرا، بە شێوەیەکی گشتی، نە لە ڕووی مرۆییەوە بۆ مێژوو، نە لە ڕووە سروشتییەکەیەوە بڕوا بــەم ڕاســتییە ناکــات. لەگــەڵ ئــەوەی بــە بــڕوای ئێمــە؛ مێــژوو تاکەکەسان دروستدەکات. ئەوان لە جیهانێکدا لەدایک نــابن و دەرناکەون، تەنها بە مەرجێکی بنەبڕی (بــوون)یــان دابنرێــت، بەڵکو مێژووە تایبەتەکەیان وادەکات لەو جیهانەدا دەربکەون، کە بە لای ئەوانــەوە وەک (گشت/ هەمــەک) وایــە لــە (بــەش/ ئەندەک)دا. ئەوە جیهانێکە، مەرجەکانی بوونی خۆیان دیاری دەکات، لەگەڵ ئەوەی خۆشیان لــە دیــاریکردنی مەرجــەکانی بوونی خۆیاندا تەواو بەشدارییان هەیە، هەروەک چۆن دایــک مەرجەکانی بوونی کۆرپەلەکەی دیــاری دەکــات و هــەروەها وەک چــۆن کۆرپەلــەش هــەر لەوکاتــەی کەوتۆتــە منداڵــدانی دایکییەوە، مەرجــەکانی بــوونی دایکــی دیــاری دەکــات. لــەم ڕووەوە مــافی ئــەوەمان هەیــە بــاس لــە بــارودۆخی مرۆیــی بکەین، بەوپێیەی ئەو بارودۆخە یەکەمین واقیعە، لەبــەر ئــەوە

پێویسته بڵێین؛ یەکەمین واقیع بارودۆخی مرۆیی نییـە، بەڵـکو بارودۆخی سروشتییە.

بارودۆخی مرۆیی بە شێوەیەکی گشتی، بوونی نییە..

من لێرەدا ئەو بۆچوونانە دەڵێمەوە کە لە گۆڕێدان و باو و ناسراون، بـەلام هـیچ شـتێک لەوانـە پووچـەڵ ناکاتـەوە، کـە پێـشتر دەربـارەی فەلـسەفەی بوونگـەرایی خراوەتـە ڕوو. ئەگەر نەبوونی سروشتی مرۆیی پوخت و نەبوونی چییـەتی سەربەخۆ لە بوونی مرۆڤ، یان، پێش بوونەکـەی کـەوتووە، شتێکی ڕوون و ئاشکرابوو، ئـەوا؛ بـە دڵـنیاییەوە بـارودۆخی مرۆیی گشتیش بوونی نییە، تەنانەت ئەگـەر بـە جۆرێـک لـەو بارودۆخە تێگەیشتبین، کە ئـەوە کۆمەڵـێک بارودۆخـە، واتـە سـەرجەمی بارودۆخێکی بەرچاو و دیارە، هۆکـاری ئـەوەش؛ لـــە بۆچـــوونی ئێـــوەدا ئـــەو بارودۆخانـــە پێکـــەوە نەبەستراونەتەوە.

بەهەرحاڵ، مارکسیزم لـەم بابەتـەدا بیرۆکەیـەکی جـودای هەیە، ئـەویش بیرۆکـەی (سروشـت لـە مرۆڤدا)و بیرۆکـەی (مـرۆڤ لـە سروشـتدا)یـە، هۆکارەکەشـی ئەوەیـە؛ مـرۆڤ هەمیشە لە ڕووی تاکگەراییەوە، پێناس ناکرێت.

مرۆڤی بابەتی..

ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت؛ مرۆڤ یاسای کارکردنی هەیە، هەروەکو هەموو بابەتێکی زانستی دیکە، ئەم یاسایانەش، بە هەموو هێزێکی ئەم وشەیەوە، سروشتی مرۆڤ پێکدەهێنن، ڕاستە ئەم سروشتە دەگۆڕێت، بەڵام لە دیدی "دیاردە ناسییەوە- **Phe'nome'nologie** یان **Phenomenology**" تەواو دوورە، واتە دوورە لەو دەرککردنە ئەزموونییەی مرۆڤ هەستی پێدەکات و تیایدا دەژیو ئەوەی هەستی هاوبەش پێمان دەبەخشێت، یان بە مانایەکی دیکە؛ ئەوەی فەیلەسوفەکان پێی دەڵێن: (هەستی هاوبەش- **Sens Commun** یان **Common Sense**)، بەم مانایە دەبینین؛ چەمکی سروشتی مرۆیی، هەروەک لای بیریارانی سەدەی هەژدەدا بینراوە، کە بێگومان زیاتر لە چەمکی مارکسەوە نزیکترە وەک لە ئەڵتەرناتیڤە بوونگەراییەکەی، واتە لەو بارودۆخە مرۆییەی کە گوزارشت لە دیدی دیاردەیی پوخت دەکات.

مرۆییخوازی و ئازادیخوازی

(هیومانیزم و لیبرالیزم)

لەم ڕۆژگارەی ئێمەدا، هەموو تەوژمە فەلسەفییەکان بە مرۆییخوازی ناوزەد دەکرێن، نەک تەنها بە دوو مانای لێکترجیا، بەڵکو گەلێک لەوە زیاتر. هەموو ئەو کەسانەی

مــــەیلی مرۆییخوازیـــان هەیـــە، تەنانـــەت هەنـــدێک لـــەو مارکسییانەش کـە لـە خۆیانـدا مـەیلی ئەقڵانیـەتی کلاسـیکی دەدۆزنـەوە، بـەڵام مرۆییخـوازی ئـەو کەسـانە لـەچاو ئـەو بیرۆکە ئازادانەی لە سەدەی ڕابردوودا لە ئارادا بوون و، لـەم تەنگژەیەی ئێستاشدا هەر لە ئارادان، لقـی لێبۆتـەوە، ئـەویش مرۆییخوازییەکە، کە تاموبۆی تێدا نییە.

ئەگـــەر مارکـــسییەکان لـــە توانایانـــدا بێـــت بانگهێـــشتی هیومانیزم بکەن، ئەوا ئایینە جیاوازەکانیش، لە مەسیحییەت و هیندۆسی و چەندین ئـایینی دیکـەش، هـەر ڕایدەگەیـەنن کـە ئەوان بەر لە هـەموو شـتێک، مـەیلی مرۆڤـایەتییان لـە ئـامێز ناوە، هەروەها بوونگەرایی و فەلسەفەکانی دیکـە و زۆربـەی ئەو تەوژمە سیاسییانەی لە ئارادان، هەر ئەوە ڕادەگەیەنن کە مرۆییخـــوازن. هـــەموو ئەوانـــە تـــەرزە هەوڵـــدانێکن، کـــە ئامانجەکـەی گەڕانەوەیـە بـۆ ئـەو فەلـسەفەیەی پابەنـدبوون ڕەتدەکاتـــەوە، ســـەرەڕای بانگهێـــشت کردنیـــان بـــۆی، ڕەتکردنەوەکەش تەنها لە لایەنی سیاسـی و کۆمەڵایەتییـەوە نییە، بەڵکو لایەنی فەلسەفیی پوختیش دەگرێتەوە.

مەسیحییەت و بوونگەرایی..

بەڵام ئەگەر مەسـیحییەت ڕایگەیانـد؛ ئـەو بـەر لـە هـەموو شتێک هیومانیزمە، لەبەرئەوەی پابەنـدبوون ڕەتدەکاتـەوە و،

لەبەرئـــەوەی ناتوانێــت پابەنــد بێــت و لـــە جـــەنگی هێـــزە پێشکەوتووخوازەکاندا بەشداری بکات، ئەوا لە دیـدی ئێمـەدا؛ مەسـیحییەت هەڵوێـستێکی کۆنەخوازانـە بەرامبـەر شـۆڕش وەردەگرێت. بـەڵام ئەگـەر ئـازادیخوازان و بانگهێـشتکارانی مارکسیزم قسە لەسەر تایبەتێتی کەسی مرۆیـی بکـەن، ئـەوا لەبەرئەوەیە؛ ئـەوان لـە بـەردەم پێویـستییەکانی بـارودۆخی هەنووکـەیی جیهانـدا پاشەکـشێی بـۆ دەکـەن. هـەروەها بوونگەراییـــەکانیش، بەوپێیـــەی ئـــەوان خـــاوەن مـــەیلێکی ئازادیخوازن- لیبراڵین، ئەگەر بە گشتی قـسە لەسـەر مـرۆڤ بکـەن، ئـــەوا لەبەرئـــەوەی توانـــای دەربـــڕینیان نییـــە لـــە هەڵوێـستێک، کـە لـە ئاکـامی کارەسـات و بارودۆخەکانـدا دەســەپێنرێت. ئــەو تاکــە هەڵوێــستە پێــشکەوتووخوازەی چاوپۆشـی لێدەکـەین، هەڵوێـستی مارکـسیزمە، ئـەوە تاکـە دیدێکـە، کـە بـە شـێوەیەکی ڕاسـت گرفتـەکانی سـەردەم دەخاتەڕوو.

مرۆڤ و ژینگە..

ئێمە لەو بڕوایەداین ئازادیی هەڵـبژاردنی نییـە، ئەگـەر بـە تەنگ ئەو هەڵبژاردنەوە هات، کە بە بێ ئـەو، کـردەو بایـەخی مرۆڤ، مانای خۆی لەدەست دەدات.

پاشان هەر ئەوەندە بەس نییە بووترێت؛ خەڵکی لە پێناو ئازادیدا تێدەکۆشن، بەبێ ئەوەی بە تەواوی ئازادی بناسن، ئەگەر ئێمەش مانای تەواوەتی بەو ناسینە ببەخشین، ئەوەی دەگەیاند کە؛ کەسانێک هەن پابەند دەبن و لە پێناو کێشەیەکدا تێدەکۆشن کە باڵی کێشاوە بە سەریاندا و، نەک تەنها لە خۆیانەوە تێدەکۆشن، بەڵکو هەروەها لەنێو چوارچێوەیەکدا کە ئەوان تێدەپەڕێنێت. ئەگەر مرۆڤیش لە پێناوی ئازادیدا تێبکۆشێت، بەبا ئەوەی ڕێگەی تێکۆشان و ئامانجەکەی بزانێت و بڕیاری بۆ بدات، مانای ئەوە دەبەخشێت؛ کردەوەکانی چەندین ئاکامی هەیە و لە تۆڕی ئەو هۆکارانەدا ڕیزبوون کە ئەو دەروازەکانیشی نازانێت، لەگەڵ ئەوەی دەورەی کارەکەیان داوە و، بەلای کەسانی دیکەوە ئەو ژینگە سروشتییەی کاری تێدا دەکەن، ماناکەی پێدەبەخشێت.

بەڵام هەڵبژاردن لە بۆچوونی ئێوەدا؛ لە پرۆژەی هەڵبژاردنی ئەو ئازادییە زیاتر نییە، کە لە ئازادی کەمتەرخەمی/ خەمساردی- **depr’e- indiffe’rece liberte** یان **Indiffrance liberty** دەچێت، وێناکردنیشتان بۆ بارودۆخی مرۆڤ و ئازادییەکەی بارمتەکراوە بە پێناسێکی دیاریکراوی شتەکان، کە هەموو ئەو شتانەی ماونەتەوە، لێی پەیدا دەبێت. ئێوە بە گەڕانەوەتان بۆ بوونی بوونەوەرە لێکدابڕاوەکان/ نابەردەوامەکان، تابلۆیەکی

جیهانی شتەکان بە جۆرێک دەکێشن، وەک ئەوەی ئەویش لێکدابڕاو/ نابەردەوام بێت. بەوەش هەموو مەیلێک/ ڕەوتێک بۆ هۆکارگەریی **tout causalisme** – یان **Causalism** پووچەڵ دەکرێتەوە و، لە پەیوەندییەکی سەیر و نامۆ زیاتر، چی دیکە نامێنێتەوە، ئەویش پەیوەندییەکی میکانیکی و لێکدابڕاوە و نائاشکرایە، کە شایانی گاڵتەجاڕییە و چی دیکە نییە.

لەبەرئەوە مرۆڤی بوونگەرا لەنێو جیهانێک لە ئامراز و بەربەستە بوودەڵەکاندا پێ هەڵدەنووتا، کە پێکەوە بەستراون و پشت بە یەکتر دەبەستن، ئەگەرچی لە دیدی بوونگەرادا؛ بە مۆرکێک دەستنیشان کراوە، کە دەیترسێنێت و هەموو فەیلەسوفە ئایدیالیزمییەکانیش- **ide’alistes** دەترسێنێت، کە ئەویش مۆرکێکی ڕووکەش و دەرەکییە، پوختە – **exte’riorite pure** یان **external pure**.

یەک جیهان/ جیهان (یەکە)..

گومانی تێدانییە کە هۆکارگەری لەو جۆرە میکانیکییەی کە هەر بوونایەتی/ ناچاری پووچەڵ دەکاتەوە، وێنای شتەکان بەوپێیە دەکات؛ کە تەنها ئامرازن. بەڵام ئەو جیهانە لە کوێوە دەستپێدەکات و لە کوێدا کۆتایی پێدێت؟ کە پێناسەکەشی لەگەڵ دەستەبەرەکانی/ پێدراوەکانی زانستی نوێدا گونجاوو

هاوئاهەنگ نییە! بە لایەن ئێمەوە جیهان نە سەرەتای هەیە و نە کۆتایی هەیە، لەبەرئەوەی؛ ئەو جیاکارییەی بیریاری بوونگەرا لە نێوان ئەو جیهانە و سروشتدا دەیسەپێنێت، یان بە مانایەکی دی، ئەو جیاکارییەی لە نێوان جیهان و دۆخی مرۆڤدا دەیسەپێنێت، جیاکارییەکی ڕاست نییە لە دیدی ئێمەدا، لە یەک جیهان زیاتر نییە، ئەو جیهانەی خەڵکی و شتەکان دەگرێتەوە و، دەکرێت بەوە نیشانە بکرێت کە لە هەندێک مەرجی گۆڕڕاودا، بابەتییە.

هەرچی ئەستێرە و گوڵ و تووڕەبوونە، ئەوا باسیان لێوە ناکەم، بەوپێیەی ئامرازن، بەڵام جەخت لەوە دەکەمەوە کە؛ ئازادی و مەیلە/ ڕەوتە ئایدیالیزمەکەی ئێوە هەردووکیان دەرەنجامی گاڵتەجاڕین بە شتەکان، شتەکانیش تەواو جیاوازن لەو وەسپەی ئێوە بۆی دەکەن. ڕاستە ئێوە دان بە بوونە سەربەخۆکەیدا (لە خودی خۆیدا) دەهێنن، بەڵام بوونێکی نێگەتیڤ و ناکۆکییەکی هەمیشەییە، چونکە بە ڕای ئێوە ناکرێت زانایەکی فیزیایی یان بایۆلۆژی ببێتە چاوگەیەک بۆ مەرجەکانی دیاریکردنی دۆخی مرۆڤ. لەبەرئەوە؛ جیهانی بابەتی بە لایەن ئێوەوە تەنها هەلێکە بۆ نوشووستی، ئەوەش لە باس و خواستانەوە دوورە، چونکە ئێوە لە بنەڕەتەکەیدا وەک ئەگەرێکی/ شیاوێکی هەمیشەیی دەیبینن،

ماناکەشــی ئەوەیــە؛ بــە پێچەوانــەی ئــەو جیهانەوەیــە کــە ماتریالیزمی مارکسیزم وێنای دەکات.

پابەندبوونی بوونگەرایی، پابەندبوونێکی هەرەمەکییە..

لەبــەر ئــەم هۆیانــە و چەنــدین هۆکــاری دیکــەش، نــاتوانن وێنای پابەنــدبوونی فەلــسەفی بکــەن، تــەنها وەک بــڕیارێکی هەڕەمەکی نەبێت، کە بە ئازادی ناوزەدی دەکەن.

ئێوە مێژووی مارکس دەشێوێنن، کاتێـک دەڵـێن: مــارکس پێناسی فەلسەفەکەی تەنها بە پابەندبوونی بە فەلسەفەکەیەوە لە بواری پراکتیکدا کـردووە. پابەنـدبوونی مـارکس، یـان بـە مانایـەکی دی، کاریگەرییـە کۆمەڵایـەتی و سیاسـییەکەی، بـە پێچەوانەی ئەمەوە بوو، دیاریکردنی بیرۆکەیەک بوو کە زۆر لەو بوارە فراوانتـرە. بـەڵام تیۆرییـەکانی، تـەنها لـە ڕێگـەی چەنـدین تاقیکردنــەوەوە نــەبێت، دیــاری ناکرێــت. بــە لایــەن منەوە ئاشکرایە؛ گەشەکردنی بـیری فەلـسەفی لای مـارکس، شان بــە شــانی گەشــەی سیاســیو کۆمەڵایــەتی، هۆشــیارانە هەنگاوی ناوە.

فەلسەفە و ڕامیاری..

ئەم شان بە شانییە تا ڕادەیەکی زۆر یـان کـەم، هــەروەها لای فەیلەسوفانی پێشووش ڕوون و ئاشکرایە. ئەگەر (کانت/ **Kant**) بەو فەیلەسوفە ڕێبازگەرییە ناوبەرین، کە لـە هــەموو

کارێکی سیاسی دوورکەوتۆتەوە، ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت کە فەلسەفەکەی هیچ ڕۆڵێکی سیاسی نەگێڕاوە، بەڵکو بە پێچەوانەوە، بەڵگەش بۆ ئەوە؛ (هاینێ- **Heine**) (کانت)ی بە ڕۆپسپێری ئەڵمانیا ناوزەد دەکرد. ئەگەر توانرا بڕوا بەوەش بهێنرێت کە گەشەی فەلسەفی لە سەردەمی (دیکارت)دا هیچ ڕۆڵێکی سیاسی نەدەگێڕا، بەڵام پێچەوانەی ئەمە ڕاستە، چونکە لەگەڵ دەستپێکردنی سەدەی نۆزدەدا ئەم وتەیە شتێکی نەشیاو و مەحاڵ بوو. بە شێوەیەک لە شێوەکانیش، گەڕانەوە لەم ڕۆژگارانەی ئێستامانەوە بۆ هەڵوێستی پێشووی مارکسیزم، لە گەڕانەوە بۆ سۆشیالیستی ڕادیکاڵی زیاتر چی دیکە نییە.

بوونگەرایی و شۆڕش..

بوونگەرایی، بە گوێرەی ئەو توانایەی لە ئافەریدەکردنی ویستە شۆرشگێڕییەکاندا هەیەتی، پێویستە بەر لە هەموو شتێک ڕێگەی ڕەخنەگرتن لە خود بگرێتە بەر، بەڵێ، ڕەنگە ئەمە شتێکی خۆشەویست نەبێت (بێزراو بێت) بە لایەن بوونگەرایانەوە، بەڵام ئەرکێکە بە سەریانەوە، چونکە ئیدی زۆر پێویستە بوونگەرایی بە تەنگژەیەکدا تێپەڕێت کەوا لە دەروونی ئەو کەسانەدایە؛ بوونگەرایی لەخۆ دەگرن و بەرگری لێدەکەن، تەنگژەیەکی دیالیکتیکی کە تا ڕادەیەک

پارێزگاری لەو هەڵوێستانە دەکات، کە هەندێکیان بێبەها نین.
ئەم هەوڵە ڕەخنەییە، پێدەچێت زۆر پێویست بێت، ئەگەر ڕوانیمانە دەرەنجامە کۆمەڵایەتییە کۆنەپەرستەکانی هەندێک لە بوونگەراکان پوختی دەکەنەوە. یەکێک لە بوونگەراکان، لە کۆتایی تۆژینەوەیەکی شیکاریی خۆیدا نووسیویەتی: "دیدی دیاردەیی" بە سوودە لە بواری کۆمەڵایەتی شۆڕشگێڕیدا، چونکە بە هۆی مەبەستگەری (هەست)ەوە – **intentionnalit’e** لەسەر چەشنە جیاوازەکانی، بۆرژوازە بچووکەکان فەلسەفەیەک دەکەنە چەکی دەستیان کەوا دەکات لە پێشەنگی بزوتنەوەی/ بزاوتی شۆڕشگێڕی جیهانیدا بن.

بوونگەرایی و ڕامیاری..

دەتوانم چەند نموونەیەکی دیکەشتان بۆ بهێنمەوە، کە نیشانی دەدەن؛ خەڵکانێک هەن بە کارەوە پابەندن و بە جۆرێک بە بیرۆکەی بوونگەراییەوە بەستراون، تا دەگەنە ئاستی داهێنانی تیۆرییە سیاسییەکان، ئەویش یان بە ئازادیخوازی/ لیبرالیزمی –نوێ-وە- **Neo-Libe’ralisme** یان **New Libralism** ڕەنگڕێژ کراوە، یاخود بە ڕەوتی/ خواستی سۆشیالیستی ڕادیکاڵییەوە. ئەمەش مەترسییەکی جەخت کراوە. ئەوەی بە پلەی یەکەم بەلامانەوە گرنگە؛

تۆژینەوە نییە لە یەکانگیری دیالیکتیکی نێوان ئەو بوارە جیاجیایانەی کە بوونگەرایی چارەسەریان دەکات، بەڵکو گرنگ ئەوەیە؛ ڕێڕەوی ئەو بیرۆکانە ببینین، کە چۆن (بە پشت بەستن بە تۆژینەوە، ئەوجا تیۆری، پاشان هەڵوێست کەوا دەزانن هەموویان بە باشی دیاریکراون) بە ئاراستەی فەلسەفەدا دەچێت یان دەبێتە هۆی فەلسەفە، بێگومان فەلسەفەی تێڕامانیی بێدەنگ نییە و باسکردن لەم جۆرەش لە کاتی ئێستادا بێهودەییە، بەڵکو شتێکە، کە لە فەلسەفەی هەوڵدان دەچێت.

ئەوەی ئێستا باسمان کرد، پێدەچێت لەگەڵ هەندێک پابەندبوونی تاکگەراییدا ناکۆکی نەبێت، بەڵام بە ڕاستی ناکۆکی لەگەڵ تۆژینەوەکەماندا هەیە، دەربارەی ئەو پابەندبوونەی بە بەهای سەرتاپاگیری- **Collective** یان **Coliective** وەسپ دەکرێت و لە سەرووی هەموو شتێکەوە بە بەهای (یاسادانان) ناوبوێر دەکرێت، واتە بە بەهایەکی میتۆدیی. بەڵێ، ئایا ئەرکی بوونگەرا نییە ڕێنمایی دیاریکراو بە ناوی ئەو ئازادییەوە ببەخشێت کە بانگەوازی بۆ دەکات؟ ئەگەر بوونگەرایی فەلسەفەیەک بێت و بەو ئاراستەیەدا ڕێبکات کە سارتەر بۆی دیاریکردووە، ئەوا پێویستە ڕێنمایی خەڵکی بکات و بڵێت: (بۆ وێنە لە ساڵی (١٩٤٥)دا، ئایا چوونە ڕیزی حزبی سۆشیالیستی یان حزبی کۆمۆنیستی یان هەر

حزبێکی دیکە، ئەرکێکی پێویستە! هەروەها پێویستە بڵێت: ئایا بوونگەرایی لە پاڵ حزبی کرێکارانە یان لە پاڵ حزبی بۆرژوازە بچووکەکاندایە!

سارتەر.. شتێکی ئاسان نییە بە شێوەیەکی تەواو وەڵامی هەموو ئەو شتانە بدەمەوە کە باستان لێوە کرد، بەڵام هەوڵ دەدەم وەڵامی هەندێک لەو خاڵانە بدەمەوە کە لەلای خۆم تۆمارم کردوون. یەکەم ئێوە هەڵوێستێکی دۆگمایی/ کوێرانە- **Dogmatique** یان **Dogmatic** وەردەگرن و دەڵێن؛ ئێمە بەرەو دواوە، بۆ هەڵوێستی پێش مارکسیزم دەگەڕێینەوە، لەو بەڵگەیەی پێویست بوو بیخەنە ڕوو، ئەویش ئەوەیە؛ ئێمە هەوڵنادەین هەڵوێستێک وەربگرین کە ئەو تێپەڕی کردووە/ تێپەڕاندووە، لێرەدا نامەوێت ئەم خاڵە باس بکەم، بەڵام لێتان دەپرسم: ئەم چەمکەتان، دەربارەی ڕاستی، لە کوێوە هێناوە؟

مارکسیزم ڕێبازگەرییەکی وشک..

ئێوە بیر لەوە دەکەنەوە کە چەندین شتی زۆر ڕاست هەن، لەبەرئەوەی ئێوە بە ناوی باوەڕێکی دیاریکراوەوە، چەندین پرۆسەی ڕەخنەیی جیاوازتان بە ئەنجام گەیاندووە، بەڵام ئەگەر خەڵک شت- **objects** بووایە، وەکو دەڵێن، ئەوا ئەم باوەڕە لە کوێوە سەرچاوەی گرتووە؟ پاشان دەڵێن؛ کاتێک

مرۆڤ مامەڵەکردنی مـرۆڤ ڕەتدەکاتـەوە، بەوپێیـەی ئـەوە شتێکە/ شـتە، ئـەو کـارە بـە نـاوی ئابـڕووی مرۆڤـایەتییەوە دەکـات. بـەلام ئـەوە هەڵـەیە، چونکـە هۆکارەکـەی، جـۆرە هۆیەکی لـۆژیکی و فەلـسەفییە، ئەگـەر تـۆ جیهـانی شـتەکان دابنێیت، ڕاستی بزر دەبێت، چونکە جیهانی شـتەکان بریتییـە لە جیهانی ئەگەرەکان/ شیاوەکان، لەبەرئەوە پێویستە لەگـەڵ ئێمەدا بڕوا بکەیت کە هەموو تیۆرییەک؛ زانستی بێـت یـاخود فەلسەفی، تیۆرییەکی ئەگەرییە/ شیاوییە، بەڵـگەش بـۆ ئـەوە؛ بابەتـە زانـستی و مێژووییـەکان بـەردەوام دەگـۆڕێن و لـە شێوەی گریمانەدا دەخرێنە بەرچاومان.

ڕەخنە لە فەلسەفەی مارکسیزم..

ئەگـەر گەیـشتینە ئـەو بڕوایـەی جیهـانی شـتەکان، واتـە جیهانی گریمانەکان تاکە جیهانێکە، ئەوا ئەو کاتە لـە جیهـانی شیاوەکان زیاتر، هیچی دیکەمان نابێت، وە ئەگەر لـە لایـەکی دیکەوە شیان/ گونجان لە خودی خۆیدا پشت بـە ژمارەیـەک ڕاستی دەستەبەرکراو ببەستێت، ئەوا باوەڕ لە کوێوە دێت؟

مـــەیلی/ ڕەوتی (خودگـــەرایی)مـــان، بوارمـــان پێـــدەدات ژمارەیەک لە ڕاستییە باوەڕپێکراوەکەمان دەستبکەوێت و، بە گەڕانەوەمان بۆیان دەتوانین بتانخەینە نێو جیهانی شـیانەوە و پاســاو بــۆ ئــەو ڕاســتییە بهێنینــەوە، کــە لــەم دواییــەدا خـستانەڕوو، کـە شـایانی تێگەیـشتن نییـە، بـە هـۆی ئـەو

هەڵوێستەی وەرتانگرتووە. بەڵام ئەگەر ئێوە دەرک بە ڕاستی ناکەن؛ ئایا ئەو کاتە دەتوانین وێنای تیۆری مارکس تەنها بەو تیۆرییە نەکەین کە دەردەکەوێت و پاشان ئاوا/ بزر دەبێت و دواتر دەگۆڕێت، بە جۆرێک جگە لە بەهای تیۆرییەک، هیچی دیکەی نەبێت؟ چۆن دەتوانرێت دیالیکتیکی مێژوویی بوونیاد بنێین، ئەگەر دەست نەکەین بە دانانی ژمارەیەکی دیاریکراو لە ڕێساکان؟ ئێمە لە کۆژیتۆی-**Cogito**- (دیکارت)دا بەدی دەکەین، کە بەردەوام لە بواری خودگەراییدا هەیە.

ماركسیزم و بوونگەرایی..

ئێمە هەرگیز باسمان لە بوونی مرۆڤ نەکردووە، کە بە لایەن مرۆڤەوە بابەتێک بێت، بەڵام لەو بڕوایەداین کە؛ پێویستە خودگەرایی مرۆیی هەبێت خۆی بخاتە ژێر باس بەو پێیەی کە خودە، تاوەکو دواتر بتوانێت بابەت بخاتە ژێر باس و خواسەوە بەوپێیەی کە بابەتێکە.

لە لایەکی دیکەوە، باس لە دۆخی مرۆڤ دەکەیت و پێی دەڵێیت: پڕۆژەی پۆزێتیڤیزم/ بارودۆخ، لە هەمان کاتدا باس لە دیاریکردنێک بۆ مرۆڤ دەکەیت، بەو پێیەی کە تەنها پڕۆژەی دیاریکردنە- **pre’de’termination**، ئەگەرچی ئاگاداری ئەوە نەبوویت کە ئێمە بڕوا بە زۆربەی شرۆڤە مارکسیزمییەکان دەکەین و، تۆ ناتوانیت ڕەخنەمان لێبگریت،

وەک چۆن ڕەخنە لە بیریارانی سەدەی هەژدەیەم دەگریت، کە ئەوان سەرجەمی مەسەلەکەیان نەزانیوە. هەرچی ئەوەی لە بارەی دیاریکردنەوە پێت ڕاگەیاندین، ئەوا لە مێژە دەیزانین و، گرفتی ڕاستەقینە بەلای ئێمەوە؛ لە گرفتی پێناسکردنی مەرجە گەردوونییەکان زیاتر بەدەر نییە.

بە بۆچوونی ئێمە، سروشتی مرۆیی بوونی نییە، بۆیە بە لامانەوە گرنگە لەنێو مێژوویەکی بەردەوام گۆڕڕاودا، پارێزگاری لە ژمارەیەکی باشی پرەنسیبە گەردوونییەکان بکەین، کە بوارمان پێدەدات هەر ڕووداوێکی مێژوویی لێک بدەینەوە، بێگومان ئەمەش تێگەیشتنێکی باشی سەردەمەکەت بەسەردا دەسەپێنێت، کە ئەو ڕووداوە مێژووییەی تیادا بە ئەنجام گەیەنراوە. بەمجۆرە ئێمە کۆکین لە وتنی ئەوەی سروشتی مرۆیی بوونی نییە، ئەمەش مانای ئەوە دەبەخشێت؛ هەموو سەردەمێک یاسای دیالیکتیکی خۆی هەیە، کە بە گوێرەی ئەو یاسایانە گەشە دەکات و، مرۆڤیش بەستراوەتەوە نەک بە سروشتی مرۆییەوە، بەڵکو بەو سەردەمەی کە تیایدا دەژی.

ناڤیل: هۆکارگەری لە مێژوودا..

کاتێک ئێوە هەوڵ دەدەن ڕووداوێکی مێژوویی ڕاڤە بکەن، کە لە سەردەمێکی دیاریکراودا ڕوویداوە، دەڵێن: "ئەمە و ئەوە.. لەبەرئەوەی ئێمە بۆ بارودۆخێکی دیاریکراو

دەگەڕێینەوە"، بەڵام ئێمەی مارکسی، بۆ لێکچووەکان یان بۆ ئەو جیاوازییانە دەگەڕێینەوە کە لە نێوان ژیانی کۆمەڵایەتی ئەو کاتەو ژیانی کۆمەڵایەتی ئێستادا هەیە. ئەگەر پەنامان بردە بەر شیکردنەوەی ئەو لێکچوونییە سەبارەت بە نموونەیەکی پوختەوە، ئەوا ئێمە ناگەینە هیچ شتێک. بۆ نموونە؛ گریمان، ئەگەر فەیلەسوفەکان پاش دوو هەزار ساڵی دیکە ویستیان ئەم سەردەمەی ئێستامان شی بکەنەوە و، بێجگە لەو بابەتە جیاوازانەی دەربارەی دۆخی مرۆڤ هەن، چی دیکەیان لەبەر دەستدا نییە، کەواتە ئەوان بۆ ئەنجامدانی شیکردنەوەیەکی پێویست، لە کاتی گەڕانەوەیاندا بۆ ڕابردوو چی دەکەن بەچی؟ ئەوان ناگەنە هیچ شتێک.

سارتەر: ئێمە هەرگیز بیرمان لەوە نەکردۆتەوە کە ئەرکی ئێمە نییە بارودۆخە مرۆییەکان، یان مەبەست و ئامانجە تاکە کەسییەکان شی بکەینەوە. ئەوەش کە پێی دەڵێیت: دۆخی مرۆڤ، بە تەواوی لە سەرتاپای مەرجە مادی و دەروونییە قوڵەکان زیاتر چی دیکە نییە، کە لە سەردەمێکی دیاریکراودا پێناسی هەر کۆمەڵێک دەکات.

ناڤیل: هۆکارگەری..

پێم وانییە پێناسینەکانتان لە دەقەکانتان بچن، لەگەڵ ئەوەشدا، لە وێناکردنی ئێوەدا بۆ دۆخی مرۆڤ، وا دەردەکەوێت کە لە توانادا نییە، لەگەڵ چەمکی مارکسیدا

بــەراورد بکرێــت، ئەگــەر لــە دەرەوەش بێــت، ئــەوەش لەبەرئەوەی ئێوە نکوڵی لە هەموو مـەیلێک/ ڕەوتێـک بـەرەو هۆکارگــەری دەکــەن. پێناســەکەتان پێناســەیەکی دەقــاودەق نییە، بەڵکو هەندێک جـار بـە لێهاتووییـەوە لـە خاڵـێکەوە بـۆ خاڵێکی دی دەخلیسکێت، بەبێ ئەوەی بە شـێوەیەکی ڕێـک و تەواو دیارییـان بکـات. بـەڵام سـەبارەت بـە ئێمـە بـارودۆخ/ پۆزێتیڤیزم بریتییە لە کۆمەڵـێکی دیـار و دەرکـەوتوو کـە بـە زنجیرەیــەک لــە دیــاریکردن و لــە شــێوەی هۆکارێکــدا دەردەکەوێت، هەروەها هۆکارگەری نموونە ئامارەییـەکانیش لەخۆدەگرێت.

سارتەر.. ڕەخنەی هۆکارگەریی مارکسیزم..

تۆ بـاس لـە هۆکارگـەری دەکـەیت، لـە جـۆری ئامـارەیی، ئەمەش لە بڕوای مندا هیچ شتێکی ئەوتۆ ناگەیەنێت. دەکرێـت بــە شــێوەیەکی ورد بــۆم دیــاری بکــەیت مەبەســتت لــە هۆکارگەری چییـە؟ باوەڕبکـە، مـن بـڕوا بـەو هۆکارگەرییـە مارکسییە دێنم، کە ڕۆژێک یەکێک لە مارکسیزمەکان بۆم شی دەکاتەوە. بەڵام ئێوە، کاتێک باسی ئازادیتان بۆ دەکەن، کاتی خۆتــان بــەو وتەیــە بــە فیــڕۆ دەدەن، کــە دەڵــێن: ببــورە هۆکارگەریتان لەبیرچوو، پاشان لـە لایـەکی دیکـەوە نـاتوانن ئەو هۆکارگەرییە شـاراوەیە شـیبکەنەوە، کـە هـیچ مانایـەکی

نییە، تەنها لای هیگڵ- **Hegel** نەبێت، کەواتە شتێکی ئاشکرایە کە وێناکردنی ئێوە دەربارەی هۆکارگەری، تەنها خەونێکی مارکسییە.

ناڤیل.. ڕاستیی زانستی..

دەمەوێت ئەوە بزانم؛ ئایا بڕوا بە بوونی ڕاستیی زانستی دەکەن؟ چونکە چەندین بوار هەن کە هیچ جۆرە ڕاستییەک لەخۆناگرن، بەڵام جیهانی شتەکان- هیوادارم بڕوا بەوەش بکەن- ئەو جیهانەیە کە زانستەکان بایەخی پێدەدەن و خاوەنی ڕاستیی بابەتییە. بەڵام بە لایەن ئێوەوە تەنها جیهان شیاوییە/ ئەگەرییە و ناگاتە ڕاستی، واتە؛ تەنها بڕوا بە بوونی ڕاستیی ڕێژەیی ناکات. کەواتە ئایا بە لایەنی کەمەوە بڕوا بەوە ناکەن کە ئەو زانستانە چەمکی هۆکارگەری بەکاردەهێنن؟

سارتەر: نەخێر، هەرگیز بڕوامان بەوە نییە، چونکە زانستە پوختەکان، ئەبستراکتەکان لە هۆکارگەری واقیعی ناتۆژنەوە، بەڵکو لە گۆڕانی توخمەکان دەتۆژنەوە، کە ئەویش هەر پوختە/ ئەبستراکتە. لێرەدا ئێمە لە بەردەم توخمە گەردوونییەکانداین، کە لەسەر ئاستێک هەن، دەتوانین تیایدا لە پەیوەندییەکانی نێوان ئەو توخمانە خۆیاندا بتۆژینەوە، بەڵام ئەوەی لە مارکسیزمدا ڕوودەدات؛ تۆژینەوەی یەک

کۆمەڵــەیە و تیایــدا بــە دوای هۆکارگەرییەکــدا دەگــەڕێت، هۆکارگەرییەک، کە هەرگیز وەک هۆکارگەریی زانستی نییە.

ناڤــیل: ئێــوە نموونەیــەکی شــیکراوەتان بــە درێــژی بــۆ هێنایینەوە، ئــەویش نموونــەی ئــەو لاوەیــە کــە بــە مەبەســتی ڕاوێژپێکردن هاتە لاتان.

سارتەر: ئایا ئەو لاوە لە ئاستێکی ئازادیدا نەبوو؟

ناڤیل: بەڵام پێویست بوو وەڵامی پرسیارەکەی بدەیتــەوە، ئەگەر من لە جێگەی تۆ دەبووم، هەوڵم دەدا بـزانم ئـەو لاوە دەتوانێت چی بکات؟ یان بۆ نموونە بـزانم تەمــەنی چەنــدە و باری مــادیی و پەیوەندییــەکانی لەگــەڵ دایکیــدا چۆنــە! بەڵــی ئەوکاتە بیروڕاکەم، بیروڕایەکی شیاو/ گونجاو دەبوو، بـەڵام هەوڵــم دەدا هەڵوێــستێکی ڕێــک دیــاری بکــەم، هەڵوێــستێک، ڕەنگە لە بواری کــاردا چــەوت دەربکــەوێت، بــەڵام بەوپــەڕی دڵنیاییەوە بانگەوازی ئەو لاوەم دەکرد پابەند بێت و کــارێکی ئەوتۆش بکات.

سارتەر: بەڵام ئەگەر ئــەو لاوە بــۆ ڕاوێژکــردن بهاتایەتــە لای تــۆ، ئــەوا ئــەو هــەر بــە ئەنجامــدانی ئــەو هــەنگاوە، وەڵامەکەی هەڵدەبژارد. دەمتوانی بە هەر شێوەیەک بێت بــە کردەوە پراکتیکییەوە ئامۆژگاری بکەم، بەڵام ئــەوەم نــەکرد، بەڵکو ویستم ئەو بۆ خۆی بڕیاربدات، چونکە ئــەو دەیویــست

ئازاد بێت، من دەمزانی ئەو لاوە چی دەکات، بە ڕاستیش، چۆن وێنام دەکرد، ئەو لاوە هەر بەو جۆرە ڕەفتاری نواند.

١٩٥٤/٣/١٦

سەرچاوە:

الوجودية فلسفة انسانية

تأليف/ جان بول سارتر

ترجمة/ حنا دميان

دار بيروت للطباعة والنشر/ ١٩٥٤

تێبینی:

وەرگێڕی عەرەبی (حەنا دومیان) ئەم بابەتەی لەژێر دوو ناونیشاندا وەرگێڕاوە، یەکەمیان (بوونگەرایی فەلسەفەی مرۆڤایەتییە)، دووەمیان (بوونگەرایی ڕێبازی مرۆڤایەتییە) بەڵام ناواخن هەریەک بابەتە، بە یەک شێوەی وەرگێڕان.

سەرنج:

بە پێی توانا هەوڵمداوە ئەو زاراوە/ چەمکە هزریو فەلسەفییانەی کە لە دەقە عەرەبییەکەدا تەنها بە فەڕەنسی بوون، کەم تا زۆر بەرامبەریان زاراوەکە بە زمانی ئینگلیزیش دابنێم، بۆ ئەوەش پشتم بە فەرهەنگی زمانەوانی و فەلسەفی بەستووە.

وەرگێڕی کوردی/ ڕۆشنا

ناواخن

سـەرەتا/ وەرگێـڕی کوردی.................................. ٧
پێشەکی/ وەرگێڕی عـەرەبی......................... ١٣
دەسـتپێک ٢٠
بوونگـەرایی چییە؟...................................... ٢٦
مەسـەلەی خوودگەرایی................................... ٦٧
وتووێژێک لە نێوان سارتەر و یەکێک لـە مارکـسییەکان... ٩٩

---

[1] هەروەها چەمکێکی دیکەش بۆ هیومانیزم هەیە کە تیایدا خـودا لـە ڕێنمـاییکردنی چارەنووسـی مرۆڤـایەتی و سەقامگیرکردنیدا بەشداری دەکات. (و.ع).

[2] کۆژیتۆ- Cogito، بە لاتینی مانای (مـن بیردەکەمـەوە) دەبەخشێت، هەروەک دیکـارت وتوویـە: (مـن بیردەکەمـەوە، کەوابێت من هەم)، کۆژیتۆش بە مانای ئـەم وتەیـەی دیکـارت دێت. (و.ع).

[3] البدعة/ بە مانای شتی تازە، دروسـتکراو، تـازە داهـاتوو، نوخشە، نۆبەرە، هەڵبەستراو دێت (و.ک).

[4] (ماهیة) کـە چـەمکێکی فەلـسەفییە، مانایـەکی فـراوان دەبەخشێت، ئێمە بەم دوو واتایە کردوومانەتـە کـوردی: ١- Essence: کرۆک، جەوهەر، بنەڕەت، ناخ. ٢-چییەتی (و.ک).

[5] وتنی ئەوەی ئێمە ناتوانین شەڕ هەڵبژێرین دەگەڕێتەوە بۆ تیۆری خودگەرایی لـە بـەهادا، کـە دان بـە بـوونی خێـر و شەڕدا ناهێنێت وەک بوونێکی واقیعی لـە دەرەوەی ئـاوەزی (ئەقڵی) مـرۆڤ، واتـە: نـە لـە (ئـاوەزی کۆمەڵگەدا) و نـە لـە (ئاوەزی خودا-دا)، بەڵام تیـۆری بابەتگـەری لـە بـەهادا، لـەو بڕوایەدایە کە ئێمە بڵێین: ئازادی ناتوانێـت شـەڕ هەڵـبژێرێت، ئەمە شێواندنی واتـای ئـازادی دەگەیـەنێت، چونکـە چـەمکی شەڕ بابەتییە (و.ع).

[6] مەبەسـت لـە کـردەی خـۆڕایی لای جیـد ئەوەیـە؛ کردەیەکی تەواو هەڕەمەکی بێت، واتە بێئەوەی پابەندی هـیچ مەرجێک بێت، یـان پێـشتر ئاراسـتەی ئامـانجێکی دیـاریکراو بکرێتەوە (و.ع).

[7] ترانسێندێنتاڵ- transcendance یان transcendental لای سارتەر، مانای تێپەڕاندنی خود بەرەو جیهانی دەرەوە بەرەو ئەوی دیکە دەبەخشێت، ئەوەش تەنها تێپەڕاندنە و چ کاریگەرییەکی شتێکی ئەوتۆی ئاسمانی تێدانییە (و.ع).